پایەکانی ئیسلام
4

# ڕۆژوو لە ئیسلامدا

باسێکی بەڵگەدارە

**لەبارەی ڕۆژو و سوودەکانیەوە.**

نووسینی
**حەسەن پێنجوێنی**

چاپی سێهەم
2004 -1425

## ڕۆژوو لە ئیسلامدا:

**1- باسی ئەحکامەکانی ڕۆژووت بۆ ئەکات لە واجب و سوننەت و مەکروھ وحەڵاڵ وحەرامەوە..**
**2- دەستت ئەگرێ سوودەکانی ڕۆژووت پیشان ئەدات.**
**3- لەگەڵ هەموو باسێکا بەڵگەت ئەداتێ..**
**4- ڕووداوە گرنگەکانی مانگی ڕەمەزانت پێ ئەناسێنێ.**
**5- بۆت ئەسەلمێنێ کە ڕەمەزان مانگی هەوڵ و تێکۆشانی بەرهەمدار بووە.**

## نـــــاوەڕۆك


| | |
|---|---|
| **پێشەكی** | 5 |
| **بەشی یەكەم: ڕۆژووی ڕەمەزان و پەیوەندییەكانی.** | 6 |
| **واتای وشەی  ڕۆژوو.** | 6 |
| **پەرستنەكان لەئیسلامدا یەك شێوە نین.** | 7 |
| **شوێنەواری ڕەمەزان.** | 7 |
| **هەڵبژاردنی مانگی قەمەری.** | 8 |
| **دڵنیا بوون لەسەرەتای مانگی ڕەمەزان.** | 8 |
| **بۆ بینینی مانگ چەند كەس پێویستە؟** | 9 |
| **ئیسلام  و هاندانی  خەڵكی بۆ هەرچاكەیەك.** | 9 |
| **خوێندنی قورئانی پیرۆز.** | 9 |
| **گەورەیی وخێری ڕۆژووی ڕەمەزان.** | 10 |
| **ڕۆژوو لەسەر كێ پێویستە؟** | 12 |
| **ڕوونكردنەوە.** | 13 |
| **تاوانی ڕۆژوو شكاندن بەبێ هۆ.** | 13 |
| **لە ڕۆژوودا دوو شت پێویستە.** | 13 |
| **ڕوونكردنەوەیەك.** | 14 |
| **سوننەتەكانی ڕۆژوو.** | 14 |
| **ئەو شتانەی لە ڕۆژوودا كەراهەتیان هەیە.** | 15 |
| **ئەو شتانەی ڕۆژوو دەشكێنن.** | 16 |
| **ئەوەی بۆ ڕۆژووگر دروستە.** | 17 |
| **ئەوشتانەی چاوپۆشیان لێكراوە.** | 18 |
| **ئەوانەی بۆیان هەیە بەڕۆژوونەبن.** | 19 |
| **ڕۆژووگرتنەوە لە بیاتی مردوو.** | 20 |
| **ڕۆژوو لەجەمسەری باكوور و باشووردا.**(القطب الشمالي والجنوبي) | 21 |
| **شەوی قەدر.** | 21 |
| **نوێژی تەراویح.** | 23 |
| **نوێژی جەژن.** | 23 |
| **سەرفیترە.** | 24 |
| **بەشی دووەم:  هەندێ لە حیكمەت و سوودەكانی ڕۆژوو.** | 25 |
| **پێشەكی** | 26 |
| **ڕۆژوو  گیان بەهێز ئەكات.** | 26 |
| **ڕۆژوو پارێزكاری دروست ئەكات.** | 27 |
| **ڕۆژوو خەڵاتە.** | 28 |
| **ڕەمەزان دەورەیە** | 28 |
| **ڕۆژوو سوپاسگوزاریمان فێر ئەكات** | 29 |
| **تا ئاگامان لە بێ نەوایان بێ.** | 29 |
| **ڕۆژوو فێری گۆڕایەڵیمان ئەكات** | 30 |
| **بەڕۆژووبن تا لەش ساغ بن.** | 30 |
| **موسوڵمانان و  ڕۆژوو.** | 33 |
| **بەشی سێیەم:** ڕۆژووی سوننەت و حەرام و مەكرووه | 34 |
| **پێشەكی.** | 34 |
| **مانگی موحەررەم** | 34 |
| **ڕۆژووی مانگی ڕەجەب** | 35 |
| **ڕۆژووی مانگی شەعبان** | 35 |
| **شەشەی شەشەڵان** | 36 |
| **نۆمینەی حاجیان**((نۆ ڕۆژ لەمانگی ذي الحجة) | 36 |
| **سێ ڕۆژ لە هەر مانگێكدا.** | 36 |
| **ڕۆژووی دووشەممە و پێنج شەممان** | 37 |
| **ڕۆژ نە ڕۆژێ** | 37 |
| **ئەو لاوەی توانای ژنهێنانی نییە.** | 37 |
| **ئەو كاتانەی ڕۆژوو گرتنیان گوناهە:** | 36 |
| **ڕۆژی جەژنەكان.** | 38 |
| **لەخوێنی حەیز وپاش مناڵدا.** | 38 |
| **مەترسی تیاچوون.** | 38 |
| **ڕۆژێ گومانی تیابێت .** | 38 |
| **ئەو ڕۆژووانەی مەكرووهن.** | 39 |
| **بەڕۆژووبوونی دوورۆژ لەسەر یەك.** | 39 |
| **ڕۆژووی دوانزە مانگە.** | 39 |
| **ڕۆژووی ئافرەت بێ ڕەزامەندی مێردەكەی:** | 39 |
| **ڕۆژووی جومعەو شەممە.** | 39 |

| | |
|---|---|
| ڕۆژووی نیوەی دوایینی مانگی شەعبان. | 40 |
| بەشی چوارەم: هەندێ لەرووداوەگرنکەکانی ئەم  مانگە. | 40 |
| پێشەکی. | 41 |
| هاتنە خوارەوەی وەحی. | 41 |
| مردنی ئەبوتالیب. | 41 |
| مردنی حەزرەتی خەدیجە. | 41 |
| ڕوودانی جەنگی بەدر. | 41 |
| پێویستبوونی سەرفیترە. | 41 |
| هەڕەشەی قوەڕەیشییەکان. | 41 |
| خەندەق. | 41 |
| رزگارکردنی مەککە. | 42 |
| لقە بت شکێنەکان. | 42 |
| موسوڵمان بوونی خەڵکی تایف | 42 |
| موسوڵمان بوونی پاشای حیمیەر. | 42 |
| موسوڵمان بوونی خەڵکی یەمەن. | 42 |
| مردنی حەزرەتی فاتیمە. | 42 |
| کوژرانی حەزرەتی عەلی. | 42 |
| مردنی حەزرەتی عائیشە. | 42 |
| رزگارکردنی دورگەی روودس. | 42 |
| رزگارکردنی ئەندەلوس | 42 |
| سەرکەوتنی تاریقی کوڕی زیاد | 43 |
| بانگێشەی عەبباسیەکان. | 43 |
| لەناوچوونی ئەمەوییەکان. | 43 |
| دروستکردنی جامیعول ئەزهەر لە میسردا. | 43 |
| قەڵای قایمی سەفەد. | 43 |
| عەین جالوت. | 43 |
| | |
| | |


## تێبینی

1-ژمارەی لاپەڕەکان بە دوو لاپەڕە یەك ژمارەمان بۆ داناوە، ئەویش لە بەر ئەوەی کە ئەگەر لاپەڕەکانمان لێك جیا بکردایەتەوە جێیی زۆر تری ئەگرت، و بۆ داونلۆد کردنی زەحمەتی زیاتری ئەبوو.

کاتێ کە نووسراوە: نوێژی تەراویح 23 , نوێژی جەژن 23، واتە لە لاپەرەی 46و 47 دان بەلاَم لەبەر ئەوەی دوولاپەرە یەك ژمارەی لێدراوە، هەردوو لە لاپەڕە 23 دان..

2- ژمارەی فەرموودەکان لە پەراوێزەوە ژمارەی سیدی ( موسوعة الحدیث للکتب التسعة)یە.

**پایەکانی ئیسلام**
4

# ڕۆژوو لە ئیسلامدا

باسێکی بەڵگەدارە

**لەبارەی ڕۆژو و سوودەکانیەوە.**

نووسینی
**حەسەن پێنجوێنی**

چاپی سێهەم
1425 -2004

**بسم الله الرحمن الرحيم**

" يَاأَيُّهَا الذينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكمُ الصِّيامُ - كمَا كتِبَ عَلَىَ الذينَ مِنْ قَبلِكمْ لعَلكمْ تَتقوُنَ- أيَّامًا مَعْدودَاتٍ، فمَنْ كانَ مِنكمْ مَريضًا أوْعَلَىَ سَفرٍ فعِددةٌ مِن أيام أخَرَ،وَعَلى الذينَ يُطِيقونَهُ فِديَةٌ طَعَامُ مِسْكينٍ، فَمَنْ تَطوَّعَ خَيرًا فهُوَ خيرٌ لهُ، وَأنْ تَصُومُوا خَيْرٌ لكمْ إنْ كنتُمْ تعْلمُونَ.

شَهْرُ رَمَضانَ الذِي أنْزِلَ فِيهِ القرْآنُ، هُدَىً لِلنَّاسِ وَبينَاتٍ مِنَ الهُدَى وَالفُرْقانِ، فمَنْ شَهدَ مِنْكمُ الشَّهرَ فليَصُمهُ، ومَنْ كانَ مَريضًا أوْعلىَ سَفر فعِدةٌ مِن أيام أخَر، يُريدُ اللهُ بِكمُ اليسْرَ وَلايريدُ بِكمُ العُسْرَ، وَلتُكمِلوُا العِدَّةَ وَلتُكبرُوا اللهَ عَلى مَا هَداكمْ، وَلعَلكمْ تشْكرُونَ "

سورة البقرة/183-185.

**نــاوی کتێب**: ڕۆژوو لە ئیسلامدا
**نـــووسینی**: حەسەن پێنجوێنی
**ژمارەی چاپ**: سێهەم
**چــاپخـانـە**: ڕۆژهەڵات.
**ساڵیچاپدان**: 1425 -2004
**بڵاوکردنەوەی**: ناوەندی ڕۆشنبیر.

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێشەکی:**

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله

**أما بعد**

**خوێنەری بەڕێز لەساڵی 1979 دا دەستم بە نووسینی ئەم باسەی بەردەستت کرد، ئەڵبەت نەك بەم شێوازەی ئێستای، ئەوکاتە باسی تەنیا سوودەکانی ڕۆژوو بوو، لەنیوەی دوایینی ساڵی 1984دا لەسەر داخوازی هەندێ خێرخواز چاوێکم پیا خشاندەوە، و دیتم پێویستی بەداڕشتنێکی سەر لەنوێ هەیە، چونکە ئەو موسوڵمانەی بەڕۆژوو دەبێت دەیەوێ مەرج و روکنەکانی بزانێت، و تەنیا باسکردنی سوودەکانی تینوویەتی ناشکێنێ، بۆیە وام بەباشزانی زۆربەی ئەوانەی پەیوەندیان بە ڕۆژووەوە هەبێ بەشێوەیەکی کورت و ئاسان بیان نووسم، تاخوێنەر بەتەواوی بەرچاو روون بێت، و سوودەکەی هەمەلایەنی بێت، لەبەرئەوە باسەکەم کردە ئەم چوار بەشەوە:**

**بەشی یەکەم ڕۆژووی ڕەمەزان و پەیوەندییەکانی..**

**بەشی دووەم سوود و قازانجەکانی ڕۆژوو.**

**بەشی سێهەم ڕۆژووی سوونەت و مەکرووە.**

**بەشی چوارەم ڕووداوە گرنگەکانی مانگی ڕەمەزان.**

**لەم باسەدا ڕێڕەوی ئیمامی شافیعیمان هەڵبژاردووە، چونکە بەشی زۆری موسوڵمانانی کورد شافیعی مەزەبن، و بۆ هەر باسێکیش بە پێی پێویست بەڵگەمان بە ئایەتی قورئان یا بە فەرموودەی پێغەممەر ﷺ هێناوەتەوە.**

**بۆیە لەناو پایەکانی ئیسلامدا ڕۆژوومان پێش خست، چونکە لەبارەی ڕۆژووەوە کتێب و نامیلکەی سەر بەخۆ نەبوو، بەڵام لەبارەی پایەکانی ترەوە نووسراو وبلاوکراوی سەربەخۆ هەبوو، هیوادارم فرسەتم هەبێت و بتوانم چاوێ بەو دوستنووسانەدا بخشێنمەوە کە لەبارەی نوێژ و زەکات وحەجەوە نووسیومن..**

**داوام لەخوێنەرانی بەڕێز ئەوەیە: ئەگەر هەڵەیەکیان بینی خۆیان راستی بکەنەوە، یا ئاگادارم بکەنەوە، چونکە بێ کەموکوڕی تەنیا بۆ خوا و کتێبەکەی خوایە.. و هیوادارم خوێنەری بەڕێز لەکاتی پاڕانەوەکانیا لە دوعای خێری بێ بەشمان نەکات، و داوای لێخۆشبوونمان لە پەروەردگاری مەزن بۆ بکات، چونکە بەپێی فەرموودەی ساغ ودروست دوعای موسوڵمان بۆ برای موسوڵمانی لە پاش ملە گیرایە..**

**لە کۆتاییدا هیوادارم خوا بیکاتە توێشووی پاشە ڕۆژمان، و سوودیش بە هاوزمانانم بگەیەنێ.. ئەویش باشترین پشتیوان و چاکترین کۆمەکە..**

إنه نعم المولي ونعم النصير.

**حەسەنی پێنجوێنی**

**پێرس/ئوستراليا** 2004.

# بەشی یەکەم

## ڕۆژووی ڕەمەزان و پەیوەندییەکانی

### 1- وشەی (الصوم) چ واتایەکی هیە؟

ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا بەواتای خۆگرتنەوە دێت، خۆگرتنەوە لە قسەکردن بێ، وەك ئەوەی قورئان لەدەم حەزرەتی مەریەمەوە بۆمان باس دەکات کە فەرمووی:(إِنِّي نَذرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَومًا فلنْ أكلمَ اليومَ إنْسِيا)[1].

واتە: ئەمڕۆ نەزرم بۆ خوا کردووە قسە لەگەڵ هیچ کەسێکا نەکەم.. هەروەك دەبینین، لێرەدا (صوم) بەواتای قسە نەکردن هاتووە.

یا بەواتای خۆگرتنەوە لەرۆیشتن و بزوان بێ: وەك ئەڵێن: (فرَسٌ صَائِمٌ)، ئەسپێکی مانگر و نەڕۆ، یا ( صَامَتِ الرَّيحُ)، هەوایەکە وەستاوە و نابزوێ.

یا بەواتای خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە بێ، کە ئەمەیان واتایەکی دیارو ئاشکرایە.

بەڵام لە زاراوەی شەرعدا: خۆگرتنەوەیە لە خواردن و خواردنەوە و خۆ ڕشاندنەوە و کرداری جینسی هەر لە بەرەبەیانەوە تا خۆر ئاوابوون، بە مەبەستی فەرمان بەجێهێنانی خوا..

پێش ئەوەی رۆژوو بە یەکڕابوونی گشت زانایان پێویست ببێت، بە دەقی ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەممەر ﷺ لەسەر موسوڵمانان پێویست کراوە.. ئەوەتە خوا دەفەرموێ:" يَاأَيُّهَا الذينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكمُ الصِّيامُ.."[2]

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! ڕۆژووتان لەسەر پێویست کراوە..

---

1- سورة مريم/26.
2- سورة البقرة/183.

وه پێغەمەریش ﷺ فەرمویەتی:" بُنِيَ الإسلامُ عَلَىَ خمْسٍ شَهادَةِ أنْ لا إلهَ إلا اللهُ، وَأنَّ مُحمدًا رَسُولُ اللهِ، وَإقامِ الصَّلاةِ، وَإيتاءِ الزَّكَاةِ، وَحَج البيْتِ، وَصَومِ رَمَضانَ"[3] .

واته: ئیسلام لەسەر پێنج پایە دامەزراوە: شایەتمان، و نوێژکردن، و زەکاتدان، و ڕۆژووگرتن، و حەجکردن.

ئەم پەرستن(عیبادەت)ە مەزنە لەمانگی شەعبانی ساڵی دووەمی کۆچیدا لەسەر موسڵمانان پێویست کرا..

## 2- پەرستنەکان لە ئیسلامدا یەك شێوە نین:

ئاینی ئیسلام داوای پەرستن لە موسوڵمانان ئەکات، و ئەم پەرستنەش وەنەبی یەك جۆربێ، وادەبێ پەرستنەکە بەقسەو گوفتار ئەنجام دەدرێت، وەك نزا و پاڕانەوە لەخوا، یا فێرکردنی نەزان، و ڕێنوێنیکردنی نەشارەزا، یا هاندانی خەڵکی بۆ چاکە و قێزەونکردنی خراپە لەلایان...و هتد.

وادەبێ پەرستن کردار و ڕەفتار ئەبێت، جا ئەم کردەوەیە بەلەش وجوستە ئەنجام بدرێ وەك نوێژ، یا بەماڵ و سامان وەك زەکاتدان، یا بەهەردوویان بێت وەك حەجکردن..

وادەبێ پەرستن بەخۆگرتنەوە لەخواردن وخواردنەوە و کرداری جینسی (جیماع) دەبێ، وەك ڕۆژوو، هەروەك باسمان کرد ڕۆژوو لەشەرعا خۆ گرتنەوەیە لەخواردن وخواردنەوە و خۆ ڕشانەوە، و کرداری جینسی هەر لە بەرەبەیان(فجر)ەوە تاخۆرئاوا بوون، بەمەبەستی فەرمان بەجێهێنانی خوا..

ڕۆژووگر بەویستی خۆی - بۆ فەرمان بەجێهێنانی خوا- واز لەو شتانە دێنێ کە ئارەزوویان دەکات، بەم پێیە ڕۆژوو دەبێتە کردەوەیەکی دەروونی و جگە لەخوا کەس ئاگای لێ نییە.

3- أخرجه البخاري في كتاب الإيمان/باب قول النبي ﷺ: بني الإسلام على خمس،ص:6 ، برقم: 7.

هەر لەبەر ئەوەشە سەنگ و کێشێکی گەورەی لەتای ترازووی کردەوەی چاکەی مرۆڤدا هەیە، و خوایش بەڵێنی داوە خۆی پاداشتی بداتەوە..(الصَّومُ لِي وَأنَا أجْزِي بهِ)[4]

وەنەبێ ئەم پەرستنە مەزنە تەنیا لەسەر ئۆمەتی موحەممەد ﷺ پێویست(واجب) کرابێ. نەئ، بەڵکو لەسەر نەتەوەکانی پێش ئیسلامیش پێویست کراوە، و لەگەڵ مێژووی ئادەمزادا و لەهەموو ئاینێکا ڕۆژوو هەبووە، هەرچەند شوێنکەوتوانی ئەو ئاینانە پاش پێغەمەرەکانیان دەستکاری شێوە و ژمارەی ڕۆژەکانیان کردبێت، ئەوەتە قورئان دەفەرموێ: " يَاأيُّهَا الذينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكمُ الصِّيَامُ - كمَا كتِبَ عَلَىَ الذينَ مِنْ قَبلِكمْ لعَلَكمْ تَتقوُنَ"[5]. واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! ڕۆژووتان لەسەر پێویست کراوە هەروەك لەسەر ئەوانەی پێش ئێوەش پێویست کراوە..

ئاینە پێشووەکان هەرچەند بەهۆی زانا و پێشەواکانیانەوە دەستکاری کراون، و لە گرێژەنە ترازاون، ڕۆژوویان تیا ماوەتەوە، خۆ ئەگەر سەیرێکی ئاینی جوو، و فەلە و پاشماوەکانی سیخ و زەردەشتی و بووزایی بکەین، دەبینین ڕۆژوویان تیا ماوەتەوە..[6]

## 3- شوێنەواری ڕەمەزان:

ڕەمەزان مانگێکە لەلایەن خواوە هەڵبژێرراوە، تا موسوڵمانان تیایا بەڕۆژووبن، ڕەمەزان ئەو مانگەیە کەیەکەم پۆلی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی تیا هاتە خوارێ، مانگێك خوا هەڵی بژاردبێ بۆناردنی چاکترین و پیرۆزترین بەرنامەو شەریعەتی خۆی، و مزنترین پەیامی خۆی، بۆ چاکترین ئۆمەت و دروستکراوی خۆی، شیاوی ئەوەیە ئەو پەرستنە مەزنەشی تیا

4- أخرجه البخاري في التوحيد/باب قوله تعالى: يريدون أن يبدلوا كلام الله، ص:1571، برقم: 6938.

5- سورة البقرة/183.

6- سەیرێکی لاپەڕە 171تا 177 ی کتێبی (الأرکان الأربعة) بکە.

پێویست بکات و بفەرموێ: " شَهرُ رَمضَانَ الذي أُنْزِلَ فِيهِ القرْآنُ، هُدىً لِلنَّاسِ وَبَينات مِنَ الهُدىَ وَالفُرقان، فمَنْ شَهدَ مِنكمُ الشَّهْرَ فَليَصُمْهُ ومَنْ كانَ مَرِيضًا أَوْعلىَ سَفر فعِدةٌ مِن أيام أخَر، يُريدُ اللهُ بِكمُ اليسْرَ وَلايريدُ بِكمُ العُسْرَ "[7] واتە: ڕەمەزان ئەومانگەیە کە قورئانی تیا دابەزیوە، ئەو قورئانەش ڕێنوێنییە بۆخەڵکی وچەندەها نیشانە وبەڵگەی روونی بۆ ڕێنوێنی ئادەمزاد وجیاکردنەوەی دروست لە نادروست تێدایە، و ئەوەی لە ئێوە لەومانگەدا هەیڤی بینی و لەجێی خۆیا بوو، با بەڕۆژوو بێت، ئەوەشتان کە نەخۆش بوو، یالەسەفەرا بوو، با لە ڕۆژانێکی ترا قەزای بکاتەوە.. چونکە خوا ئاسانیی بۆتان دەوێ، و زەحمەتی ناوێ بۆتان..

## 4- هەڵبژاردنی مانگی قەمەری:

مانگی هەیڤی (قەمەری) لە ناو ئێمەدا بە مانگی عەرەبی، و مانگی هەتاوی(شەمسی) ش بە مانگی ئینگلیزی ناودەبرێن، بەڵام ئەم ناولێنانە بۆ هەردوو جۆرە مانگەکە هەڵەیە، و لەجێی خۆیدا نییە.. بەهەر حاڵ ئەم ڕوونکردنەوەیەم بۆ چوونە ناو بابەتەکەوە باسکرد.. ئێستا بابزانین بۆچ مانگی قەمەری هەڵبژێرراوە؟

هەروەك ئاشکرایە هەموو ساڵێکی هەیڤی دەرۆژی لە ساڵی هەتاوی کەمترە، - خوا زانا ترە – پێدەچێ بۆ ئەوە هەڵبژێررابێ تا مرۆڤی موسوڵمان لەماوەی سیو شەش ساڵدا هەموو ڕۆژێکی دوانزە مانگەکەو چوار وەرزەکە بەڕۆژوو بێت، لەرۆژگاری کورت و درێژ، لەکاتی گەرما و سەرمادا موسوڵمانان لەرۆژوو گرتندا یەکسان و وەك یەك بن..

بێگومان ئەگەر مانگی هەتاوی بوایە بۆ ڕەمەزان لەجیاتی مانگی هەیڤی، ڕۆژووی دانیشتوانی ناوچە گەرمیانییەکان زۆر لە ڕۆژووی

7- سورة البقرة/ 185.

دانیشتوانی ناوچە کوێستانییەکانی جیهان گرانتر ئەبوو، هەروەها میوەو بەرو بووم وەرزێکی تایبەتی هەیە، و موسڵمان بەهۆی ڕۆژووەکەیەوە بەڕۆژد بۆ ماوەی مانگێك وازی لێ دێنێ، خۆ ئەگەر لەوەرزێکی نەگۆڕاودا بوایە، دەبوا بە درێژایی ژیانی و بەڕۆژا لەو میوانە بێبەش بوایە.

هەڵبژاردنی مانگی ڕەمەزان بۆ ڕۆژووگرتن، بێ ئەووەی مرۆڤ هیچ دەورێکی لە دیاریکردن و هەڵبژاردنیا هەبووبێ، ڕێنوێنییەکە بۆ موسوڵمانان فێری یەکیەتی و ڕێکخستن ببن، ئەوەتە هەموو موسوڵمانان پێکەوە لەم مانگەدا دەڕۆنە قوتابخانەی ڕەمەزانەوە.

## 5- دڵنیا بوون لەسەرەتای مانگی ڕەمەزان:

بۆ دڵنیابوون لەسەرەتای مانگی ڕەمەزان دوو ڕێگا هەیە: یەکەمیان ئەگەر ئاسمان سایەقە و هەساو بوو، بەشوێن مانگا دەگەڕێین، ئەگەر مانگ بینرا ئەکرێتە ڕەمەزان.

دووەمیان: ئەگەر مانگ بینرا یا ئاسمان هەور و تەم بوو، ئەوا سیی ڕۆژەی شەعبان تەواو ئەکرێت، و ئەوسا ئەکرێتە ڕەمەزان..چونکە قورئان ئەفەرموێ: " فَمَنْ شَهدَ مِنْكمُ الشَّهْرَ فَليَصُمْهُ "[8]واتە: ئەوەی لە ئێوە مانگی دی با بەڕۆژوو بێت.

پێغەممەریش ﷺ فەرموویەتی:" صُومُوا لِرُؤيَتِهِ، وافطِرُوا لِرُؤيَتِهِ فَإنْ غُبِّيَ عَلَيْكمْ فَأكمِلوُا عِدةَ شَعْبانَ ثلاينَ يَومًا"[9]واتە: بە بینینی مانگ – لەدواین شەوی شەعباندا- بەڕۆژووبن، و بەدیتنی - لە دواین شەوی ڕەمەزاندا– بیشکێنن.. ئەگەر لەسەرەتای ڕەمەزانەوە مانگتان بۆ نەدەبینرا بەهۆی تەم و هەورەوە، ئەوا سیی ڕۆژەی شەعبان تەواو بکەن.

8- سورة البقرة/185.

9- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب قول النبيﷺ: "إذا رأيتم الهلال فصوموا"، ص:377، برقم: 1776.

## 6- بۆ بینینی مانگ چەند کەس پێویستە؟

ئەگەر موسڵمانێکی پێگەیشتووی، عاقڵ کە بە درۆزن وخراپەکار ناوبانگی دەر نەکردبوو، وتی: لەشەوی کۆتایی مانگی شەعباندا مانگم دیوە، شایەتییەکەی لێ وەرئەگیرێ و بۆ سبەینێدا ئەکرێ بە رەمەزان، چونکە پێغەمەرﷺ ئەم یەك شایەتییەی وەرگرتووە، وەك ئەبوو داود بۆمان باس ئەکات و(حاکم) و (ئیبنو حیببان)بە دروست وساغیان داناوە" عن ابن عمر رضي الله عنهما قَالَ: تَرَاءَى النَّاسُ الهِلاَلَ، فأَخْبَرْتُ رَسُولَ الله ﷺ إنِّي رَأَيْتُهُ، فَصَامَ وَأَمَرَ الناسَ بِصِيامِهِ"[10] (ئیبنو عومەر)خوا لێیان رازی بێ فەرمووی: خەڵکی بەشوێن مانگی یەك شەوەدا ئەگەڕان، و منیش رۆیشتمە خزمەت پێغەمەرﷺ و هەواڵم دایێ کە مانگی یەك شەوەم دیوە، پێغەمەر ﷺ بڕوای پێکردم، خۆی رۆژووی گرت و فەرمانی دا خەڵکیش بەڕۆژووبن.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە شایەتی یەك کەس بۆ ئیسپات بوونی رەمەزان وەردەگیرێ، بەڵام بۆ کردن بەجەژن شایەتی یەك کەس وەرناگیرێ و دەبێ لە دوو کەس کەمتر نەبن.. ئەگەر نەبوو سیی رۆژەی رەمەزان تەواو ئەکرێت..

پێویستە بزانین: ئەوەی لەسەرەتای رەمەزانەوە مانگی دیت و شایەتی لێوەرنەگیرا، واجبە خۆی بەڕۆژووبێ، با بەشێوەیەکی رەسمیش نەکرێ بەرەمەزان، ئەوەش لەکۆتایی رەمەزانا مانگی یەکشەوەی شەشەلأنی دیت، و شایەتیەکەی لێوەرنەگیرا، حەرامە بەڕۆژوو بێت، ئەمە راو بۆ چوونی ئیمامی شافیعی و ئەبوو سەورە، بەڵگەشیان ئەو فەرموودەیەی پێغەمەرەﷺ کە فەرموویەتی: (بەدیتنی بەڕۆژووبن، و بەدیتنی بیشکێنن..) ئەوکەسەش مادام خۆی بینیویەتی دڵنیایی بۆ پەیدا بووە پێویست بە هاوبەشی ناکات.

---

10- أخرجه أبو داود، في كتاب الصوم/باب شهادة الواحد...، برقم: 1995. وصححه الحاكم.

## 7- ئیسلام و هاندانی خەڵکی بۆ هەرچاکەیەك:

ئاینی ئیسلام موسوڵمانان بۆ هەموو جۆرە هاریکاری و چاکەیەك هان دەدات، لەهەر مانگێکا بێت بەڵام لە رەمەزانا زیاتر وباشتر..

پێغەمەر ﷺ لەبارەی خێرکردن لەرەمەزاندا فەرموویەتی:" مَنْ فَطَّرَ صَائماً كانَ لَهُ مِثْلُ أجْرِهِ، غَيْرَ أنَّهُ لايَنْقصُ مِنْ أجْرِ الصَّائِمِ شَيْئًا"[11]

واتە: ئەوەی بەربانگ بداتە کەسێکی بە رۆژوو، پاداشتی رۆژووگرەگەی دەست ئەکەوێ بێ ئەوەی لەپاداشتی ئەو کەم ببێتەوە".

هەروەها پێغەمەر ﷺ لەهەموو کاتا بەخشندە بووە، بەڵام لە رەمەزانا بەخشندە تر، ئەوەتە ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێ بۆمان باس ئەکات کە (كانَ النَّبِيُّ ﷺ أجْوَدَ الناسِ بالخَيْرِ، وكانَ أجْوَدُ مَايكونُ فِي رَمَضَانَ) [12]

واتە: پێغەمەر ﷺ لە هەمووکاتا بەخشندە بووە، و لەرەمەزانا زیاتر..

هەروەها پێغەمەرﷺ فەرمویەتی: (إنَّ الصَّائِمَ تُصَلِّي عَلَيْهِ المَلائِكَةُ إذَا أكِلَ عِنْدَهُ حَتَى يَشْبَعُوا.)[13] واتە: بێکومان ئەو رۆژووگرەی بەزمانی بەڕۆژووەوە نان بەخەڵکی ئەدات، تا لەلای تێر ئەبن، فریشتەکان داوای لێخۆشبوونی بۆئەکەن، داوادەکەن: خوا رەحمەت وبەرکەت بەسەریا برژێنێ..

## 8-خوێندنی قورئانی پیرۆز:

لەهەموو کات و سەردەمێکا قورئان خوێندن خێر و پاداشتی زۆری هەیە، بەڵام لە رەمەزانا زۆر تر، ئەوەتە پێغەمەر ﷺ لە هەموو شەوێکی رەمەزانا قورئانی دەورکردۆتەوە تا حەزرەتی جوبرەئیل گوێی لێ بگرێ، ئەم حاڵەتەش لەرەمەزانا بەردەوام بووە. وەك ئیبنو عەبباس بۆمان باس ئەکات:(وَكَانَ- جِبْرِيلُ- يلقاهُ فِي كلِّ لَيْلَةٍ مِنْ رَمَضَانَ فيُدارِسُهُ القرآنَ )[14].

---

11- أخرجه الترمذي في كتاب الصوم/باب ماجاء في فضل من فطر صائما. برقم: 735.
12- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب أجود ماكان النبيﷺ ، ص 376، برقم: 1769.
13- أخرجه الترمذي في كتاب الصوم/باب ماجاء في فضل الصائم إذا أكل عنده، برقم: 716.
14- أخرجه البخاري في كتاب بدأ الوحي/باب (5)، ص: 3 ، برقم: 4613.

هەروەك باسمان كرد پێغەممەر ﷺ زۆر بایەخی بەقورئان داوە، و لەرەمەزانیشا ئەو بایەخەی زیاتر بووە، ئەوەتە: حوزەیفەی یەمانی خوا لێی رازی بێ، بۆمان ئەگێڕێتەوە كە شەوێك لە خزمەت پێغەممەردا ﷺ نوێژی كردووە، و "أنَّ النبيﷺ قَرَأَ البَقَرَةَ وَآلَ عِمْرَانَ والنساءَ فِي رَكعَةٍ، لايَمُرُّ بِآيَةِ رَحْمَةٍ إلا سَألَ، وَلا بِآيَةِ عَذابٍ إلا استْجَارَ"(15)پێغەممەر ﷺ لە نوێژەكەیا سوورەتی (ئەلبەقەرە و ئالی عیمران و نیسائـ)ی لە ركاتێكدا خوێندووە، و لەهەر ئایەتێكی رەحمەتا داوای رەحمەتی لەخوا كردووە، و لە هەر ئایەتێكی سزادا پەنای بەخوا گرتووە...

قورئان و رۆژوو پەیوەندییەكی پتەو لەنێوانیانا هەیە، سەرەتای ئایەتەكانی قورئان لەمانگی رۆژوودا دابەزی، پیغەممەر ﷺ لەمانگۆ رەمەزانا بۆ جیبریلی خوێچندۆتەوە تا گوێی لێبگرێ. لەقیامەتیشا هەردوو دەكرێنە تكاكار بۆ ئەوانەی پەیوەندییان لە تەك قورئان ورۆژوودا پتەو بووە. ئەوەتە پێغەممەر ﷺ فەرموویەتی:" الصيامُ و القرآنُ يَشْفَعَانِ لِلعَبْدِ يَوْمَ القِيَامَةِ، يَقوُلُ الصِّيامُ: أي رَبِّ! مَنَعْتُهُ الطعَامَ والشهَواتِ بالنَّهار، فَشَفِّعْنِي فِيهِ. وَيَقولُ القرآنُ: مَنعْتهُ النَّوْمَ بِالليْلِ فَشَفِّعْنِي فِيهِ، قالَ: فَيُشَفَّعَانِ. "(16) واتە: لەرۆژی قیامەتا قورئان و رۆژوو شفاعەت بۆ عەبدی موسوڵمان دەكەن، رۆژوو عەرزی حەق تەعالا ئەكات و ئەڵێ: ئەی پەروەردگارم! من بەرۆژدا خواردن و بەجێهێنانی هەموو ئارەزوویەكم لێ قەدەغە كردبوو، بمكە بە شفاعەتكاری.. قورئانیش ئەڵێ: منیش بەشەودا خەوم لێ قەدەغە كردبوو، خوایە بمكە بە شفاعەتكاری.. خوا رێیان پێ دەدات و هەردوو دەكرێنە تكاكاری، و لەبارەگای پەروەردگارا تكای بۆ دەكەن..

---

15- أخرجه النسائي فىكتاب الافتتاح/باب مسألة القاريء إذا مر بآية رحمة، ص:341، برقم: 739.
16- أخرجه أحمد في مسند عبد الله بن عمر (مسند المكثرين)، برقم: 6337 .

جێی خۆیەتی ئێمەی موسوڵمانیش چاو لەپێغەممەری پێشەوامان بكەین سەلآت وسەلامی خوای لەسەر بێ، و بەپێی توانا هەوڵ بدەین لەم مانگەدا بەخشندەو دڵفراوان بین، و قورئان خوێندن و یادی خوامان لە مانگەكانی دی زیاترکەین..

## 9- گەورەیی وخێری رۆژووی رەمەزان:

ژیان بریتییە لەكێشەیەكی بەردەوام لەنێوان خێرو شەڕدا، لەنێوان ئەو ئارەزوانەی لای دەروون جوان و شیرینن، و ئەوشتانەش كەلای ژیریی پەسەند و بەسوودن.. لەم كێشەیەدا هێزو توانای كام لایەنیان زۆرتر بوو سەركەوتن بۆ ئەو لایەنەیان دەبێت..

ئەو هێزەی پاڵ بەڕەوڕەوەی ژیانەوە دەنێت، و بەرەو پێشەوەی دەبات، و چالاكی بەژیان دەدات، تەنیا باوەڕبوون و دڵنیابوونە لە سوود و قازانج. بۆ نموونە: تەنیا باوەڕبوون بە سوود و قازانجە كرێكار لەخەوی بەیانیانی سەرمای گەزندەی زستان رادەپەڕێنێ و دینێرێت بۆ سەر كار، و لە گەرمای چلەی هاویندا جوتیار بۆ درەوكردن دەنێرێ، و گڕەی گەرمای بەرتیشكی هەتاوی لا ئاسان دەكات.. و كاسبكار هاندەدات بەشوێن كاردا، و وا دەبێ دە دوانزە رۆژ بەپێ ئەڕوات، تا دەگاتە ئەو سوودەی چاوی تێبڕیوە..

تەنیا باوەڕ بە سوود و قازانجە كە مردن لە گۆڕەپانی جەنگا لای جەنگاوەر شیرین دەكات و بەعەشقەوە بەرەورووی ئەڕوات. زۆر ئەیدات بەكوشت، بەلآم ناتوانێ لەلای شیرین و خۆشەویست بكات ..

ئەمانەی باسكران سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی خێرو خۆشی و باوەڕ بە سوود و قازانج بوونیان ئەنجام ئەدرێن، و هەر باوەڕیشە بووەتە جەمسەرێك و جیهان بەدەوریدا دەسوورێتەوە..

باوەڕێكی تر هەیە كە دەسەلآت و توانایەكی بێسنووری بەسەر دڵ و دەروونەكاندا هەیە، وجیاواز لەوباوەڕەی لەمەوبەر باسمان كرد، ئەم باوەڕە

**بەهێزەش باوەڕ بەو خێرو خۆشیانەیە کە پێغەمەران سلاّوی خوایان لێ بێ مژدەیان پێداوە، و وەحی خواییش باسی کردووە، ئەویش بریتییە لەرەزامەندی خواو پاداشتی خوایی لە دنیاو پاشەرۆژدا..**

**بۆ نموونە: زۆرکەس دەزانن کە زیادەرەوی لەخواردن وخواردنەوەدا دەبێتە هۆی ئینتەلا، وچەندەها دەرد ونەخۆشی لەشی، و هەڵپەکردن لەخواردنا دەبێتە هۆی نەخۆشی ودەردی سەری بۆ گەدەو دوانزە گرێ و ... هەتد.**

**بەشێکی زۆری خەڵکیش دەزانن بۆماوەیەك وازهێنان لەخواردن و خواردنەوە سوودی بۆ لەشساغی هەیە و قازانجێکی ئابووریشی تیا رەچاو ئەکرێت..**

**بەلاّم ئەگەر پرسیار بکرێ: ئەوانەی لەبەر سوودی لەشساغی و بەرژەوەندی ئابووری بەڕۆژوو دەبن، ژمارەیان چەندە؟ و چەند رۆژیش بەڕۆژوو ئەبن؟**

**بێگومان لەوەلاّمدا دەگوترێت: ژمارەیان زۆر کەمە، و بگرە لە زستانیشا کە رۆژ دەگاتە کورت ترین کات، و رۆژووگرتن زۆر ئاسانە هەر ژمارەیان کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەڕۆژووبوون لەبەر لەشساغی و بەرژەوەندی ئابووری زۆر لە بەڕۆژوو بوونی شەرعی ئاسانترە..**

**ئێستا بابپرسین: ئەدی ئەوانەی کەباوەڕیان وایە رۆژوو واجبێکی شەرعییە و خوا بەڵێنی بە پاداشتەکەی داوە ژمارەیان چەندە؟**

**دەبینین ژمارەی ئەمانە – هەرچەند پێبەندبوونی ئاینیشیان کز و لاواز بێ- لەسەدان ملیۆن کەس کەمتر نین.. و ئەم سەدان ملیۆن خەڵکە فەرمانی خوا بەجێدێنن و رۆژوو دەگرن، لەگڕەی گەرمای هاوینا بێت، یا لەکرێوەی سەرمای زستاندا، چونکە باوەڕ بەمژدەی پێغەمەران- سلاّوی خوایان لێ بێ – و سوودی پاشەرۆژیان بەهێزترە لەباوەڕ بەقسەی ئابووری ناسان و بەرژەوەندی ئابوری!!**

**پێغەمەران سلاّوی خوایان لێبێ مژدەیەکی وایان بە ئیمانداران داوە کەبرسیەتی و گەرماو تینوویەتییان لائاسان بکات و دان بەخۆدا بگرن، ئەوەتە پێغەمەرﷺ فەرموویەتی:** " كلُّ عَملِ ابْنِ آدَمَ يُضَاعَفُ الحَسَنَةُ بِعَشْرِ أمْثَالِهَا إلِىَ سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ إلاَّ الصَّوْمُ، فإنَّهُ لِي وَأنا أجْزِي بهِ، يَدَعُ شَهْوَتَهُ وطعَامَهُ مِنْ أجْلِي، لِلصَّائِمِ فرْحَتَانِ فَرْحَةَ عِنْدَ فِطْرِهِ، وَفَرْحَةٌ عِنْدَ لِقَاءِ رَبِّهِ، ولَخُلُوفُ فِيهِ أطيَبُ عِنْدَ اللهِ مِنْ رِيحِ المِسْكِ"[17].

**واتە: هەموو کردەوەیەکی چاکەی ئادەمزاد پاداشتی چەند بەرابەری هەیە، هەرچاکەیەك یەك بەدە تا یەك بەحەوت سەد پاداشتی دەدرێتەوە، خوا فەرموویەتی: جگە لەرۆژوو، بێگومان رۆژوو هەر بۆمنە و خۆم پاداشتی ئەدەمەوە، وازلەخواردن و خواردنەوەو ئارەزووەکانی دێنێ تەنیا لەبەر رەزامەندی من نزیکیان نابێتەوە، رۆژووگر دووشادی بۆ هەیە: شادییەکیان لەکاتی بەربانگا کە رۆژووەکەی دەشکێنێ، ئەوی تریشیان لەرۆژی قیامەتا کاتێ بە پەروەردگاری دەگات.. بۆنی ناخۆشی زاری رۆژووگر لەلای خوا لەبۆنی میسك خۆشترە..**

**پێغەمەر ﷺ فەرموویەتی:**" مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إيمَانًا وَاحْتسَابًا غُفِرَ لَه مَاتقدَّمَ مِنْ ذنْبِهِ"[18]. **واتە: کەسێك بەڕۆژووبێت و گومانی لە فەرزبوونیا نەبێ و هیوایشی بەپاداشتی خوایی هەبێ، ئەوا خوا لەهەموو گوناهی رابوردووی خۆش ئەبێت..**

**هەروەها لەبارەی رۆۆژووی رەمەزان وتەراویحەوە مژدەیەکی خۆشی داوە و فەرموویەتی:** " إنَّ اللهَ تبَارَكَ وتَعَالىَ فَرَضَ صِيام رَمَضَانَ عَليكمْ،

---

17- أخرجه مسلم في كتاب الصيام/باب فضل الصيام، ص:485، برقم: 1945.
18- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب من صام رمضان إيمانا، ص: 375، برقم: 1768.

وسَنَنْتُ لكمْ قيَامَهُ، فمَنْ صَامَهُ وَقامَهُ إيمَاناً وَاحْتِسَابًا، خَرجَ مِنْ ذنُوبِهِ كيَوْمٍ وَلَدَتهُ أمُّهُ "[19] **واته: خوا ڕۆژووی ڕەمەزانی لەسەر پێویست کردوون، و منیش تەراویحی شەوانەیم بۆ کردوونەتە سوونەت، کەسێ ڕۆژووەکە بگرێ وتەراویحیش بکات، و باوەڕی پێیان هەبێت و هیوای بەپاداشتی خوایی هەبێت خوا لەهەموو گوناهەکانی خۆش دەبێت، و وا پاك دەبێتەوە وەك ئەو ڕۆژەی کە لەدایك بووە.**

**هەروەها پێغەممەر ﷺ فەرموویەتی:** " إذا كانَ أولُ ليلةٍ مِن شهْر رَمَضَانُ صُفِدَتِ الشَّيَاطينُ وَمَرَدَةُ الْجِنِّ، وغُلقتْ أبْوابُ النار، فلمْ يفتحْ مِنْها بَابٌ، وفتحَتْ أبوابُ الجنة فلمْ يغلقْ منْها بَابٌ، ويُنادِي مُنادٍ: يا بَاغِي الخَير! أقبلْ، ويَا بَاغِيَ الشرِّ أقصِرْ ولِلهِ عُتقاءُ مِنَ النار وَذلكَ كُلَّ ليْلةٍ"[20].

**واته: هەر لەگەڵ بووە یەکەم شەوی ڕەمەزان شەیتانەکان و شەر خوازەکانی جنۆکە زنجیر دەکرێن، و دەرکەکانی دۆزەخ دادەخرێن، و تەنیا یەك دەرکەشیان ناکرێتەوە، و دەرکەکانی بەهەشت ئاوەڵا دەکرێن، تەنیا یەك دەرکەشیان داناخرێت، بانگدەرێك بانگ دەکات: ئەی خێرخوازی چاکەویست! قۆڵی لێهەڵبماڵە و ڕوو لەچاکە بکە، ئەی شەرخوازی خراپەکار! وازبێنە و کۆتایی بە خراپەکانت بێنە. لەهەموو شەوێکی ڕەمەزانا خوا لە گوناهی تاوانباران خۆش دەبێت، و لەئاگری دۆزەخ ڕزگاریان دەکات..**

**لەکۆتایی باسی خێر و گەورەیی ڕەمەزاندا فەرموودەیەکی پێغەممەر ﷺ باس دەکەین، کە مژدەیەکی گەورەی بۆ موسڵمانانی ڕۆژووگر تێدایە، ئەوەتە فەرموویەتی:** "إن فِي الجنةِ بَابا ُيقالُ لهُ الريَّانُ، يَدْخُلُ منه الصَّائِمونَ َيومَ القيامةِ لا يَدْخُلُ مِنْهُ أحدٌ غَيرُهمْ، يُقالُ: أينَ الصائِمُونَ؟ فيقومون، لا يَدْخُلُ مِنْهُ أحَدٌ غَيرُهمْ، فإذا دخلوا أُغْلِقَ فلمْ يَدْخُلْ مِنْهُ أحَدٌ"[21].

19- أخرجه النسائي في سننه في كتاب الصيام/باب ذكر اختلاف يحيى ابن كثير، برقم: 2210.
20- أخرجه الترمذي في كتاب الصوم/باب ماجاء في فضل رمضان برقم: 682.
21- أخرجه البخاري في كتاب الصوم /باب الريان للصائمين، ص: 374، برقم: 1797.

**واته: لەبەهەشتا دەرکەیەك هەیە پێی دەوترێت: ڕەییان، ڕۆژووگرەکان لەڕۆژی قیامەتا لەودەرکەیەوە ئەچنە بەهەشتەوە.. جگە لەخۆیان کەسێکی تر لەوێوە ناچێتە ژوور، دەرکەوانی بەهەشت بانگ دەکات: ڕۆژووگرەکان لەکوێن؟ ئەوانیش ڕادەپەڕن و لەو دەرکەیەوە دەچنە ژوورێ، کە ڕۆیشتنە ژوورێ، دادەخرێت و کەسیی تر لەوێوە ناچێتە ژوور..**

**لێرەدا ڕوونکردنەوەیەك پێویستە: بەهەشت هەشت دەرکەی هەیە، ئەو دەرکانەش ناوی جیاواز و جۆراو جۆریان هەیە، وەك دەرکەی جیهاد، نوێژ، ڕەییان، ئارام گران، ڕەحمەت...هتد، هەرکەس هەر پەرستنێکی زورتربێ لەو دەرکەوە بانگ دەکرێت، لەوانەیە لەهەموو دەرکەکانەوە بانگ بکرێت – بۆ ڕێز لێنانی – جا لەهەر دەرکەیەکەوە پێی خۆش بێ لەوێوە دەچێتە ژوور..**

**ووشەی ڕەیان لە چاوگی (رِيّاً)ەوە هاتووە کە لەزمانی عەرەبیدا بەواتای تێرئاوی هاتووە، چونکە ڕۆژووگرانیش لەکاتی ڕۆژووگرتنەکەیانا تینوو دەبن، خوا بۆ ڕێزنانیان ئەو دەرکەیەی بەوناوەوە ناوناوە..**

**لەبەر ئەو هەموو مژدانەی باسکران دەسەڵاتی ئاین لەهەموو دەسەڵاتێکی تر تواناى بەسەر دڵ و دەروونەکانا زیاترە..**

## 9- ڕۆژوو لەسەر کێ پێویستە؟

**ڕۆژوو لەسەر هەموو موسوڵمانێکی باڵغی عاقل پێویستە، شێت ومنداڵ لەسەریان پێویست نییە.. چونکە ئەوانە هیچ تەکلیفێکی شەرعیان لەسەر نییە، ئەوەتە پێغەممەرﷺ فەرموویەتی:** "رُفَعَ القلَمُ عن ثلاثةٍ عَنِ المَجنونِ المغلوب على عَقلهِ حَتىَ يَفيقَ، وعَنِ النائمِ حتى يَسْتَقيظَ وعَنِ الصَّبيِّ حَتىَ يَحتلِمَ "[22].

**واته: سێ تاقم تەکلیفیان لەسەر نییە: شێت تا چاك دەبێتەوە، نوستوو تابە ئاگادێتەوە، و منداڵ تا باڵغ ئەبێت و پێدەگات..**

22- أخرجه أبو داود في كتاب الحدود/باب في المجنون، برقم 4401.

**ڕوونکردنەوە**:

**دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە منداڵ هەرچەند ڕۆژووی لەسەر پێویست نییە، بەڵام ئەبێ دایك وباوكی یا كەسوكاری بۆ ڕۆژووگرتن هانی بدەن و لای شیرین و خۆشەویست بكەن، و فەرمانیشیان پێبكەن ئەگەر لە توانایانا هەبوو، تا لەمنداڵیەوە لەتەكیا ڕابێن، بەڵگەشمان ئەو فەرمودەیە كە خاتوو روبەییعی كچی موعەووەز فەرموویەتی:** "أرسَلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ صَبِيحَةَ عَاشُورَاءَ- إِلَى قُرَى الأَنْصَارِ: مَنْ كَانَ أَصْبَحَ صَائِمًا فَلْيُتِمَّ صومهُ، ومَنْ كانَ أَصْبَحَ مُفْطِرًا فَلْيُتِمَّ بَقِيةَ يَوْمِهِ" فَكنَّا نَصُومُهُ بَعْدَ ذلِكَ، وَنُصَوِّمُ صِبْيَانَنَا الصِغَارِ مِنْهُمْ، ونَذهبُ إِلَى المَسْجدِ فنَجْعَلُ لهمُ اللعْبَةَ مِنَ العِهْنِ ،فَإذا بَكَى أَحَدُهمْ مِنَ الطعَامِ أعْطيْناهُ إِيَّاهُ، حَتَّى يَكونَ عِنْدَ الإفْطَارِ"[23]

**پێغەمەری خوا ﷺ لەبەرەبەیانی عاشووراداا فەرمانی بۆ ئاواییەكانی ئەنصار نارد:" ئەوەی شەوێ نێتی هێناوەو بە ڕۆژوو بووە با لە ڕۆژووەكەیا بەردەوام بێ، و ئەوەش نێتی نەهێناوە با تا ئێوارە بەڕۆژووبێ وهیچ نەخوات"، ئەم ئەسحابەیە دەفەرموێ: ئیتر ئێمە لەو كاتەوە بەڕۆژوو ئەبووین و منداڵەكانیشمان فێرئەكرد كە بەڕۆژووبن، و لەتەك خۆمانا بۆ مزگەوتمان ئەبردن، و یاریمان لەخوری بۆ دروست ئەكردن، ئەگەر یەكێكیان لەبرسا بگریایە خواردنمان پێئەدا، تاكاتی بەربانگ.**

## 10- **تاوانی ڕۆژوو شكاندن بەبێ هۆ**:

**ڕۆژووی ڕەمەزان خوا فەرمانی بەگرتنی داوە، وخۆی لەسەر موسوڵمانانی پێویست كردووە، ئەوەی بەبێ عوزرێكی شەرعی بیشكێنێ ونەیگرێ تاوانێكی گەورەی كردووە، چونكە پێغەمەر ﷺ لەوبارەوە فەرموویەتی:** " مَنْ أفطَرَ يَوْمًا مِنْ رَمَضَانَ فِي غَيْرِ رُخْصَةٍ رَخَصَهَا اللهُ لَهُ، لمْ يَقضِ عَنهُ صِيامُ الدَّهْرِ"[24] **واتە: ئەوەی تەنیا ڕۆژێك لە ڕەمەزان بشكێنێ و بەڕۆژوونەبێ،**

---

23- أخرجه مسلم في كتاب الصيام /باب من أكل في عاشوراء، ص: 480، برقم: 1919.
24- أخرجه أبوداود في كتاب الصوم/ باب التغليظ فيمن أفطر عمدا، برقم:2394.

**بێ ئەوەی خوا مۆڵەتێكی دابێ ڕۆژووی دوانزەمانگە قەرەبوو (تعويض)ی ناكاتەوە، بابیشی گرێتەوە..**

## 11- **لە ڕۆژوودا دوو شت پێویستە**:

**یەكەم: نێت ومەبەست. دووەم:خۆگرتنەوە لە خواردن وخواردنەوە و كرداری جینسی .**

**نێت: واتە: لەشەوی ڕەمەزانا مەبەستی هەبێ كە سبەینێ بەڕۆژوو ئەبێت، و مەبەستیشت تەنیا بەجێهێنانی فەرمانی خوا بێت، ئەوەتە پێغەمەر ﷺ فەرموویەتی:** (إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَاتِ، وَ إِنَّمَا لِكلِّ امْرِيءٍ مَا نَوَى)[25] **واتە: كردەوەكان بەپێی نێت ومەبەست دەنووسرێن، و هەركەسەش بەپێی نێتی پاداشت وەردەگرێ یا تۆڵەی لێ دەستێنرێ..**

**نێت و مەبەستبوون بۆ هەر پەرستنێك پێویستە، و ڕۆژوویش وەك پەرستنێك پێویستی بەنێت هەیە..**

**نێتهێنان بۆ ڕۆژووی ڕەمەزان لەپاش خۆر ئاوابوونەوە دەست پێ دەكات تابەرەبەیان، و نوێژی بەیانی. ڕۆژووگر پێویستە لەم ماوەیەدا نێتی هەبێ كەسبەینێ بەڕۆژوو ئەبێ، چونكە پێغەمەر ﷺ فەرموویەتی:** " مَنْ لَمْ يُجْمِعْ الصِّيَامَ قَبْلَ الفَجْرِ فلا صِيامَ لَهُ"[26]. **واتە: ئەوەی پێش نوێژی بەیانی نێتی نەبێ و بڕیاری ڕۆژووگرتنی نەدابێ ڕۆژووەكەی دروست نییە.**

**هەروەها لەفەرموودەیەكی ترا كە حەزرەتی عایشە بۆمان باس دەكات پێغەمەر ﷺ فەرموویەتی:**

"مَنْ لَمْ يَبِتِ الصِّيَامَ قَبْلَ طلوُعِ الفَجْرِ، فَلاصِيامَ لهُ"[27] **ئەم فەرموودەیەش واتای فەرموودەكەی تری هەیە.**

---

25- أخرجه البخاري في كتاب بدأ الوحي/ باب كيف كان بدأ الوحي؟ ص: 1، برقم: 1.
26- أخرجه الترمذي في كتاب الصوم/باب ماجاء لاصيام لمن لم يعزم من الليل. برقم: 662.
27- أخرجه الدارقطني في كتاب الصيام/باب تبيت النية.

ئەم حوکمەی باسکرا بۆ ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بوو، بەڵام ڕۆژووی خێر (سوننەت) دروستە پاش نوێژی بەیانی و کاتی چێشتەنگاویش نێت بێنێت مادام هیچی نەخواردبێ.. چونکە پێغەممەر ﷺ لە ڕۆژووی خێردا لەپاش خۆرکەوتنیشەوە نێتی هێناوە، ئەوەتە حەزرەتی عایشەخوا لێی رازی بێ ئەفەرموێ: ( قَالَ لِي رَسُولُ اللهِ ﷺ ذاتَ يَومٍ: يَا عَائِشَةُ! " هَلْ عِنْدَكُمْ شَيْءٌ؟ قالتْ: فقلتُ: يَا رَسُولَ اللهِ! مَا عِنْدَنَا شَيْءٌ، قَالَ: فَإِنِّي صَائِمٌ "[28].

ڕۆژێکیان پێغەممەر ﷺ پرسیاری لێکردم و فەرمووی: ئەی عایشە! شتێکتان لایە - بۆخواردن -؟ وتم: ئەی پێغەممەری خوا ! هیچمان نییە، فەرمووی: کەوابوو من بەڕۆژووم..

**ڕوونکردنەوەیەك**: ئەو نێتەی بۆ ڕۆژوو یا هەر عیبادەتێکی تر پێویستە، ئایا دەبێ لەزار بێتە دەر و بڵێ: نێتمە سبەینێ بۆ خوا بەڕۆژوو دەبم؟ نە.. نەخێر، چونکە نێت بریتییە لەوە ڕۆژووگر مەبەستی بێت کە سبەینێ بەڕۆژوو ئەبێت. خۆ ئەگەر کەسێك هەستاو پارشێوی کرد مانای وایە نێتی هێناوە کە سبەینێ بەڕۆژووبێت با بە دەمیش نەیگوتبێ[29]..

ڕوکنی دووەم: خۆگرتنەوەیە لە خواردن وخواردنەوە و کرداری جینسی، هەر لەبەرەبەیانەوە تا خۆر ئاوابوون.

قورئانیش ئەفەرموێ: (... ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى الَّليْلِ...)[30]. پاشان ڕۆژووەکەتان ببەنەسەر تا شەو دادێت.. کەوابوو کاتی ڕۆژوو بریتییە لە بەرەبەیانەوە تا خۆر ئاوابوون، واتە: ئەگەر یەکێك لە ڕۆژئاوابوونەوە بەدرێژایی شەو تا بەرەبەیان هیچی نەخوارد بەڕۆژوو بۆی دانانرێ و پێی ناوترێ ڕۆژوو..

---

28- أخرجه مسلم في كتاب الصيام/باب جواز صوم النافلة بنية في النهار، ص:486، برقم: 1950.

29- سەیرێکی ( مغني المحتاج) بکە، بەرگی یەك، لاپەڕە 423.

30- سورة البقرة/187.

## 13- **سوننەتەکانی ڕۆژوو**:

1- پارشێوکردن، واتە: خواردن وخواردنەوە لەپێش بەرەبەیاندا، بۆ ڕۆژووبوونی سبەینێ، خواردن وخواردنەوە - کەم بێ یا زۆر- پارشێو بەدی دێنێ، چونکە پێغەممەر ﷺ فەرموویەتی: " السُّحُورُ أَكلة بَرَكَة فَلا تَدعُوُهُ وَلَوْ أن يَجْرَعَ أَحَدُكمْ جُرْعَةَ مِنْ مَاءٍ، فإِنَّ اللهَ عزَّ وَ جَلَّ وَ مَلائِكتَهُ يُصلّونَ عَلَى المُتَسَحرينَ "[31].واتە : پارشێو بەرەکەتە، با یەکێ لەئێوە قومە ئاوێکیش بخواتەوە - وازی لێ نەهێنێ-، بێگومان خوا ڕەحمەت بەسەر پارشێوکەرانا دەبارێنێ، و فریشتەکانیشی داوای ڕەحمەتیان بۆ دەکەن..

لەفەرموودەیەکی ترا پێغەممەر ﷺ داوی پارشێوکردنمان لێ دەکات و ئەفەرموێ: "تَسَحَّرُوا فَإِنَّ فِي السُّحُورِ بَرَكَةً"[32]. واتە: پارشێو بکەن بێگومان لەپارشێوکردنا بەرەکەت هەیە..

2- دواخستنی پارشێو بۆ دواین کاتی شەو بەمەرجی دڵنیابوون کە بانگی بەیانی نەبووبێت، چونکە زەیدی کوری سابیت خوا لێی رازی بێ دەفەرموێ:" تَسَحَّرْنَا مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ ثمَّ قمْنا إلِىَ الصَّلاةِ، قلْتُ: كمْ كانَ قَدرُ مَا بَينِهمَا؟ قالَ: خَمْسِينَ آيَة. "[33].

واتە: لەتەك پێغەممەرا ﷺ پارشێومان کرد، و پاشان هەستاین بۆ نوێژ، ئەنەس ئەفەرموێ: گوتم: ماوەی نێوان پارشێوەکەتان تا نوێژەکەی بەیانی چەند ئەبوو؟ گوتی: بە ئەندازەی خوێندنی پەنجا ئایەتی مام ناوەند ئەبوو..

واتە: بەقەد ماوەی خوێندنی سوورەتی (والمرسلات)کە ئەویش لەراستیدا ماوەیەکی زۆر کەمە..

---

31- أخرجه أحمد في مسند أبي سعيد الخدري، برقم: 10702.

32- أخرجه مسلم في كتاب الصيام/ باب فضل السحور، ص: 464، برقم: 1835.

33- أخرجه مسلم في كتاب الصيام/ باب فضل السحور، ص: 464، برقم: 1837.

3- زوو بەربانگ کردنەوە، بەمەرجی دڵنیایی لە خۆرئاوا بوون. چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: " لا يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الْفِطْرَ." [34]. واتە: خەڵکی هێشتا چاکن، مادام پەلەبکەن لەبەربانگ کردندا، و زوو رۆژوو بشکێنن..

4- رۆژوو شکاندن بەخورمای تەر، ئەگەر نەبوو بەخورمای وشك، ئەگەر نەبوو بەئاو، چونکە حەزرەتی ئەنەس خوا لێی رازی بێ ئەفەرموێ: " كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُفْطِرُ عَلَى رُطَبَاتٍ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ رُطَبَاتٌ فَعَلَى تَمَرَاتٍ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ حَسَا حَسَوَاتٍ مِنْ مَاءٍ."[35]. واتە: پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی نوێژ بکات، بەچەند دەنکە خورمایەکی تەر رۆژووەکەی دەشکاند، ئەگەر نەبوایە بەچەند دەنکە خورمایەکی وشك، ئەگەر نەبوایە چەند قومێ ئاوی دەخواردەوە..

5- نزاوپاڕانەوە لەکاتی بەربانگدا، چونکە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی بەر بانگ و رۆژووشکاندنا ئەیفەرموو:" اللَّهُمَّ! لَكَ صُمْتُ، وَعَلَى رِزْقِكَ أَفْطَرْتُ. "[36] واتە: خوایە! تەنیا بۆ تۆ بەڕۆژووبووم، و بەرزقی تۆیش بەربانگم کرد، و رۆژووەکەم شکاند..

وە رۆژووگر هەر دوعایەکی خێر بزانێ با لەکاتی بەربانگا بەو دوعایانە لەخوا بپاڕێتەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:" إنَّ للصَّائِمِ عِنْدَ فِطْرِهِ لَدَعْوَةٌ مَا تُرَدُّ "[37]. واتە: بێگومان رۆژووگر لەکاتی رۆژوو شکاندنەکەی بەربانگیدا دوعا گیرابوونێکی بۆ هەیە..

هەر لەبەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ لەکاتی بەربانگدا ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێ، دەپاڕایەوە و دەیفەرموو:"أللهُمَّ إني أسْأَلُكَ

34- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب تعجيل الإفطار، ص:387، برقم: 1856.
35- أخرجه أبوداود في كتاب الصوم /باب مايفطر عليه، برقم 2356.
36- أخرجه أبوداود في كتاب الصوم /باب القول عند الإفطار، برقم: 2358.
37- أخرجه ابن ماجة في كتاب الصيام/باب في الصوم لا ترد له دعوته. برقم: 1753.

بِرَحْمَتِكَ الَّتِي وَسِعَتْ كلَّ شَيْئٍ أَنْ تَغفِرَ لِي"[38]. واتە: خوایە! داوات لێدەکەم، و لێت دەپاڕێمەوە: بیکە بەخاتری ئەو رەحمەتەی خۆت، کە ئەوەند زۆر و فراوانە هەموو شتێکی گرتۆتەوە: لەگوناهم چاوپۆشی بکە، و لێم خۆش ببە.

## 13- ئەو شتانەی لە رۆژوودا کەراهەتیان هەیە:

چەند شتێك هەن بۆ رۆژووگر باش نین، و کەراهەتیان هەیە، چونکە رێ بۆ بەتاڵکردنەوەی رۆژوو خۆش دەکەن، لەبەرئەوە چاکتر وایە موسوڵمانی رۆژووگر خۆی لێیان بپارێزێ..وەك:

1- غەرغەرەکردن، لەکاتی ئاو لەدەم وەردانا، و بەلووت هەڵمژینی ئاو لەکاتی ئاو لە لووت رادانا، ئەوەتە پێغەمبەر ﷺ موسڵمانی هانداوە بۆ سەر بەرزکردنەوە و زۆر ئاو لەلووت وەردان، جگە لەکاتی رۆژوودا. ئەوەتە فەرموویەتی:" بَالِغْ فِي الاسْتِنْشَاقِ إلا أنْ تَكُونَ صَائِمًا"[39]. واتە: زۆر ئاو لە لووت رابدە، کاتێ نەبێ کە بەڕۆژوویت..

2- دەستبازیکردن، کەراهەتی هەیە پیاوی رۆژووگر یاری لەتەك خێزانیا بکات یا لەئامێزی بگرێ و یا دەستبازی لەتەکا بکات، چونکە ئەم جۆرە کارانە ئارەزووی دەبزوێنن و لەوانەیە خۆی بۆ نەگیرێ و کردەوەی جینسی لەتەکا بکات، یان رەحەت ببێ و ئاوی بێتەوە. لەبەر ئەوهۆیانەی باسکران دەست بازی و ماچکردن کەراهەتی هەیە و بۆ رۆژووگر باش نین..

ئەم مەسەلەیەش لەکەسێکەوە بۆیەکێکی تر فەرق ئەکات، بۆ نمونە: ئەگەر مرۆڤێکی بەتەمەن ئەوکارە بکات، حوکمەکەی جیاوازە لەوەی پیاوێکی لاوی تازە پێگەیشتوو ئەوکارە بکات.. پیرەکە لێی قەدەغە ناکرێ، چونکە

38- أخرجه ابن ماجة في كتاب الصيام/باب برقم: 1743.
39- أخرجه أبوداود في كتاب الصوم /باب الصائم يصب عليه الماء، برقم: 2366.

مەترسی لێ ناکرێ، بەڵام گەنجەکە قەدەغە ئەکرێت، چونکە مەترسی ڕۆژوو شکاندنی زۆر زۆرە..

لەم بارەوە ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ، ئەفەرموێ: " إنَّ رَجُلا سألَ النَّبيَّ ﷺ عَنِ المُباشَرةِ لِلصَّائِمِ، فرَخَّصَ لَهُ، وَأتاهُ آخَرُ فسَألَهُ فَنَهاهُ، فَإذا الذي رُخِّصَ لَهُ شَيْخٌ، وَالذي نَهاهُ شابٌ "[40].

واتە: لەبارەی دەستبازی و لەئامێزگرتنەوە پیاوێك پرسیاری لە پێغەممەر ﷺ کرد، ئەویش مۆڵەتی دا، یەکێکی تر هات وهەمان پرسیاری کرد، پێغەممەر ﷺ مۆڵەتی نەدا وڕێی پێ نەدا، یەکەمیان پیاوێکی پیری بەساڵاچووبوو، ئەوەی دووەمیان لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو..

3- بەدڵ بیرکردنەوە لەکاری جینسی، و بەئارەزوو ڕوانین بۆ ئافرەتی نامەحرەم، ئەمەی دواین بەدەقی قورئان گوناه وحەرامە..

4- بنێشت جاوین، بنێشتی سروشتی(کوردی)، نەك بنێشتی دەستکرد، بۆیە بنێشت جوین کەراهەتی هەیە نەوەك پارچەیەکی لێ ببێتەوە بڕواتە ناو گەدەیەوە، و ڕۆژووەکەی بشکێ..

5- خوێن لەخۆگرتن، یان خوێن بەخشین، لەکاتی ڕۆژوودا کەراهەتی هەیە، نەوەکو لاواز ببێ و خۆی بۆ نەگیرێ و ڕۆژووەکەی بشکێنێ..

## 14- ئەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن:

**یەکەم**: خۆرشاندنەوە، واتە: بەویستی خۆت خۆت بڕشێنیتەوە. چونکە ئەگەر بەهۆی نەخۆشیەوە، یا بەبێ ویستی خۆی بڕشێتەوە ڕۆژووەکەی ناشکێت. لەم بارەوە پێغەممەر ﷺ فەرموویەتی:" مَنْ ذَرَعَهُ القَيْءُ فليْسَ عليهِ قضاءٌ، وَمَنْ اسْتقاءَ عَمْدًا فَلْيَقض"[41].

40- أخرجه أبوداود في كتاب الصوم /باب كراهيته للشباب، برقم: 2366.

41- أخرجه الترمذي في كتاب الصوم /باب ماجاء فيمن استقاء، برقم: 720.

واتە: ئەوەی زۆری بۆهات و ڕشایەوە نایەوێ ڕۆژووەکەی بگێڕێتەوە، چونکە ڕۆژوەکەی نەشکاوە، بەڵام ئەوەی بە ئەنقەست خۆی خۆی ڕشاندەوە بابیگرێتەوە، چونکە ڕۆژووەکەی شکاوە..

**دووەم**: ئەوەی وابزانێ هێشتا شەوەو نان و ئاو بخوات، پاشان بۆی دەرکەوت کە ڕۆژبوەتەوە، ئەوەش ڕۆژووەکەی بەڕۆژوو حسێب ناکرێ.

**سێیەم**:

ئەوەش کەبەهۆی هەورو بارانەوە دنیا تاریك بوو، وای زانی کە خۆر ئاوا بووە، و ڕۆژووەکەی شکاند، و پاشان دەرکەوت کە هێشتا ڕۆژە و خۆر ئاوا نەبووە.. ئەوەش ڕۆژووەکەی بەڕۆژوو حسێب ناکرێ، و دەبێ بیگێڕێتەوە، ئەمە ڕای هەر چوار مەزهەبەکەیە[42].

**چوارەم**: ئەوەی بەهۆی دەستبازی، یا تێڕوانینی بە ئارەزوو، یا زۆر بیرکردنەوە ئاوی هاتەوە، ئەوەش ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، و قەزای لەسەرە، بەڵام کەفارەتی لەسەر نییە..

پێنجەم: عادەتی مانگانەی ئافرەت، ئەگەر لەناو ڕۆژووەکەیدا کەوتە حەیزەوە، یامنداڵی بوو، ئەوەش ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە. با لەدواین کاتی ڕۆژیشا بێت..

شەشەم: پەڕینی پڕژە ئاو بۆ ناو گەروو لەکاتی غەرغەرەکردندا..

حەوتەم: شاف پێهەلگرتن، و بڕنووتی هەڵمژین، وتکاندنی تنۆکی دەرمان بۆ ناو گوێ، و دەرمانکردنە ناو میزەڵدان، ودەرزیکردن بە بۆشایی سکدا هەموو ئەمانە ڕۆژوو ئەشکێنن..

42- بەڵام حەسەنی بەسری و موجاهید و ئیبنو حەزم و عەتا و داودی (ظاهيري)، پێیان وایە، ڕۆژووەکەیان دروستەو کێڕانەوەی ناوێ، ودەلیلیان لەوبارەوە ئایەت وحەدیسە، ئەوەتە خوا دەفەرموێ: " وليس عليكم جناح فيما أخطأتم به، ولكن ماتعمدت قلوبكم"(الأحزاب/5)، و پێغەممەریش ﷺ فەرموویەتی:" إن الله وضع عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه"(أخرجه ابن ماجة في كتاب الطلاق، برقم: 2035).

هەشتەم: ئەوەی لەسەر خەیاڵ نەبوو کە بەڕۆژووەو شتێکی خوارد یا شلەمەنییەکی خواردەوە، لەوکاتەدا بیری کەوتەوە کە بەڕۆژووە، بەڵام وازی لێ نەهێنا، و هەڵمژینی دووکەڵی جگەرەش ڕۆژوو دەشکێنێت..

نویەم: خوا پەنامان بدات لەدین وەرگەڕان و کوفر کردن. ئەوکەسە ئەگەر پەشیمانیش بووەو تەوبەی کرد و بووەوە بە موسوڵمان ئەبێ ڕۆژە بگرێتەوە. ئەم نۆخاڵانەی باسمان کردن تەنیا گێڕانەوەی ڕۆژووەکەی دەوێت، بێ کەفارەتدان..

دەیەم: ئەنجامدانی کردەوەی جینسی لەتەك خێزانی خۆیا بەزمانی بەڕۆژووەوە، ئەمە هەروەك ڕۆژووەکە دەشکێنێ و گرتنەوەی دەوێ، پێویستە کەفارەتیشی بدات، کەفارەتەکەش ئازادکردنی بەندەیەکە، ئەگەر نەبوو دوومانگ لەسەریەك بەڕۆژوو بوونە، ئەگەر نەیئەتوانی ناندانی شەست هەژارە.. هەروەك ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێ ئەفەرموێ کە :

" جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: هَلَكْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ! قَالَ: وَمَا أَهْلَكَكَ؟ قَالَ: وَقَعْتُ عَلَى امْرَأَتِي فِي رَمَضَانَ. قَالَ: هَلْ تَجِدُ مَا تُعْتِقُ رَقَبَةً؟ قَالَ: لا. قَالَ: فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تَصُومَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ؟ قَالَ: لا. قَالَ: فَهَلْ تَجِدُ مَا تُطْعِمُ سِتِّينَ مِسْكِينًا؟ قَالَ: لا. قَالَ: ثُمَّ جَلَسَ فَأُتِيَ النَّبِيُّ ﷺ بِعَرَقٍ فِيهِ تَمْرٌ، فَقَالَ: تَصَدَّقْ بِهَذَا. قَالَ: عَلَى أَفْقَرَ مِنَّا؟ فَمَا بَيْنَ لابَتَيْهَا أَهْلُ بَيْتٍ أَحْوَجُ إِلَيْهِ مِنَّا. فَضَحِكَ النَّبِيُّ ﷺ حَتَّى بَدَتْ أَنْيَابُهُ. ثُمَّ قَالَ: اذْهَبْ فَأَطْعِمْهُ أَهْلَكَ)[43].

پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمەر ﷺ و وتی: ئەی پێغەمەری خوا تیاچووم، فەرمووی: چی لەناوی بردی؟ وتی: بەزمانی بەڕۆژووەوە لەتەك خێزانما دروست بووم(جیماعم کردووە)، فەرمووی: ئەتوانی کۆیلەیەك بکڕی و ئازادی بکەیت؟ گوتی: نە. فەرمووی: ئەتوانی دوومانگ لەسەریەك بە ڕۆژووبیت؟ وتی: نە. فەرمووی: ئەتوانی نانی شەست هەژارو نەدار بدەیت؟ گوتی:نە. هەرلەوێ دانیشتبوو کەبەرچینەیەك خورمایان بۆ پێغەمەر ﷺ هێنا (کە پانزە ساعی تیابوو)، پێغەمەر ﷺ فەرمووی: من ئەم خورمایە - ت پی دەبەخشم و تۆیش - لە کەفارەتا بە هەژارانی بدە، پیاوەکە عەرزی کرد: قوربان! بەسەر کەسانێکی لەخۆم هەژارترا بیبەخشمەوە؟ سوێند بەخوا لە ناومەدینەدا کەسێك پێ نازانم ئەوەندەی ئێمە پێویستی بەو خورمایە هەبێ.

پێغەمەر ﷺ وا پێکەنین گرتی، کە ددانەکانی پێشەوەی دەرکەوت و فەرمووی: بڕۆ دەرخواردی ماڵ ومنداڵتی بدە..

تاوانی ڕۆژوو شکاندن لەرەمەزانا بەجیماع کەفارەتەکەی لەم فەرموودەیەوە وەردەگیرێ کە: 1- ئازادکردنی کۆیلەیەك، یان 2- بەڕۆژوو بوونی دوومانگ لەسەر یەك، یان 3- ناندانی شەست هەژار. بەو کەفارەتە تاوانبار لەتاوانەکەی پاك دەبێتەوە.

## 15- ئەوەی بۆ ڕۆژووگر دروستە:

یەکەم: سیواك کردن، تا نیوەڕۆ سیواك کردن باشە بۆ ڕۆژووگر، بەڵام پاش نیوەڕۆ لەمەزەبی شافیعیدا کەراهەتی هەیە، و باشتر وایە کە سیواك نەکات.. زانایانی شافیعی پێیان وایە سیواك کردن تامی ناخۆشی دەم ئەگۆڕێ، و پێغەمەریش ﷺ فەرمویەتی: بۆنی ناخۆشی دەمی ڕۆژووگر - لای خوا - لەبونی میسك خۆشترە. ئەم بۆنەی زاری ڕۆژووگر لەپاش نیوەڕۆوە پەیدا ئەبێت، ئەگەر سیواك بکات، ئەو بۆنەی نامێنێ..

خاوەنی (تحفەتول ئەحوەزی لە شەرحی تیرمزی)دا ریوایەتێك باس دەکات، وامنیش دەیخەمە بەر دیدی خوێنەران:

(عبدالرحمن)ی کوڕی (غونم) ئەفەرموێ: لە (موعازی کوڕی جەبەل)م پرسی و وتم: من بەڕۆژووم وسیواك ئەکەم، لە ڕۆژا تا چ کاتێك سیواك بکەم؟ فەرمووی لە هەرکاتێکا مەیلت لێ بوو سیواك بکە، بەیانیان ئێواران. وتم: خەڵکی ئەڵێن: کەراهەتی هەیە، چونکە پێغەمەر ﷺ فەرموویەتی: بۆنی

43- أخرجه مسلم في كتاب الصيام/ باب تغليظ تحريم الجماع، ص: 470، برقم: 1111.

ناخۆشی دەمی ڕۆژووگر - لای خوا - لەبۆنی میسك خۆشترە. ئەویش فەرمووی: سوبحانەڵلا !! پێغەممەر ﷺ خۆی فەرمانی داوە سیواك بكەن، و خۆیشی لێی روون بووە كە دەمی ڕۆژووگر بۆنی هەیە، باسیواكیش بكات. خۆ پێغەممەر ﷺ فەرمانی پێنەكردوون ئەوان دەمی خۆیان بۆگەن بكەن.. وە نەبێ ئەوە شتێكی باش بێ، بەڵام دەسەڵات نییە.

خاوەنی شەرحەكە پێی وایە كە گۆڕانی تامی دەم، و پەیدابوونی ئەو بۆنە ناخۆشە سەرچاوەكەی دەم نییە، بەڵكو بەهۆی خاڵی بوونی گەدە (معدە)وە، پەیدا ئەبێت، و سیواك كردنیش ئەو بۆنە ناگۆڕێ[44].

لەبارەی سیواك كردنەوە فەرموودەیەكی تر هەیە كە پشتیوانی بـــــۆ چوونەكەی ئەو زانایە: (عَنْ عَامِرِ بْنِ رَبِيعَةَ قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ مَا لا أُحْصِي، يَتَسَوَّكُ وَهُوَ صَائِمٌ.) [45].واتە: ئەوەندەم پێغەممەر ﷺ بینیوە كە سیواكی كردووە و بەڕۆژوو بووە لە ژمارە و باسكردن نایەت.

لەمەزەبی شافیعیشا سیواك كردنی دوای نیوەڕۆ تەنیا كەراهەتی هەیە، دەنا وەنەبی گوناهبێت..

دووەم: خۆ فێنك كردنەوە، لەوەرزی گەرمادا خۆ فێنك كردنەوە بەئاوی سارد دروستە، ئەوەتە یەكێك لەهاوەڵەكان ئەفەرموێ: پێغەممەرم لە (عەرج)دا بینی كە بەڕۆژوو بوو ئاوی بەسەر خۆیا دەكرد، لە تینوویەتیدا، یا لە گەرمادا:

" لقدْ رَأيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ بالعرج: يُصيبُ عَلَىَ رأسه المَاءَ وَهوَ صَائمٌ، مِنَ العَطشِ أو مِنَ الحَرِّ" [46].

44- تحفة الأحوذي في شرح جامع الترمذي: 42/2.
45 - أخرجه أبوداود في كتاب الصوم /باب السواك للصائم، برقم: 2364.
46- أخرجه أبوداود في كتاب الصوم /باب الصائم يصب عليه الماء، برقم: 2365.

سێهەم: چاو ڕشتن بە كل، ئەوەتە ئەنەسی كوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێ بۆمان باس ئەكات كە پێغەممەر ﷺ لەكاتێكا بەڕۆژوو بوە چاوی بەكل ڕشتوە " عن أنس بن مالك: " أنَّهُ كانَ يَكتَحِلُ وهوَ صَائمٌ " [47].

چوارەم: خۆ بۆنخۆشكردن، بەكارهێنانی بۆن وبۆنكردن دروستە، چونكە لەمبارەوە فەرموودەیەك نییە نەهی لێكردبێ، و بەخراپی لە قەڵەم دابێ..

پێنجەم: سەفەركردن، ئەوەی لەڕەمەزانا سەفەر بكات، و سەفەرەكەیشی دوور بێت، ئەبێ پێش لەنوێژی بەیانی لەسنووری شار یا ئاویی بچێتە دەرەوە، یا دەبێ ئەو ڕۆژە بەڕۆژووبێت مەگەر بكەوێتە مەترسیەوە، ئەوكاتە بۆی هەیە ڕۆژووەكەی بشكێنێ.. هەروەك لەم فەرمودەوە زانایان وەریان گرتووە:

" أنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ خَرَجَ إِلَى مَكَّةَ فِي رَمَضَانَ فَصَامَ حَتَّى بَلَغَ الْكَدِيدَ أَفْطَرَ، فَأَفْطَرَ النَّاسُ "[48].

واتە: پێغەممەر ﷺ لەڕەمەزاندا ڕێكەوت بۆ مەككە، بەڕۆژووبوو تا گەیشتە كەدید، ئینجا ڕۆژووەكەی شكاند، خەڵكیش بەشوێن ئەوا شكاندیان..

## 16- ئەو شتانەی چاوپۆشیان لێكراوە:

ئاینی ئیسلام كارئاسانی بۆ موسوڵمانان ئەوێ نەك زەحمەت و كارگرانی، ئەوەی ڕۆژووگر توانای خۆپاراستنی لێی نەبێ،چاوپۆشی لێكراوە، وەك:

1- تف قووتدان، بەمەرجێ تفی خۆی بێ نەك یەكێكی تر بتفێتە دەمیەوە، بەڵام ئەگەر تاڵێكی بەدەمیا هێنا و بەتف تەڕی كرد، و پاشان خستیەوە دەمی و هەڵی مژی و تەڕایی لەدەزوەكە جیابووە و قووتی دا، ئەوە ڕۆژووەكەی ئەشكێ، چونكە كاری وا ئەتوانێ بەئاسانی خۆی لێ بپارێزێ..

47- أخرجه أبوداود في كتاب الصوم /باب في الكحل عند النوم للصائم، برقم:2378.
لەم بارەوە ریوایەتێكی بەیهەقی هەیە، بەڵام سەنەدەكەی لاوازە..
48- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب إذا صام أياما، ص: 384، برقم: 1842. چاوگەیەكە لەنێوان مەكە ومەدینەدا .

2- رشانەوەی ناچاری، ئەگەر بەناچاری رشایەوەو ئەوەی لە توانایا بوو تفی کردەوە، و ئەوەشی کەتوانای بەسەریا نەبوو رۆیشتەوە ناوسکی، ئەوەش چاوپۆشی لێ ئەکرێ..

3- شت پەڕینە قورگەوە، ئەگەر لەناکاوا مێشێك پەڕیە قوڕگیەوە، و بۆی نەهاتە دەرەوە ئەوەش رۆژووەکەی ناشکێنێ..

4- تۆز و غوبار، تۆزی رێگا، و دووکەڵی دار و کارگە، وتۆزی ئارد، لە کاتی ئاردبێژاندا، ئەگەر ئەمانە رۆیشتنە گەرووی رۆژووگرەوە و خۆ لێ پاراستنیان لەتوانادا نەبوو، ئەوانەش چاوپۆشیان لێکراوە..

5 – گەر ئادەمزاد لەشەوا خۆشۆردنی لەسەر واجب بوو، سوننەتە پێش نوێژی بەیانی خۆی بشۆرێ، تا نوێژی جەماعەتی لە کیس نەچێ، بەڵام ئەگەر تا دوای بانگ بۆی نەکرا خۆی بشۆرێ، ئەوەش چاوپۆشی لێکراوە.. بەپێی ئەو فەرموودەیەی حەزرەتی عائیشە باسی ئەکات و لە بوخاری وموسلیمدا هاتووە" كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُدْرِكُهُ الْفَجْرُ فِي رَمَضَانَ مِنْ غَيْرِ حُلْمٍ فَيَغْتَسِلُ وَيَصُومُ"[49].واتە: وا رێکەوتووە پێغەمبەر ﷺ لەرەمەزانا غوسڵی لە سەربووە بێخەوبینین، و پاش بانگی بەیانی خۆی ئەشۆرد و بەڕۆژوو ئەبوو.

ئەمەش بۆ ئەوە بووە تا موسڵمانان بزانن ئەگەر لەرەمەزاندا غوسڵیان لەسەر بوو، و لەپاش نوێژەوە خۆیان شۆرد گوناهبار نابن..

هەروەها ئەگەر لەرۆژی رەمەزاندا رۆژووگر خەوی لێکەوت و شەیتانی بوو، ئەوە هیچ زیانێ بەڕۆژووەکەی ناگات، خۆ ئەگەر نوێژەکانی فەوتاند لەسەر نوێژەکانی گوناهبار دەبێت، دەنا رۆژووەکەی دروستە.

6- کەسێك لەیادی نەبوو نانی خوارد، یا ئاوی خواردەوە، ئەوەش چاوپۆشی لێکراوە، و رۆژووەکەی دروستە، بە مەرجێ هەر لەگەڵ بیری

49- أخرجه البخاري في كتاب الصوم /باب اغتسال الصائم، ص: 381، برقم: 1795.

کەوتەوە چی لەزاردایە تفی بکاتەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: " إِذَا نَسِيَ فَأَكَلَ وَشَرِبَ فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللَّهُ وَسَقَاهُ."[50].

واتە: گەر کەسێ لەبیری نەبوو کە بەڕۆژووە ونانی خوار یا ئاوی خواردەوە، بالەسەر رۆژووەکەی بەردەوام بێت، (و نەڵێت: رۆژووەکەم شکاوە باتێر بخۆم، نە، هەر لەگەڵ بیری کەوتەوە خێرا واز لەخواردن وخواردنەوەکە بێنێ،) چونکە ئەوە خوا نان و ئاوی دەرخوارد داوە..

## 17- ئەوانەی بۆیان هەیە بەڕۆژوونەبن:

یەکەم، رێبوار وسەفەری. ئەگەر رۆژووگر لەشوێنی خۆیەوە بۆشوێنێکی تر رۆیشت، و ئەوشوێنەش کە بۆی دەچوو لەدوو قۆناغ کەمتر نەبوو، واتە: هەشتاو یەك کیلۆ مەتر ئەبوو، بۆی هەیە بەڕۆژوو نەبێت، بەلاّم ئەگەر تووشی زەحمەت وئازار نەدەبوو بەڕۆژووبێت باشترە، قورئانیش ئەفەرموێ:" فَمَنْ كَانَ مِنكُمْ مَرِيضًا أَوْعَلَىَ سَفَرٍ فَعِدَةٌ مِنْ أيام أخَرَ"[51].

واتە: ئەوەی لە ئێوە نەخۆش یا لەسەفەرا بوو، با لەرۆژانێکی ترا بیگرێتەوە.

دووەم: نەخۆش، یەکێکی تر لەوانەی بۆیان هەیە لەرەمەزاندا بەڕۆژوو نەبن، مرۆڤی نەخۆشە، بەپێی ئەو ئایەتەی پێشتر باسمان کرد، جا ئەگەر نەخۆشەکە بەتەمای چاك بوونەوە بوو ئەوا پاش چاك بوونەوە ئەیگرێتەوە، خۆ ئەگەر بەتەمای چاك بوونەوە نەبوو، ئەوا لەبیاتی هەر رۆژێ مشتێ گەنم بە هەژارو نەدار ئەدات. یا ژەمێك لەخواردنی مام ناوەندی خۆی.

سێهەم: پیر و بەساڵاچوو، ئەمانەش بۆیان هەیە بەڕۆژوو نەبن، بەمەرجێ ئەوموسوڵمانە پیاوبێ یا ئافرەت ئەوەند پیر بێت ئەگەر بەڕۆژوو بێت، پەکی بکەوێت و زیانی پێبگات. ئەوانەی لەبەر تەمەن زۆری ناتوانن

50- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب إذا أكل أو شرب ناسيا، ص: 381، برقم:1797.
51- سورة البقرة/183.

بەرۆژوو بن لەجیاتی هەر رۆژێك نانی هەژارێك ئەدەن لە فیدیەدا، بەپێی ئەم ئایەتە:" وَعَلَى الذينَ يُطِيقونَهُ فِديَةٌ طَعَامُ مِسْكينٍ "[52]. واتە: ئەوانەی ئەگەر زۆر لەخۆیان بکەن ئەتوانن بەرۆژووبن- بەڵام تووشی زەحمەت و نارەحەتی دەبن —ئەوانە لەبری هەر رۆژێك نانی هەژارێك بدەن.[53].

چوارەم: ئافرەتی دووگیان و شیردەر، ئەگەر ئەو ئافرەتانە لەوە بترسن گەر بەرۆژووبن خۆیان زیانیان پێ بگات، یان زیان بەخۆیان و منداڵەکانیان بگات، وەك ئەوە سکەکەیان لەبار بچێت، یاشیرەکەیان وشك بکات، یا زیانی تر ئەوە بۆیان هەیە بەرۆژوو نەبن، بەڵکو پێویستە بەرۆژوو نەبن، ئەمانە تەنیا گرتنەوەی رۆژووەکەیان لەسەرە بەبێ فیدیە، بەڵام ئەگەر تەنیا لەوە دەترسان کە مناڵەکەیان زیانی پێ بگات، ئەوە فیدیە و گرتنەوەی رۆژووە کەشیان لەسەرە.. ئەمە رای شافیعی و حەنبەلیەکانە.. بەڵام رای حەنەفییە کان وایە: تەنیا رۆژووەکەیان بگرنەوە بەبێ فیدیە[54].. ئەم بۆ چوونەی حەنەفییەکان لەگەڵ رەهایی ئایەتەکەدا دەگونجێ..

پێنجەم: ئەوانەی کاری گرانیان هەیە، وەك گێرە و کێشە، و درەوی دەغل بۆ جووتیار. یا ئاسنگەری و بەننایی، بەمەرجێ بەشەوا ئەوکارەیان بۆ ئەنجام نەدرێ.. یا ئەگەر لەشەوا ئەنجامیان دا باش دەر نەچێ، ئەمانەش بەسێ مەرج بۆیان هەیە بەرۆژوو نەبن: مەرجی یەکەممان باس کرد، مەرجی دووەم ئەوەیە: ئەگەر لەوکاتەدا کارەکە نەکات تووشی زیانی ماڵی ببێ بە جۆرێکی وا تەحەممول نەکرێ. مەرجی سێهەم ئەوەیە: لەکاتێکی ترا بتوانێ رۆژووەکە بەقەزا بگرێتەوە[55]..

52- سورة البقرة/183.
53- صحيح البخاري كتاب التفسير/باب قوله تعالى(أياما معدودات)ص:929، برقم:4505. ئیبنوعەبباس(خوا لێیان رازي بيَ) بەم جۆرەی باسکرا ئایەتەکەی تەفسیری کردۆتەوە.
54- المغني المحتاج في شرح ألفاظ منهاج، 440/1، و التاج الجامع للأصول 77/2.
55- شه ريعه تي ئيسلام 242/1. جابي دووه م.

## 18- رۆژووگرتنەوە لە بیاتی مردوو:

زانایان لەوەدا یەك ران کە رۆژووگرتن لەبیاتی کەسێکی زیندوو دروست نییە. بەڵام ئەگەر یەکێك پێش ئەوەی بتوانێ رۆژووەکەی بگرێتەوەو مرد، وەك ئەوکەسەی نەخۆشیەکەی یا سەفەرەکەی بەردەوام بوو تا کاتی مردن، پێویست نیە رۆژووەکەی بۆ بگێررێتەوە، یا خواردنی لە فیدیەدا بۆ بدرێ، چونکە درێغی نەکردووە، و گوناهبار نەبووە..

ئەگەر یەکێك مردو رۆژوو قەرزار بوو، و پێش ئەوەی بمرێت ئەیتوانی بیگرێتەوە، بەڵام پشتگوێی خست، ئەوەدروستە کەس وکاری رۆژووەکەی بۆ بگرنەوەو فیدیەی بۆ نەدەن، بەڵگەش ئەم فەرموودەیەی پێغەممەرە ﷺ کە فەرموویەتی:" مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صِيَامٌ صَامَ عَنْهُ وَلِيُّهُ "[56]. واتە: ئەوەی مردوو رۆژووی لە سەربوو دروستە کەسوکاری —قەرزەکەی بۆ بدنەوەو - لەبیاتی ئەو بەرۆژووبن. ئەمە رای پێشینی ئیمامی شافیعییەو ئیمامی نەوەویش ئەم رایەی هەڵبژاردووە..

بەڵام ئیمام ئەبوحەنیفە ومالیك و ئیمامی شافیعی لەفتوای تازەیدا رایان وایە کە خزم و کەسوکار رۆژووەکەی بۆ ناگرنەوە، و بۆ هەر رۆژێك نانی هەژارێك ئەدەن لەکەفارەتیا، بەڵگەشیان ئەم فەرموودەیە:"مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صِيَامُ شَهْرٍ،فَلْيُطعمْ عَنهُ مَكانَ كلَّ يَوْمٍ مِسْكينًا "[57]. واتە: ئەوەی مرد و رۆژووی مانگێك قەرزار بوو، با کەسوکارەکەی لەبری هەر رۆژێك ژەمە نانی هەژارێك بدەن..

56- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب من مات وعليه صوم، ص: 381، برقم:1816.
57- أخرجه الترمذي في كتاب الصوم/باب ماجاء من الكفارة، برقم: 651.

ئیمامی نەوەوی رای پێشووی پێ پەسەندە، چونكە بەڵگەكەی فەرموودەی (صحیح)ە، و پێی وایە دووەم لاوازە و هێزی فەرموودەی یەكەمی نییە(58)، و فەرموودەی یەكەم پشتیوانی (صحیح) یشی زۆرە.

## 19- ڕۆژوو لەجەمسەری باكوور و باشووردا:

هەندێ جار ئەم پرسیارە بەگوێی موسوڵمانانندا ئەدرێت: ئایا دانیشتوانی جەمسەری باكوور و باشوور(القطب الشمالي و الجنوبي) چۆن بەڕۆژووبن، كە شەویان شەش مانگە و ڕۆژیشیان شەش مانگ؟

لە وەڵامدا زانایانی شەرعزان سێ چارەسەریان بۆ دیوەتەوە:

یەكەم: دانیشتوانی ئەو شوێنانە نوێژ و ڕۆژوویان وەك دانیشتوانی مەككەو مەدینە ئەبێ، كە پەیامی خوای تیا هاتۆتە خوارەوە..

دووەم: نوێژ و ڕۆژوویان وەك دانیشتوانی نزیكترین ولاتێك لەوانەوە ئەبێ كە شەو ورۆژیان ئاسایی بیت..

سێهەم: نوێژ و ڕۆژوویان بەپێی سەعات ئەنجام ئەدەن، بۆ نموونە: دوانزە سەعات بەڕۆژوو ئەبن و دوانزە سەعاتیش بەڕۆژوو نابن، ساڵێك بۆ ماوەی سیی(30) جار، و ساڵێكی تریش بۆ ماوەی بیست ونۆ (29) جار، چونكە رەمەزان یا سیی ڕۆژە، یا بیست و نۆ..

ئەم بۆ چوونەی دوایینیان لە فەرموودەیەكی پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵێنجراوە كە بەدرێژی باسی دەجاڵی تیا ئەكات، وئەمەش بەشێكیەتی كە ئەفەرموێ: " قلنْا: وَمَا لَبْسُهُ فِي الأرْضِ؟ قالَ: أرْبَعونَ يَوْماً، يَوْمٌ كَسَنَةٍ،وَ يَوْمٌ كَشَهْرٍ، و يَوْمٌ كَجُمُعَةٍ، وَسَائِرُ أيَّامِهِ كَأيَّمِكُمْ. قلنْا: يارَسُولَ الله! فذلكَ اليومُ الذي كسَنَةٍ أتكفينَا فِيهِ صَلاةُ يَوْمٍ؟ قالَ: لاَ، اقدُرُوا لهُ قَدْرَهُ.."(59).

واتە: وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ! چەند ڕۆژ لەسەر زەویدا ئەمێنێتەوە؟ فەرمووی: چل ڕۆژ ئەمێنیتەوە، ڕۆژی یەكەمی بەقەد ساڵێك درێژە، و دووەمی وەك مانگێك و سێهەمی وەك هەفتەیەك، و ڕۆژەكانی تری وەك ڕۆژی ئاساییتان وایە. وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەو ڕۆژەی كە بەقەد ساڵێك درێژە، ئایا نوێژی ڕۆژێكمان بەسە؟ واتە: ئایا تەنیا نوێژی ڕۆژێكی تیا بكەین كە پێنج نوێژە؟ فەرمووی نەخێر، كاتەكانی بەقەد شەو و ڕۆژی ئاساییتان تیا بخەمڵێنن..

ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە بۆ ئەوە كە نوێژ و ڕۆژووی ئەو جەمسەرانەی ڕۆژێكیان نیوساڵە، بەكاتی ڕۆژی ئاسایی بیخەمڵێنن..

## 20- شەوی قەدر:

خوێنەری بەڕێز! لەبارەی شەوی قەدرەوە چی بنووسین؟ هەرچی بڵێین هەركەمەو مافی خۆیمان نەداوەتێ، شەوێك كەخوا وەصفی ئەكات بە شەوی ڕێز، و بەدەقی قورئانیش عیبادەتكردن تیایا لەهەزار مانگ چاترو باشترە.

بەڵێ لە ئاوەها شەوێكی پیرۆزدا شەرەفی پێغەمبەرایەتی بەكاملترین مرۆڤی ئەم سەر زەمینە بەخشرا،خوا بەپەیامی خۆی پلەو پایەی بەرز و بڵند كردەوە، تا بەهۆی ئەو پەیامەو هەلگرەكەیەوە مرۆڤایەتی لەزەلكاوی نەگبەتی ونەفامی دەر بهێنێ، و دەستی بگرێ و بەرەو ڕێی ڕووناك ڕێنوێنی بكات، تا لەتاریكستانی خۆپەرستی وبت پەرستی رزگاری بكات و بەرەو خۆ نەویستی وخواپەرستی ببات..

لەم شەوەدا یەكەم تیشكی نووری بەرنامەكەی پەروەردگار سەرگۆی زەوی ڕووناك كردەوە، و تاریكستانی كوفری پێ تەرا، پەیكەری شێرپەنجەی ڕەگەزپەرستی شەقار شەقار كرد، و دەردەكانی نەفامی گۆڕ بەگۆڕ كرد..

لەم شەوەدا فریشتەی ئاسمان لەشەقەی باڵی دا، و لەتەك خۆیا بۆ دانیشتوانی سەر زەوی ئاشتی و برایەتی و دادگەری و بەختەوەری لەدنیای ڕۆحانییەوە بەدیاری هێنا..

---

58- مغني المحتاج في شرح ألفاظ منهاج، 439/1.

59- أخرجه مسلم في كتاب الفتن /باب ذكر الدجال وصفته، ص:1228، برقم: 5228.

لەم شەوە پیرۆزەدا یەکەم پۆلی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان گەیشتنە سەر ئەم ئەستێرە بچکۆلەیەی ئێمە، تا رێی بەختەوەری بەئادەمزادی سەرزەوی بناسێنێ، و لەکلۆلی و کوێرەوەرییەوە بەرەو بەختەوەرییان بەرێ..

بەڵێ گەورەترین دڵ ودەروونێ لەومیوانە ئازیزانە پێشوازی کرد کە ئەویش(**محمد المصطفى**)بوو، صەلات وسەلامی خوای لەسەربێ، خوا رێنوێنی کردن تا ببنە میوانی، و ببێتە هەڵگری شکۆمەندترین پەیامی ئاسمانی، و پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات، کام مرۆڤ؟ ئەو مرۆڤەی خوا رێزی لێگرتووە، و ستەمکاران ئەیانەوێ ئەو رێزەی لێزەوت بکەن!!

بەڵێ لەم شەوەدا سەرەتای وەحی دەستی پێکرد و قورئانی پیرۆز هاتە خوار، ئەو قورئانەی وەك بورکانێك دام و دەزگای ستەمکاران و خوێنمژانی پێچایەوە، و تەختی پاشاو ماشاکانی سەرەولێژ کرد..

بەڵێ، بەراستی شەوی قەدر لەسیی هەزار شەو چاکتر بوو، شەوێك رێنوێنی و رووناکی بۆ ئادەمزاد تیا بێت ئەوشەوە لەهەزار مانگی تاریکی و سەرگەردانی چاترە، هەروەك دەزانین نرخی رۆژ بە دەقیقە و سەعاتەکانیەوە نییە، بەڵکو نرخی رۆژ بەو رووداوانەوەیە کە خێرو خۆشی پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکەن..

ئەوەندە بەسە لەبارەیەوە خوا بفەرموێ: (لَيْلَةُ القدْرِ خَيْرٌ مِنْ ألفِ شَهرٍ).واتە: شەوی قەدر لەهەزار مانگ چاترە..

پێغەممەر ﷺ ئەفەرموێ:"و مَنْ قامَ لَيْلَةَ القدرِ إيمَاناً وَاحتِسَابًا، غُفِرَ لَهُ مَاتقدمَ منْ ذنْبِهِ"[60]. واتە: ئەوەی شەوی قەدر خواپەرستی بکات و باوەڕی بەو پاداشتە هەبێ کە خوا بۆی داناوە خوا لەگوناهی رابوردووی خۆش ئەبێ.

60- أخرجه البخاري في كتاب فضل ليلة القدر/باب فضل ليلة القدر، ص:397، برقم:1875.

لەبارەی نزاو پاڕانەوە لەم شەوەدا حەزرەتی عایشە خوالێی رازی بێ ئەفەرموێ: وتم: ئەی پێغەممەری خوا ! ئەگەر لەشەوی قەدرا دانیشتم و ئەو شەوەم بە پەرستنەوە بردە سەر چ دوعایەك بکەم؟

فەرمووی: بلێ: " اللهُمَّ! إنكَ عَفوٌ كَرِيمٌ تُحِبُّ العَفوَ فَاعْفُ عَنِّي"[61]. واتە: ئەی پەروەردگار! بەراستی تۆ لێبوردەو بەخشندەیت، و لێبوردەییت پێ خۆشە، تۆیش لێم ببورە و بم بەخشە.

هەروەك حەزرەتی عائیشە بۆمان باس ئەکات پێغەممەر ﷺ لە دە شەوی دواینی مانگی رەمەزانا لە مزگەوتا ئەمایەوەو پەرستنی دەکرد. بەشی زۆری زانایانی ئیسلام رایان وایە کە: لەیلەتول قەدر لە دەشەوی دواینی مانگی رەمەزاندایە، پێغەممەریش ﷺ فەرموویەتی:"تَحَرّوا لَيلةَ القدْرِ فِي العَشْرِ الأواخِرِ مِنْ رَمَضَانَ"[62].

واتە: لە دە شەوی دواینی رەمەزانا بەتەمای لەیلەتول قەدر بن و بەشوێنیا بگەڕێن..

بۆ ئاگاداری ئیعتیکاف واتە: مانەوە لەمزگەوتا بەنیازی عیبادەت، بە لای ئیمامی شافیعی و مالیکی و داودی زاهیرییەوە لەهەر مزگەوتێکدا پێی بوترێت: مزگەوت دروستە، بەڵام بەلای ئیمام ئەبو حەنیفە و ئەحمەد و ئیسحاقەوە لە مزگەوتێکا دروستە کە نوێژی پێنج فەرزە و جەماعەتی تیا بکرێت، بەڵام بەڵگەی ئیمامی شافیعی ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ:" وَلاتبَاشِرُوُهُنَّ و أنْتمْ عَاكِفونَ فِي المَسَاجِدِ"[63]. واتە: نزیکیان مەکەونەوە کاتێ لە مزگەوتەکانا لە ئیعتیکافا بوون. مادام فەرموودەیەکی دروست وساغ لەو بارەوە نەبێت کە مزگەوتەکە تایبەت بکات، بە گشتی ئەمێنێتەوەو هەر

61- أخرجه الترمذي في كتاب الدعوات/باب ماجاء في عقد التسبيح باليد/ باب منه، برقم: 3435.
62- أخرجه مسلم في كتاب الصيام/باب فضل ليلة القدر، ص: 497. برقم: 1998.
63- سورة البقرة/187.

شوێنێك بۆ مزگەوت دروستكرابوو ئیعتیكافی تیا دروستە، بەڵام پێی وایە مزگەوتێ كە جومعەی تیا بكرێ باشترە تا ئەوەی جومعەی تیا نەكرێ، بۆ ئەوەی پێویستی بەوە نەبێ بڕواتە دەرەوە بۆ نوێژی جومعە، و لەو خیلافەش رزگاری ببێ كە هەندێك رایان وایە ئیعتیكاف واجبە لە مزگەوتی جومعەدا بێت [64].

مانەوە لە ژوورێكی ناوماڵ یا قوتابخانە یا كارگە یا دایەرە دا بە عیبادەتی ئیعتیكاف دانانرێت..

## 21- نوێژی تەراویح:

پێویستكردنی رۆژووی مانگی رەمەزان یەكێ لەو نیعمەتە گەورانەیە كە خوا بەموسوڵمانانی بەخشیوە، و پێغەمەریشﷺ نوێژی تەراویحی تیا كردۆتە سوننەت، تا چوستوچالاكی بۆ لەشەكانمان بگەڕێنێتەوەو لەشساغ و تەندروست بین، و گیانمان گەشە بكات و خۆشی و هێمنی بۆ بگەڕێتەوە، تا لەمانگی رەمەزاندا مانگی قورئان و رۆژوو فەرمانەكانی خوا بەجێ بێنین.

(عبدالرحمن بن عوف) خوا لێی رازی بێ ئەفەرموێ: پێغەمەر ﷺ فەرمووی: " إِنَّ اللهَ تبَارَكَ وتَعَالَىَ فَرَضَ صِيام رَمَضَانَ عَليكمْ، وسَنَنْتُ لكمْ قيَامَهُ، فمَنْ صَامَهُ وَقَامَهُ إِيمَاناً وَاحْتِسَابًا، خَرجَ مِنْ ذنُوبِهِ كيَوْمٍ وَلَدَتهُ أُمُّهُ "[65]. واتە: بێگومان خوای باڵادەست رۆژووی رەمەزانی لەسەر پێویست كردوون، ومنیش تەراویحەكەیم بۆ كردوونەتە سوننەت، ئەوەی لەرۆژەكانیا بەرۆژووبێت و شەوەكانی تەراویح بكات، و باوەڕی بەوە هەبێت رۆژوو فەرزەو تەراویح سوونەتە، وهیوای پاداشتیشی هەبێ، گوناهی بەسەرەوە نامێنێ، و وەك ئەورۆژەی لەدایك بووە ئاوا بێگوناه دەبێت.

64- سەیرێكی (مغني المتاج إلى معرفة معاني الفاظ المنهاج)بكە، 450/1.

65- أخرجه النسائي في كتاب الصيام /باب ذكر اختلاف يحي بن كثير، برقم:2180.

پێغەمەرﷺ فەرموویەتی: " إِنَّ خَيْرَ صَلاةِ المَرأِ فِي بَيتِهِ الاَّ الصَّلاَةَ المَكتُوبَةَ"[66]. واتە: باشترین وگەورەترین نوێژ نوێژێكە مرۆڤ لەماڵ خۆیا بیكات، جگە لەنوێژی فەرز. ئایانوێژی تەراویحیش بەتەنیاو لەماڵەوە بكرێت؟

لەمەزەبی شافیعی وحەنەفی وحەنبەلیدا باشتر وچاتر وایە لەمزگەوتاو بەجەماعەت بكرێت، بەڵگەشیان ئەو فەرمودەیە كە حەزرەتی عایشە ئەفەرموێ: پێغەمەرﷺچەند شەوێك لەمزگەوتا نوێژی كرد و خەڵكیش لەپشتیەوە نوێژیان بەجەماعەت دابەست، پاشان نەرۆیشت بۆ مزگەوت و لەماڵی خۆیا نوێژەكەی ئەكرد..

پێغەمەرﷺ هەشت ركات تەراویحی كردوە، و سێ ركاتیش وەتر، ئەم فەرموودەیەش ئیمامی بوخاری و موسلیم و تیرمیزی و نەسائی و ئەبوداود لەحەزرەتی عایشەوە ریوایەتیان كردووە..

بەڵام ئەگەر بیست ركات بكرێت بەمەرجێ بەبیر كردنەوەو هۆشیاری و گەردنكەچییەوە بكرێت پاداشتی زۆرترە، چونكە ئەمە نوێژی شەوەو نوێژی شەویش سنووری بۆ نییە، و ئیمامی بەیهەقی فەرموودەیەكی ساغ و دروست ریوایەت ئەكات كە لەسەردەمی حەزرەتی عومەردا بیست وسێ ركات كراوە. و ئیجماعی صەحابەی لەسەر دروست بووە..

## 22- نوێژی جەژن:

كاتێك پێغەمەرﷺ تەشریفی بۆ مەدینە برد، خەڵكی لە دوورۆژا جەژنیان ئەكرد و ئاهەنگیان ئەگێڕا، پێغەمەرﷺ ئەو دوو جەژنەی بۆ گۆڕین بە جەژنی رەمەزان وجەژنی قوربان..

66- أخرجه البخاري في كتاب الأدب /باب مايجوز من الغضب والشدة، ص:1297، برقم: 5648.

لەم کارەی پێغەممەردا ﷺ دوو خاڵ رەچاو ئەکرێت: یەکەم، بۆ ئەوەی شوێنەواری نەفامی نەهێڵێ، و ریشەکەنی بکات. دووەم، تا ئاهەنگی موسڵمانان بە پەرستنی خواوە پەیوەندبێ..

جەژنی رەمەزان پەیوەندییەکی گەورەو پتەوی بە عیبادەتی رۆژووەوە هەیە، ئەوەتە موسوڵمانان کاتێ لەرۆژووی رەمەزان بوونەوە ئەیکەنە جەژن و شادی، چونکە لەماوەی ئەم مانگەدا خوا یارمەتی داون بۆ بە جێهێنانی ئەم ئەرکە ئاینییە گەورەیە، و توانیویانە بەسەر ئارەزووەکانی دەروونیانا زاڵ ببن، و بەربەرەکانێی سەرسەخت ترین دوژمنیان بکەن کە شەیتانە..

سوننەتە لەجەژنی رەمەزاندا موسوڵمانان لەئێوارەی شەوی جەژنەوە تاکاتی نوێژی جەژن (الله أکبر)بکەن، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿وَلِتُكَبِرُوا اللهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ، وَلَعَلَكُمْ تَشْكُرُونَ﴾[67]. واتە: باماوەی دیاریکراو تەواو بکەن، و یادی مەزنی و گەورەیی خوا بکەن کە رێنوێنی بۆ ئەو عیبادەتە کردوون، و یارمەتی داون بۆ ئەنجامدانی، تا بچنە ریزی سوپاسگوزارانەوە..

سوننەتە نوێژی جەژن لە شوێنێکی بەربلاو و دەرەوەی ناو شارا ئەنجام بدرێ، چونکە پێغەممەرﷺ لەدەرەوەی شارا نوێژی جەژنی لە گەڵ موسڵماناندا کردووە،[68] تەنیا جارێك لەناو مزگەوتا نوێژی جەژنی کردووە کە ئەویش بەهۆی بارانەوە بووە..

هەروەها سوننەتە پیاو و ئافرەت گەورەو بچووك بەشداری نوێژی جەژن بکەن، بەڵام ئەبێ ئافرەتان بەجۆرێکی وا بڕۆنە دەرەوە کە غەریزەی جینسی نەورووشێنن..

نوێژی جەژنیش دوو رکاتە، وەك هەموو نوێژێکی تر وایە، ئەوەنەبێ کە لەرکاتی یەکەمدا پێش خوێندنی سوورەتی فاتیحە حەوت جار ئەڵلاهو

67- سورة البقرة/185.
68- راجع صحيح مسلم في كتاب صلاة العيدين/في مقدمة كتاب العيدين، ص: 378، برقم: 1472.

ئەکبەری تیا ئەکرێ، و لەرکاتی دووەما پێش ئەوەی دەست بەخوێندنی فاتیحە بکرێ، پێنج ئەڵلاهو ئەکبەری تیا ئەکرێ، و شێوەی تەکبیرەکەش بەم جۆرەیە: ( سبحان الله، والحمد لله، ولاإله إلا الله، والله أكبر.)

### 23- **سەرفیترە**( زكاة الفطر):

سەرفیترە بریتییە لەو ئەندازە خۆراکەی رۆژووگر لەماڵی خۆی ئەیدات بەکەم دەستان و هەژاران، سەرفیترە بۆ کۆمەکی کردن و یارمەتی دانی هەژارانە، تا لەو رۆژی شاییەدا خۆشی بکەوێتە دڵیانەوەو تاڵاوی نەبوونییان لەبیر بچێتەوە، و بزە سەر لێوەکانیان بدۆزێتەوە..

ئەندازەی سەر فیترە بریتییە لە(ساعێك) لەو قووتەی ئادەمزادی پێدەژی و بەکێشی ئەمڕۆ دائەنرێ بەنزیکەی دوو کیلۆو نیو[69].

سەرفیترە وەك جەژنانەیەك وایەلە دەوڵەمەندەوە بۆ هەژار، و دەشبێتە پاکژ کەرەوەی رۆژووگر لەو شتانەی زیان بەڕۆژووەکەی ئەگەیەنن، و ژەمێکیشە بۆ بێنەوایان، وەك ئیبنو عەبباس فەرموویەتی: " فَرَضَ رَسُولُ اللهِ زَكَاةَ الفِطرِ طُهْرَةً للصَّائِمِ مِنَ اللغْوِ وَالرَّفَثِ، وَطُعْمَةً لِلمَسَاكِينَ" [70].

ئەم زەکاتە نابێ لە رۆژی جەژن دوا بکەوێ، چونکە پێغەممەرﷺ فەرمانی بەهاوەڵەکانی کردووە پێش ئەوەی بڕۆن بۆ نوێژی جەژن ئەو زەکاتە دەر بکەن، ئەوەتە ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێ فەرموویەتی: " فرَضَ رَسُولُ اللهِﷺ زَكَاةَ الفِطرِ صَاعًا مِنْ تمْر أوْ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ، عَلَى العَبْدِ والحُر، وَالذكَرِ وَالأُنثى، والصَّغير وَ الكبير مِنَ المُسْلمينَ، وأمَر بهَا قبْلَ خُرُوج الناسِ إلىَ الصَّلاةِ "[71].

69- سەیریکی نامیلکەی(الصیام)ی مامۆستا محمد محمود الصواف بکە.
70- أخرجه ابو داود في كتاب الزكاة/ باب زكاة الفطر، برقم:1371.
71- أخرجه البخاري في كتاب الزكاة /باب فرض صدقة الفطر، ص: 300، برقم:1407.

لەمەزەبی شافیعیدا لەیەکەم رۆژی رەمەزانەوە دروستە سەر فیترە بدرێت، و لای مالیکی وحەنبەلیەکان رۆژێ یا دوو رۆژ پێش جەژن دروستە بدرێت، و لای حەنەفیەکان پێش جەژن و پاش جەژنیش دروستە.[72].

هەروەها لە مەزەبی حەنەفیدا دروستە لەبیاتی دانەویڵە پارەو پووڵ بدرێ بەسەرفیترەدا، هەرکەس ویستی لەبیاتی دانەویڵە پارە بدات بەسەر فیترەدا بابڵێت: رازیم بەڕای ئیمام ئەبوحەنیفە کە فەرموویەتی: دروستە لە زەکاتی فیتردا پارەو پووڵ بدرێت..

خوا پاداشتی ئیمام بداتەوە بۆ ئەم بۆ چوونەی، چونکە لە سەردەمەدا پارەدان لەبیاتی دانەوێلە بۆ هەژار بەسوود ترە و بۆ خەڵکیش ئاسانتر..

72- سەرێك لە كتێبی( الهداية 1 / 84 ) و( الاختيار 123/1 ) بدە ، لە فيقهی حەنەفيدا.

# بەشی دووەم

## هەندێ

# لە حیکمەت و سوودەکانی رۆژوو

## پێشەكی:

پەروەردگاری مەزن رۆژووی لەسەر پێویست كردووین، و ئەم پێویستكردنەش بێ حیكمەت نییە، چونكە خوای میهرەبان پێویستی بە برسیەتی و تینوویەتی ئێمە نییە، بۆ ئەوەیە تا بەكردەوە بەندایەتی خۆمان بۆ پەروەردگار پیشان بدەین، ئەم بەندایەتییەش هەر بۆ سوودو قازانجی ئێمەیە، ئەو سوودانەیش هەندێكیان قیامەتین، واتە: لەپاشە رۆژا پاداشتی وەردەگرین، و هەندێكیشیان دنیایین، واتە: هەرلەم ژیانی دنیایەماندا سوودی لێ دەبینن..

سوودە قیامەتییەكانمان لە بەشی یەكەمدا و لەباسی گەورەیی رۆژوودا باسكرد، لەهەرشوێنێكی تریشا بەپێویستمان زانی باسی ئەكەین، سوودە دنیاییەكانیش تائێستا هەندێكمان زانیون، و رەورەوەی رۆژگاریش بەردەوامە لەدەرخستنی زیاتری نهێنی و سوودەكانی رۆژوودا، وا ئێمەش لەم بەشەدا هەندێك لەو سوود ونهێنیانە ئەخەینە بەردەستی خوێنەر، تا موسڵمانی رۆژووگر لەگەڵ باوەڕبوونیدا بە راستی بەرنامە و رێبازەكەی زیاتر پشت ئەستوور و دڵنیا بێت، و پتر شانازی بەدین و عەقیدەكەیەوە بكات.

### 1- رۆژوو گیان بەهێز ئەكات:

پێش ئەوەی بڕۆێنە ناو باسەكەوە، ئەبێ شتێك لەبارەی حەقیقەتی ئادەمزادەوە روون بكەینەوە، ئایا ئادەمزاد تەنیا لەش و پەیكەرە؟ یا ئەو كۆئەندام و گوشت و خۆێن و رەگ وئێسكانەیە؟

بێگومان گەر ئادەمزاد بریتی بێت لەمانە شیاوی ئەو نرخ و پلەو پایەیە نییە كە پەروەردگار پێی داوە.. چونكە هەمموو ئاژەڵێكی تریش كۆ ئەندام و گۆسشت وخوێن ورەگ وئێسكی هەیە، بۆیە حەتمەن دەبێ ئادەمزاد جیاوازییەكی لەگەڵ ئاژەڵدا هەبێت، هەروەك لای هەموان روون و ئاشكرایە، ئەوجیاوازیەشیان بریتییە لەو رۆحە ئاسمانییەی لەو لاشە زەوینییەدا نیشتەجێ بووە، ئەو رۆحەی كە مرۆڤ بەهۆیەوە بیر دەكاتەوەو دەفامێ، و تام دەچێژێ، و هەست دەكات، و كاروباری زەوی بەڕێوە دەبات، چاو دەبڕێتە ئاسمان، هەر بەهۆی ئەو گیانەوە بوو خوا فەرمانی بە فریشتەكان كرد كرنووش بۆ ئادەم بەرن.

كرنووش بردنیان بۆ ئادەم لەبەر خاتری گۆشت وخوێن نەبوو، لەبەر خاتری رۆحە خواییەكە بوو، ﴿ وَإِذْ قالَ رَبكَ لِلمَلائِكةِ: إِنِّي خَالِقٌ بَشَراً مِنْ طِينٍ، فَإِذَا سَوَيْتَهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي، فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾[73]. واتە: كاتێ پەروەردگارت بەفریشتەكانی وت: من مرۆڤێك لەقوڕ دروست ئەكەم، كەتەواوم كرد و لەگیانی خۆمم بەبەرا كرد ئێوەش سەری رێزی بۆ دابنەوێنن..

بەڵێ، مرۆڤ بریتییە لەو گیانە ئاسمانییە و لەو لەش و بارە زەوینییە، لەش جێگایە، و گیانیش نیشتەجێ، جڵەوی لەش لەدەست گیاندایە، لەش خانووی گیانە، دروستبوونی خانوو بۆ بەرژەوەندی خاوەن و نیشتەجێ كەیەتی.

بەراستی ئەوانەی گیانیان كردۆتە خزمەتكاری لەشیان و پشتگوێیان خستوە جێی بەزەیین!! ئەوانەی كەهەموو هەوڵ و كۆششیان لە خولگەی گەدەو داوێندایە، و دروشمی هەمیشەییان ئەمەیە: (دنیا بریتییە لەخەو و خواردن و رابواردن، و ئەگەر لەمانە تێر نەبوویت ئیتر دنیات بۆ چییە؟)

بێ كەم و زیاد ئەوانە هەر ئەوانەن كە خوا لەبارەیانەوە ئەفەرموێ: ﴿أَرَأَيْتَ مَن اتَّخذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ؟ أَفأَنْتَ تَكوُنُ عَلَيْهِ وَكِيلاً؟ أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكثرهم يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلوُنَ؟ إنْ هُمْ إِلاَّ كَالأَنعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلاً ﴾[74].
واتە: پێم بڵێ، ئایا ئەوەی هەواو هەوەسی كردۆتە خوای و ئەیپەرستێت، تۆ

---

73- سورة ص/71 و 72.
74- سورة الفرقان/43 و 44.

ئەتوانیت بیپارێزیت لەلادان و سەرکەشیی؟ ئایا پێت وایە زۆربەیان ببیستن یا ژیربن؟- ئەوانە شوێنکەوتەی هەواو هەوەسن، و ملکەچی ئارەزوویانن و لە ریزی ئاژەڵدان — بگرە لەئاژەڵ سەرگەردان تر و چەواشە ترن..

بەڵام کاتێ ئادەمزاد نرخی خۆی زانی و بایەخی بە گیانی دا، هەروەك بایەخدانی بە جوستەی، ئەبێتە موسڵمانێکی پەسەند، خۆ ئەگەر لایەنی رۆحییەکەی بەسەر ئارەزووی لایەنە مادییەکەیا زاڵ ببێ ئەوکاتە دەبێتە فریشتەیەك وبگرە لەفریشتەیش چاکتر. ئەوەتە قورئان ئەفەرموێ: (إِنَّ الذينَ آمَنُوا وَعَمِلوُا الصَّالِحَاتِ أولئِكَ هُم ْخيْرُ البَرِيَّةِ)[75]. واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکەیان کردووە، ئەوانە لەهەموو دروستکراوێکی خوا باشترن..

ئەوەتە پێغەممەر ﷺ لەولامی حەنزەلەدا فەرمووی: (... وَالذي نَفسِي بيَدِهِ انْ لَوْ تَدُومُونَ عَلىَ مَاتكونُونَ عِندِي وَفِي الذكْرِ لَصاَفَحَتكمُ المَكلائكةُ عَلَىَ فُرُشِكُمْ وَفِي ُطرُقِكمْ. )[76]. واتە: سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە: گەر لەسەر ئەوحاڵەتەی لای منن و لەیادی خوادان بەردوام بن، فریشتەکانی عاسمان لەناو جێتان و لەسەر رێگەتانا تەوقەیان لەتەکا دەکردن..

جا یەکێك لەوحیکمەتانەی کە خوا رۆژووی پێویستکردووە ئەوەیە تا ئادەمزاد لەدەسەڵاتی هەواو هەوەسی رزگاری ببێ، و بەسەر هێز و توانای ئارەزووەکانیا زاڵ ببێ، و جڵەوی ئاژەڵیەتی دەروونی بگرێ، و بەرەو لوتکەی بەرزی فریشتەیی هەنگاوبنێ.

هیچ جێی سەر سوڕمان نییە کە گیانی رۆژووگر بەرزببێتەوە و بە نزاو پاڕانەوەکانی لە دەرکەی ئاسمانان بدات و بۆی بکرێتەوە، داوا لە

75- سورة البينة/7.

76- أخرجه مسلم في كتاب التوبة /باب فضل دوام الذكر والفكر، ص: 1159، برقم: 4937.

پەروەردگاری بکات و ئەویش داواکەی وەربگرێ، و داخوازییەکانی جێبەجێ بکات، بانگی خوا بکات، وئەویش بفەرموێ: بەڵێ بەندەی خۆم بەڵێ.!!

ئەوەتە پێغەممەر ﷺ فەرموویەتی: "ثلاثَةٌ لا تُرَدُّ دَعْوتُهُمْ: الصَّائِمُ حَتىَ يُفطِرَ، والإمامُ العادلُ، وَدَعْوَةُ المَظلُومِ"[77]. واتە: سێ تاقم دوعایان گیرایە، و داوایان نادرێتە دواوە: رۆژووگر تا رۆژووەکەی ئەشکێنێ، و پێشەوای دادگەر، و ستەم لێکراو. ئەمانە دوعایان گیرا دەبێ..

## 2- رۆژوو پارێزکاری(تقوى) دروست ئەکات:

کاتێ رۆژووگر بەڕۆژوو دەبێت ویست و ئیرادەی پتەو ئەبێت، چونکە تینووی ئەبێت، برسی ئەبێت، و نان و ئاویشی لەبەر دەستایە، بەڵام دەستی بۆ نابات، حەزئەکات لەتەك خێزانیا رابوێرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە لەپەنایدایە خۆی دەگرێ و شتی وا ناکات، زۆر ئارەزووی لەمیوەیەو بۆیشی ئەلوێ بیخوات، بەڵام دەمی تێوەنادات، ئەمە ئەو چاودێر(مراقب)ەیە کە باوەڕەکەی تیایا دروست ئەکات، بۆیە زانایان ئەڵێن: ئەگەر لەسەر هەرشتێ بۆ چاودێریکردنی خەڵکی چاودێر دابنرێ لە سەر رۆژووگر شتی وا مەحاڵە، چونکە شوێن وجێی پەنهان و دوورەچاو زۆرن، ئەگەر بیەوێ ئەتوانێ لەو شوێنانەدا دوور لە چاودێر نان و میوە بخوات و ئاویش بخواتەوە..

بەڵام کاتێ خۆی بەتەنیایە، و هیچ کەس- جگە لەخوا - ئاگای لێ نییە، و هەمووشتێ لەبەردەستیایە و توخنی ناکەوێت، ئایا جگە لە هەستکردن بە چاودێریەتی خوا ، و فەرمان بەجێهێنانی چ هێزێك هەیە نەیەڵێت ئەوکارە بکات، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر برسی یا تیینووە؟

بیگومان تۆیش ئەڵێت: جگە لەباوەڕەکەی هیچ هێزێکی تر ئەو توانایەی نییە. هەر لەبەر ئەمەیە کە پێغەممەر ﷺ فەرموویەتی:" قال الله

77- أخرجه الترمذي في كتاب الدعوات/باب في العفو والعافية، برقم: 3522.

تعالى: كلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ لهُ إلا الصِّيام، فإنَّه لِي، وأنَا أجْزِي به "[78].

واتە: هەموو کردەوەیەکی ئادەمزاد بۆ خۆیەتی جگە لەرۆژوو، بێگومان رۆژوو هەر بۆ منە و منیش پاداشتی ئەدەمەوە..

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکەین: ئایا چ قوتابخانەیەك هەیە بتوانی ویستی ئادەمزاد ئاوەها پەروەردە بکات وفێری ئەو خۆگرییەی بکات، وەك ئەو قوتابخانەیەی ئیسلام لە رەمەزانا بۆ موسوڵمانانی دەکاتەوە؟..

بێگومان وەڵامەکەی نەرێ یە.. چونکە ئەوانەی تا ئێستا لەبارەی بەهێزکردنی ویست(إرادة)ەوە دوواون تەنیا رۆژوویان بۆ ئەو مەبەستە دیاریکردووە..

بۆنموونە: زانای ئەڵمانی گیهارت لەبارەی بەهێزکردنی ویستەوە کتێبێکی داناوەو تیایا ئەڵێت: رۆژوو گەورەترین بنچینەیە بۆ بەهێزکردنی ویست(إرادة)، و کارامەترین هۆیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ لغاوی دەروونی خۆی بەدەستەوە بێت، و یەخسیری هەواو هەوەسی خۆی نەبێت[79].

ئەم قسانەی گیهارت بۆ هەموو رۆژوویەکە بە شێوەیەکی گشتی، و رۆژووی ئیسلامیش بەشێوەیەکی تایبەت، چونکە رۆژووی ئیسلام جیاوازی لەگەڵ رۆژووەکانی ترا زۆرە، چونکە لە رۆژووی رەمەزانا رۆژووگر هەر لەبەرەبەیانەوە تا خۆر ئاوابوون، هیچ جۆرە خواردنێك ناخوات. کە ئەمە لەهیچ رۆژوویەکی ترا نیە..

کاتێ موسڵمانی رۆژووگر ماوەی مانگێك بەم جۆرە بەردەوام بوو، هیچ دوور نییە بۆ تەواوی ساڵەکە رابێت و ئولفەتی پێوە بگرێ، و واز لەهەموو خراپەیەك بهێنێ، چونکە رۆژووەکە فێری کردووە کە خوا ئاگای لێیە و چاودێریەتی.. کاتێ رۆژووگر ئەو هەستەی تیا دروست بوو، حەتمەن خۆی

78- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب هل يقول: إني صائم، إذا شُتِم؟ ص:376. برقم:1771.

79- لەکتێبی ( روح الدين الإسلامي/256 )ەوە وەرگیراوە.

لەگوناه و خراپە دەپارێزێ، ئەوکاتە خراپەکار کەم دەبێتەوە وئاسایش روو لە کۆمەڵگا دەکات، و بەختەوەری باڵی بەسەرا دەکێشێت..

## 3- رۆژوو خەڵاتە:

مەرجی سەرەکی لە رۆژوودا خۆگرتنە لە داواکارییەکانی گەدەو داوێن، ئەم دوانەش لەناو ئارەزووەکاندا ملهوڕترینیانن، ئەوەی لەماوەی رۆژوودا گەر توانی بەسەر ئەو دوو ئارەزوانەدا زاڵ ببێ، بێگومان بەسەر هەموو ئارەرزووەکانی تریا ئەتوانێ زاڵ ببێت، و بەجۆرێکی وا رێکیان بخات کە لە سنووری حەڵاڵ دەرنەچن..

کاتێ ئەم توانایەی هەبوو و ئەنجامیشی دا ئەوا بەهەشت بۆ خۆی مسوەگەر ئەکات، ئەوەتە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:" مَنْ يَضمَنْ لِي مَابيْنَ لحيَيْه، ومَابيْنَ رجْلَيْه أضْمَنْ له الجَنَّةَ"[80]. واتە: ئەوەی زەمانەتی نێوان هەردوو لاشەویلە و هەردوو لاقیم بۆ بکات، منیش زەمانەتی بەهەشتی بۆ ئەکەم..

واتە: ئەوەی خۆی لەحەرامخواردن و دووزمانی و درۆ و فیتنەیی و باسکردنی خەڵکی لە پاشەملە و ...بپارێزێ، و خۆی لە زیناکردن بەدوور بگرێ، پێغەمبەر ﷺ دەبێتە کەفیلی کە خوا بیخاتە بەهەشتەوە. ئەم جۆرە خۆ پاراستنانەش بەهۆی رۆژووەوە دروست ئەبێت..

## 4- رەمەزان دەورەیە:

لەوڵاتانی جیهاندا ساڵانە خول(دورە) بۆ مامۆستایان و پیشەسازان و کشتوکاڵ ناسان و فەرمانبەرانی ئاسایش و.. هتد، دەکرێتەوە، تا هەریەکەیان لەبارەی تازەترین رێگاوە لەپسپۆری خۆیدا شارەزا بکرێت، لە واقیعدا مانگی

80- أخرجه البخاري في كتاب الرقاق/ باب حفظ اللسان، ص:1367. برقم: 5993.

ڕەمەزانیش خولێکە بۆ موسوڵمانان بە دەوڵەمەند و هەژار و زاناو کرێکار و هەموو توێژەکانیانەوە، تا لەم دەورەیەدا فێری خۆ گرتن بکرێن..

بەڵێ، خولی خۆگری وئارامی، خۆگرتن لەبەرامبەر کارەساتە دڵتەزێنەکانی ڕۆژگارەوە، خۆگرتن لە کاتی لێقەومان و ڕووداوی ناهەموارا، خۆگرتن لە بەدەستهێنانی پارەوە ناندا.. ئەوەی ماوەی مانگێك ڕابهێنرێت لە ڕۆژێکا دوانزە سەعات تا 17 سەعات خۆی بگرێ، لە گەرمای هاویندا و لەو ڕۆژگارە درێژەدا خۆی لەبەر باری تینوویەتی وبرسیەتیدا بگرێ، کە بەفرەچاڵیش لەپەنایا بێت و قومێ ئاو لەزاری نەنێ، وخواردنی خۆشیش لەنزیکیەوەبێت و پارووێەك نەخوات، ئەوەی ئاوا ڕابهێنرێت باشتر ئەتوانێ لەکاتی نەخۆشیدا خۆی بگرێ، و چاکتر لەکاتی بیستنی هەواڵی دڵتەزێندا خۆی بۆ بگیرێ، و زۆر بەئاسانی ئەتوانێ بەرەنگاری هەموو گیرو گرفت و گۆڵەزێك ببێتەوە، و لەسەرخۆ چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە..

پێغەممەر ﷺ فەرموویەتی:" لكلِّ شَيْئٍ زَكاةٌ، وَزَكَاةُ الجَسَدِ الصَّوْمُ، وَالصِّيَامُ نصْفُ الصَّبْرِ"[81]. واتە: هەموو شتێك زەکاتی هەیە، و زەکاتی جوستەش ڕۆژووە، و ڕۆژوویش نیوەی خۆگرییە.

بێگومان ئاینی ئیسلام ئاینی تێکۆشانی بەردەوامە، یەکەم چەکی تێکۆشانیش خۆگرتن و ویستی پتەوە، ئەوەی نەتوانێ بەسەر دوژمنی ناوخۆیا زاڵ ببێ، بێگومان ناتوانێ لەگەڵ دوژمنانی دەرەوەیدا بجەنگێ، و ئەگەر بیش جەنگێ تێدەشکێ.. ئەوەی نەتوانێ لەبەر برسیتی و تینوویەتی ڕۆژێکا خۆی بگرێ، چون ئەتوانێ لە بەر ئێش و ئازاری شەو نخونی و دووربون لەماڵ ومنداڵ ونیشتمانەوە خۆی بگرێ؟

81- أخرجه ابن ماجة في كتاب الصيام/باب في الصوم زكاة الجسد، برقم: 1735.

بێگومان ڕۆژوو گەورەترین وەسیلەیە بۆ ڕاهێنانی بڕوادار لەسەر ژیانی زبری، تا لەکاتی لێقەوماندا سەر بۆ دوژمن نەوی نەکات، کاتێ گەورەترین و بەهێزترین دوژمن هەرەشەی لێکرد لەبەرامبەریەوە چۆك دانەدات، بەڵێ، ڕۆژوو ئەو هێزە گەورە لەڕۆژووگرا دروست ئەکات، و فێری باشترین جۆری خۆگرتنی ئەکات..

### 5- ڕۆژوو سوپاسگوزاریمان فێر ئەکات:

یەکێکیتر لە سوودەکانی ڕۆژوو ئەوەیە کە ڕۆژووگر فێرئەکات نرخی خواردن بزانێ، و لەسەربەخشش و نیعمەتەکانی خوا سوپاسگوزاربێ، چونکە بەردەوامی ناز و نیعمەت هەست ئەمرێنێ، و نرخیان کەم ئەکاتەوە، و بگرە لەیادیشیان ئەباتەوە، کەپەروەدگار چ چاکەیەکی لەگەڵا کردووە!!

مرۆڤ کاتێ نرخی شیرینی ئەزانێ کە تاڵی بێزاری کردبێ، لەکاتی تاریکیدا نرخی ڕۆناکی ئەزانرێت، کاتێ مرۆڤ برسی بوو ئەوسا نرخی پارچەنانێکی ڕەق ئەزانێ، بەتایبەت ئەگەر هەبووش بووبێت.. ڕۆژووگر بە هۆی برسیەتیەوە لەکاتی بەربانگا ئەو نرخە مەزنەی ئەزانێ و هەستی پێ ئەکات و سوپاسی پەروەردگاری لەسەر ئەکات، ئەگەر بەدەمیش نەیڵێت، واقیعی حاڵی سوپاسگوزارە.. بەم پێیە ڕۆژوو دەبێتە کلیلی سوپاسگوزاری..

### 6- تا ئاگامان لە بێ نەوایان بێ:

یەکێکی تر لەحیکمەتەکانی ڕۆژوو ئەوەیە: بەهۆی گەدە و ڕیخۆڵەی خاڵییەوە - بە کردەوە- برسیەتی برسییەکانمان یاد دەخاتەوە، بێگومان ئەوانەی لەناو لانکەی ناز ونیعمەتا پەروەردەکراون وتامیتاڵی برسیەتی و نەبوونیان نەچەشتووە، لەوانەیە وابزانن هەمووکەسێ وەك ئەوان وایە!! مادام هەیانە خەڵکیش هەیەتی!!

بەڵام جێی سەر سوڕمان نییە کە پەروەردگار برسیەتی بکاتە باجێك (ضريبة) تا ئەوجۆرە کەسانە لەو خەوی بێ ئاگاییە وەخەبەربێن، و هەست

بەبوونی هەزاران گەدەی خاڵی و خوانی بێنان بکەن، وبزانن چەندەها کلۆڵ و لێقەوماو هەیە کە بەبرسیەتی ڕۆژگار بەسەر ئەبەن..

جا لەبەر ئەوە موسوڵمانیەتی موسوڵمان و باوەڕی باوەڕدار و مرۆڤایەتی مرۆڤ شیاوی ئەوەیە دڵنەرم و دڵۆڤان بێت، و دەستی کەم دەستان بگرێ و پێویستی بێدەرامەتەکان نەهێڵێ، وئاگای لە لێقەوماوان بێت، چونکە تا ئێمە بەزەییمان بەخەڵکیدا بێتەوە خوا و فریشتەکانیشی بەزەییان بەئێمەدا دێتەوە.. ئەوەتە پێغەممەر ﷺ فەرموویەتی: " الرَّاحِمُونَ يَرحَمُهمُ الرَّحْمَنُ، إرْحَمُوا مَنْ فِي الأرْضِ يَرْحَمْكم مَنْ فِي السَّمَاءِ"[82]. واتە: خوا بەزەیی دێتەوەو ڕەحم بەوانە ئەکات کە بەزەییان بەخەڵکیدا دێتەوە، و ڕەحمیان پێ ئەکەن. ئێوە بەزەیتان بەگیاندارانی سەرزەویدا بێتەوە، فریشتەکانی ئاسمان داوای ڕەحمی خواتان بۆ ئەکەن، و خوایش بەزەیی پیاتانا دێتەوە..

ئەگێڕنەوە حەزرەتی یوسف سلاوی خوای لێ بێ - لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو گەنجینەی میسر لەژێر دەستیدا بوو- زۆر بەڕۆژوو ئەبوو، هۆی ئەوەیان لێ پرسی، لەوەڵاما فەرمووی: ئەترسم گەر تێرببم برسیەتی برسییەکانم لەبیر بچێتەوە..

## 7-ڕۆژوو فێری گوێڕایەڵیمان ئەکات:

لەرۆژوودا بەندایەتی وملکەچییەکی بێوێنە بۆ پەروەردگار بەدی ئەکرێ، ئەم گەردنکەچییەش بۆ فەرمانی پەروەردگار کۆلکەی هاوبەشە لە هەموو پەرستنەکاندا، و بەرزترین ئامانجە لەهەموو فەرزەکاندا، تا ئەو گەردنکەچییەمان تیادروست نەبێ، نەئێمە لەو قسەیەدا ڕاست ئەکەین کە ئەڵێین: بەندەی خواین، و نە عیبادەتەکەشمان پێی ئەوترێ عیبادەت.

82- أخرجه الترمذي في كتاب البر والصلة/باب ماجاء في رحمة الناس، برقم: 1847.

خوا فەرمان ئەدات بەئەنجامدانی چەند کارێك، و دوورکەوتنەوە لە چەند کارێك، بەندەی ڕاستەقینەش ئەوەیە کە ئەڵێت: "سَمِعْنَا وَ أَطَعْنَا" فەرمانی تۆمان پێگەیشت و گوێڕایەڵی بووین.. ئەم بەندایەتی و گوی ڕایەڵبوونە چەند بەجوانی لەدیمەنی ڕۆژووگرا دیاری دەدات، و خۆی ئەنوێنێ!!

هەروەك لەمەوپێش باسمان کرد: ڕۆژووگر برسی ئەبێ، تینووی ئەبێ، خواردن وخواردنەوەشی لەبەر دەستایە، حەزی لەرابواردنە، خێزانیشی لەتەنیشتیەوەیە، بەلاَم واز لەهەموو ئەمانە دێنێ لەبەر ڕەزامەندی خوا، بۆیە خوا خۆی پاداشتی ئەداتەوە..

ڕۆژوو لەئیسلامدا بۆ ئازاردانی مرۆڤ و تۆڵە لێسەندنەوەی دانەنراوە، هەروەك هەندی لەشوێنکەوتوانی ئاینە دەستکاریکراوەکان ئەڵێن.. لە ئیسلامدا بۆ ئەوەیە تا ئیماندار بیسەلمێنێ کە بەندەی گوێڕایەڵی فەرمانی خوایە، و ڕەزامەندی خوا بەدەست بێنێ، ئەو ئایەتەش کە ڕۆژووی پێ پێویستکراوە کۆتاییەکەی بەم ڕستەیە دێت:" يُرِيدُ اللهُ بِكمُ اليُسْرَ وَلايُرِيدُ بِكمُ العُسْرَ "[83].واتە: خوا ئاسانی بۆ ئێوە ئەوێ، و زەحمەتی بۆتان ناوێ..

## 8- بەڕۆژووبن تا لەش ساغ بن:

ڕۆژوو هەروەك زەمینە بۆ بەهێزکردنی گیان ساز ئەکات، باشترین زەمینەش بۆ بەهێزکردنی لەش ساز ئەکات، و هەلێکی باش بۆ تەندروستی دەڕەخسێنێ، چونکە سەرچاوەی بەشی زۆری نەخۆشیەکان لە گەدەوەیە، پێغەممەری خۆشەویستمان ﷺ هێمای بۆ ئەم ڕاستەقینەیە کردووەو فەرموویەتی:" مَا مَلأ آدَمِيٌ وِعَاءً شَرًّا مِنْ بَطْنٍ، بِحَسْبِ ابْنِ آدَمَ أكُلاتٌ يُقِمْنَ صُلْبَهُ، فَإنْ كانَ لامَحَالَةَ فثلثٌ لِطَعَامِهِ، وَثُلثٌ لِشَرَابِهِ، وَثُلثٌ لِنَفَسِهِ"[84].

83- سورة البقرة/185.

84- أخرجه الترمذي في كتاب الزهد/باب ماجاء في كراهية كثرة الأكل، برقم: 2302.

واتە: ئادەمزاد هیچ دەفرێکی پڕ نەکردووە لە پڕکردنی گەدەی خراپتربێ، ئادەمزاد چەند پاروویەکی بەسە بۆ ئەوەی پشتی پێ بگرێ، ئەگەر هەرچارە نەبوو، با سێ یەکی گەدەی بۆ خواردنی بێ، و سێ یەکێکی بۆ خواردنەوەی بێ، و سێ یەکێکیشی بۆ هەناسەدانی..

ئەگەر گەدە بنکەی بەشی زۆری نەخۆشییەکان بێ، بێگومان خۆگرتن لەخواردن و خواردنەوە باشترین دەرمانە..

ئادەمزاد لەوکاتەوە لەدایك ئەبێ تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی ئەکات، بەردەوام گەدەی کار ئەکات، بۆیە پشوودان بەگەدە شتێکی پێویستە تا لەنەخۆشی بەدووربێ، باشترین هەلیش بۆ ئەومەبەستە رۆژووگرتنە، یەکێك لەپزیشکە ناودارەکان ئەڵێت:( گەدە مەڵبەندی دەردو نەخۆشیە، خۆگرتنیش لەخواردن سەرتۆپی هەموو دەرمانێکە)..

دکتۆر عەبدولعەزیز ئەحمەد لە وتارێکیدا ئەڵێت:" بەشێوەیەکی زانیارییانە دەرکەوتووە کە: رۆژوو وەسیلەیەکی سروشتییە بۆ پاراستنی لەش لە هەندێ دەرد و نەخۆشی، ئەمەش لەژیانی یەکەیەکەی ئەوخەڵکەدا بەدی ئەکرێت، بۆنموونە: منداڵێکی مەلۆتکەی ساوا کە هیچ چاکە و خراپەیەکی خۆی لێك جیا ناکاتەوە، کاتی برسی ببێت و ژەمە شیرەکەی دوا بکەوێت ئەوناوە پڕ لەقیژەو زریکەو گریان ئەکات.. بەڵام کاتێ گەدەی یا ریخۆڵەکانی نەخۆش بن هەرچی دایکی یا دایەنەکەی شیری بداتێ سەری با ئەدا و شیرەکەی ناخوات، خۆ ئەگەر بەزۆر بەگەروویاندا کرد، و شتێك گەیشتە ناوگەدەی خێرا ئەرشێتەوەو هەڵی دێنێتەوە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە یاسای سروشت بۆبەرەنگاربوونی نەخۆشییەکەی داوای رۆژوو ئەکات.

هەر لەبەر ئەوەیە کاتێ منداڵ بڕشێتەوە خێرا دکتۆر بۆ ماوەی رۆژێك یان دوو رۆژ خواردنی لێ قەدەغە ئەکات، تەنیا ئاوی ئەداتێ تا لەشی لەوگازە ژەهراویانە رزگاری دەبێ.. کە نیشانەی چاکبوونەوەی دەرکەوت ساواکە ئارەزووی خواردنی ئەکرێتەوە، و کۆتایی بەرۆژووەکەی دێنێ..

وەنەبێ ئەمە حاڵەتیکی تایبەت بەمنداڵان بێ، بەڵکو ئەمە رواڵەتێکە و لە نەخۆشی گەنج و پیریشدا ئەبینرێت، چونکە رۆژوو کردەوەیەکی سروشتییە بۆ گەیشتن بە چاکبوونەوە، لەم کاتی رۆژووەدا لەشی مرۆڤ هەوڵی بێ ووچان بۆ دەرکردنی ژەهری نەخۆشییەکان ئەدات، بۆ ئەوەی باری گرانتر نەبێ نایەوێ خواردەمەنی تازە وەربگرێت، و ژەهری ئەمیش ببێتە سەربار و کۆڵی قورس و گرانتر بکات".

چونکە رۆژوو بۆچارەسەرکردن دەرمانێکی سروشتییە، ژمارەیەك لە زانایانی پزیشکی دەستیان داوەتە تاقیکردنەوە، تا بەچاوی خۆیان ئەنجامەکەی ببینن، پاش تاقیکارییەکی زۆر دکتۆر (رۆجیە)بەم ئەنجامە گەیشت کە: ئەوگیاندارانەی بۆماوەیەکی دیاریکراو خواردن و خواردنەوە یان لێ قەدەغەبکرێت، بەرگری و بەرەنگارییان بۆ نەخۆشی زۆر تر ئەبێت، تا لەپێش رۆژووەکەیاندا..

هەروەها (ماکفارۆن) کە پزیشکێکی ناودارە و یەکێکە لەزانا پسپۆڕەکانی پزیشکی ئەڵێت:" باشترین شت بۆ پارێزگاریکردنی لەشساغی و چاکبوونەوە لە نەخۆشی رۆژووە."

هەروەها ئەم زانایە رایسپاردووە کە لەهەموو هەفتەیەکدا رۆژێك رۆژوو بۆ هەر مرۆڤێك پێویستە. خۆیشی لەهەفتەیەکدا رۆژێك یان دوو رۆژ بەرۆژوو ئەبوو. وای دانابوو بەلای کەمەوە لەساڵێکدا سیی رۆژ رۆژوو پێویستە.

هەروەها (فێلکس ئەسۆلد)ئەڵێ: رۆژوو ژیانێکی نوێ بەنەخۆش ئەبەخشێ، و چالاك و تەندروستی ئەکات..

هەروەها ئەم کۆمەڵە زاناو پزیشکانەش:(تنەر، کرسکۆم، سەنگلەر، ئەسکەندەرخۆر) ڕۆژوویان گرتووە، و بۆ چارەسەری زۆر نەخۆشیش ڕۆژوویان بەکاریان هێناوە"[85]..

پاشان دکتۆر عەبدولعەزیز ئەحمەد ئەڵێت: ڕۆژوو بۆ ئەم دەردانەی خوارەوە باشترین دەرمانە: {قەڵەوی، ورگزلی، گرێ گرێبوونی دەمارەکان، کۆبوونەوەی ترشی میز لە دەمارەکاندا- نەقرس – لمی گورچیلە، لمی زراو، سەریەشەی زۆر لەگەڵ تێکچوونی هەرس- شەقیقە -، بەرزبوونەوەی فشاری خوێن، تێکچوونی هەمیشەیی ریخۆڵەکان، نەخۆشی جومگەو چەندەها نەخۆشی تریش} "[86].

هەروەها دکتۆرە (ئیبتیسام عەبدول حەلیم) ئەڵێ:"ماکفادۆنی زانای بەناوبانگی ئەمریکی لەکتێبەکەی خۆیا لەبارەی ڕۆژووەوە ئەڵێت: " هەموو مرۆڤێك پێویستی بەڕۆژوو هەیە، با نەخۆشیش نەبێ، چونکە کۆبوونەوەی ژەهری خۆراك و داودەرمان لەلەشدا ئادەمزاد وەك نەخۆش لێ ئەکات، کاتێ کەبەڕۆژوو بوو کێشی کەم ئەبێت، و ئەو ژەهرانەش لەلەشیدا نامێنن"[87]..

هەروەها دکتۆرە ئیبتیسام ئەڵێ: هەندی دکتۆری پسپۆڕ لە نەخۆشی یەکانی پێستا باسی سوودی ڕۆژوویان بۆ پاراستنی پێست لەنەخۆشین کردووە و وتوویانە: پەیوەندی خواردن بەنەخۆشییەکانی پێستەوە بەتینە، لەبەر ئەوە خۆگرتن لەخواردن وخواردنەوە بۆ ماوەیەك ڕێژەی ئاو لەخوێن و لەشدا کەم ئەکاتەوە، و ئەمەش ئەبێتە هۆی کەمبونی ئاو لەپێستدا، و لە ئەنجامدا بەرگری پێست بۆ نەخۆشییە بەسوێکان زۆرئەبێ.

---

85- ئەمانە ئەگەر لەبەر سوودی لەشساغی بەڕۆژوو بووبن، ئەوا لەدنیادا سوودیان لێ وەرگرتوە، ولای خوا پاداشتێکیان نیە، خۆ ئەگەر لەبەر خاتری خوا بەڕۆژوو بووبن، ئەوا سوودی دنیاو قیامەتیان لێ وەرگرتوە.

86- ئەم وتارەی دکتۆرعەبدولعەزیز ئەحمەد مان لە گوڤاری (منبر الإسلام)وە وەرگرتوە، ژمارە نۆی ساڵی 31، ، لاپەڕە: 151و152..

87- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە: 154.

هەروەها دکتۆرە ئیبتیسام لە وتارەکەیا ئەڵێ: لەبەر ئەوەی کە ئاینی ئیسلام لەشساغی و تەندروستی بۆ موسوڵمانان ئەوێ، ڕێی بەنەخۆش داوە – ئەگەر بەڕۆژووبوون زیانی بۆی هەبێ – بەڕۆژوو نەبێ.

ئەمەش هەندێ لەونەخۆشیانەن کە ڕۆژوو زیانی بۆیان هەیە: سییل و نەخۆشییەکانی سنگ، کەمخوێنی، دابەزینینی لێدانی دڵ، برینەکانی گەدەو دوانزە گرێ، و ئەو نەخۆشیانەی تریش کە تادارن و پێویستیان بە ئاو خواردنەوەی زۆر هەیە، هەروەها سك پڕی(حمل)، و شیردان بۆ ئافرەتی منداڵەبەر، و پیریەتی"[88]

ئاینی ئیسلام ڕۆژووی لەسەر ئەوانە پێویست کردووە کە لەشساغن. بەڵام ئەوانەی کە نەخۆشن خوا بە دەقی قورئان مۆڵەتی داون، هەروەك لەبەشی یەکەمی ئەم نامیلکەیەدا باسمان کرد..

خوێنەری بەڕێز ! لێرەدا پێویستە ئەوەباس بکەین کە: ئەو قازانج و سوودانەی لەبارەی ڕۆژووەوە باسکران، بۆ ئەوە نییە کە ئێمە تەنیا بۆ وەدەستهێنانی ئەو سوودانە بەڕۆژووبین، نە، نەخێر، بەڵکو باسکردنی ئەو سوودانە بۆ ئەوەبوو تا ئەوانەی کە هێشتا لەبارەی ئاینەکەیانەوە کرچ و کاڵن باش حاڵی ببن، ئاینی ئیسلام شتێکی لەسەر موسوڵمانان فەرز نەکردووە زیانی بۆیان هەبێ، و ئەوانەش کە بەئاینەکەیانەوە پێبەندن دڵنیاتر ببن کە ئاینەکەیان ئەوەی سوودی دنیا و قیامەتی تیابێ لەسەری پێویست کردوون.

دەنا ئێمەی موسوڵمان، تەنیا لەبەر ئەوە بەڕۆژوو دەبین کە خوای پەروەردگارمان فەرمانی پێکردووین بەررۆژووبین، و ئێمەش فەرمان بەرداری فەرمانی ئەبین، جا سودەکانی بزانین یان نە، چونکە پشتەسوورین کە خوا هەرچی باش بێ ئەوەی بۆ هەڵبژاردووین ئەنجامی بدەین.. لەلایەکی

---

88- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە: 154.

ترەوە لێمان روونە: ئەگەر کەسێ لەبەر خاتری خوا و رەزامەندی ئەو بەرۆژوو نەبێ هیچ پاداشتێکی لای خوا دەست ناکەوێ..

9- **موسوڵمانان و رۆژوو**:

لەکۆتایی ئەم بەشەدا پێویستە چەند راستەقینەیەك بخەینە پێشچاوی خوێنەری بەرێزەوە، بەو هیوایەی بەسوود بێت:

بەرەی یەکەمی موسڵمانان لەمیوەی شیرینی رەمەزانیان چەشت، و پێی بەهرەمەندبوون، و لەسایەیا حەوانەوە، گیانی هێز و هێزی گیانیان لێ وەرگرت، لە رۆژوودا چالاك و خاوەن بەرهەم بوون، لەشەوا خەریکی سەردان، و شەونوێژ و قورئان خوێندن بوون، مانگەکەیان بریتی بوو لە فێربوون و عیبادەت و چاکەکاری..

هەروەك لە خواردن و خواردنەوە خۆیان گرتبوو، و بەرۆژووبوون، زمانیشیان بەرۆژوو ئەبو، چونکە جنێویان بەخەڵکی نە ئەدا، و لەپاش ملە باسی کەسیان بە خراپە نەئەکرد. چاویان بەرۆژوو ئەبوو، چونکە سەیری شتێکیان نەئەکرد کە سەیرکردنی حەرامبوایە، گوێیان بەرۆژوو ئەبوو، چونکە گوێیان لە شتی هیچ و پووچ وخراپ نەدەگرت، دڵیان بەرۆژوو ئەبوو، چونکە نیازی تاوان و خراپەکارییان نەبوو، دەستیان بەرۆژوو ئەبوو چونکە دەستی تاوان و ئازاریان بۆ ماڵ و نامووسی کەس درێژ نەئەکرد، ئەوەی لێیان حەرامبوایە دەستیان بۆ نەدەبرد..

با ئێمەش چاو لە پێشینانی بۆخوا سوڵحاومان بکەین، تا رۆژووەکەمان ببێتە ئەو رۆژووەی خوا بۆ ئێمەی ویستووە، و ئەو ئامانجە بەدی بێنێت کە بۆی دانراوە..

هەروەك خۆت ئەزانی لەم سەردەمەی ئێمەدا رۆژووگرەکان ئەبنە دوو دەستەوە: دەستەیەکیان بەرۆژوو ئەبن بەڵام هیچ سوود و بەهرەیەکیان لە رۆژوو و تەراویحیانەوە دەستگیر نەبووە، چونکە خوا رۆژووی بۆ دڵ وگیان داناوە، ئەوان ئەیکەنە بەشی ورگ و گەدە، خوا دایناوە بۆفێربوونی ئارامی وخۆ گرتن، ئەوان ئەیکەنە تووڕەیی و قیڕاندن بەسەر خەڵکیدا، خوا دایناوە بۆ رێزگرتن و ویقار، ئەوان ئەیکەنە دەمەقاڵە و شەڕفرۆشی، خوا دایناوە تا صیفەتە خراپەکانی تیا بگۆڕن، ئەوان هیچیان نەگۆڕیوە تەنیا کاتی نان خواردن نەبێ، خوا دایناوە تا دەوڵەمەندان دڵنەوایی هەژار و کەمدەستانی تیا بکەن، کەچی ئەوان ئەیکەنە پیشانگا بۆ رازاندنەوەی خۆراکی جۆراو جۆر!! دەوڵەمەندان تا سنووری ئینتەلا دەخۆن، و هەژارانیش ئێش و ئازاریان زۆرتر ئەبێ..

دەستەی دووەم بەپێچەوانەی دەستەی یەکەمەوە رەمەزان ئەکەنە وەرزی پەرستن وخێرکاری دووبەرامبەر: بەرۆژ بەرۆژوو ئەبن، و بەشەویش شەونوێژ و تەراویح ئەکەن، لەسەر ئەو نازو نیعمەتانەی خوا پێی بەخشیون سوپاسگوزاری ئەکەن، برایانی برسی و هەژاریان بەسەر ئەکەنەوە، لەبەخشین و خێرکردنا چاو لەپێغەممەری خۆشەویست ئەکەن کە هەمیشە دەستی بەخششی ئاوەڵا بووە، و لەرەمەزانا زۆرتر..

خۆزگە هەموو رۆژووگرێك وەك دەستەی دووەم بوونایە!! تاکاتێ رەمەزان دوایی هات بەپاکی و بێگوناهی دەربچوونایە، خوا بۆیە رۆژووی لەسەر فەرزکردووین تا لەگەڵ سەبر و ئارامیدا رابێین، تا قەدری نیعمەتە کانی خوا بزانین، تا هەستی مرۆڤایەتیمان ببزوێ، تا ویستمان بەهێز و گیانمان پتەو ببێ، تا لەشساغ وتەندروست بین، تا هەمیشە لە کردارو گوفتارماندا خوا بەچاودێری خۆمان بزانین، و پارێزکاربین..

# # #

# بەشی سێیەم

## باسی
## هەندێ لە ڕۆژووی سووننەت و ئەو ڕۆژانەی ڕۆژوو گرتنیان
## تیاخێرە
## یان
## حەرام و مەکرووهە

**پێشەکی**:

بەپێویستم زانی خوشك وبرایانی موسڵمان لەبارەی ئەو کاتانەوە ئاگادار بکەمەوە کە پێغەمەرﷺ تیایاندا بەڕۆژووبووە، و پێشی خۆش بووە موسوڵمانان تیایا بەڕۆژووبن، تا لەوخێرە گەورەیە بێبەش نەبن، ئەوەتە پێغەمەر ﷺ فەرموویەتی:" مَنْ صَامَ يَومًا فِي سَبِيلِ اللهِ بَاعَدَ اللهُ وَجْهَهُ عَنِ النَّارِ سَبْعِينَ خَرِيفًا"[89]. واتە: ئەوەی ڕۆژێك لەرێی خوادا بەڕۆژوو بێت خوا حەفتا ساڵ ڕووی لەئاگری دۆزەخ دوور ئەخاتەوە..

### 1- مانگی موحەررەم:

مانگی موحەڕرەم یەکێکە لەومانگانەی ڕۆژووگرتنی تیاخێرە، لە بارەی گەورەیی ڕۆژووی ئەم مانگەوە پێغەمەر ﷺ فەرموویەتی: " أفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهرُ اللهِ المُحَرَّمِ، وأفْضَلُ الصَّلاةِ بَعدَ الفَرِيضَةِ صَلاةُ اللَيْلِ "[90].واتە: گەورەترین ڕۆژوو پاش ڕەمەزان ڕۆژووی مانگی موحەڕرەمە، و گەورەترین نوێژیش پاش فەرزەکان نوێژی شەوە. سەرنج بدە پێغەمەرﷺ نوێژی شەو و ڕۆژووی موحەڕرەمی لە دووتای ترازوویەکدا داناوە، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر گەورەیی مانگی موحەڕرەم.

بەتایبەت ڕۆژووی نۆیەم و دەیەم ڕۆژی، چونکە پێغەمەر ﷺ لەڕۆژی دەیەمی موحەڕرەمدا بەڕۆژووبووەو فەرمانیشی بەگرتنی ئەورۆژە داوە، عەرزیان کرد ئەی پێغەمەری خوا! ئەم ڕۆژە لای گاور و جووەکان ڕۆژێکی پیرۆزە.. ئایا ئێمەش بەپیرۆزی بزانیین و خۆمانیان لێ هەڵنەبوێرین؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: ئینشائەڵلا ساڵی داهاتوو ڕۆژی نۆیەمیشی بەڕۆژوو ئەبین.. بەڵام کاتێ ساڵی داهاتوو هات، پێغەمەر ﷺ وەفاتی کردبوو:" صَامَ رَسُولُ اللهِ يومَ عَاشُوراءَ، وأمر بِصِيامِهِ، قَالُوا يارَسُولَ اللهِ! إنَّهُ

---

89- أخرجه مسلم في كتاب الصيام/باب فضل الصيام في سبيل الله، ص:486، برقم: 1949.
90- أخرجه مسلم في كتاب الصيام/باب فضل صوم المحرم، ص: 494، برقم: 1982.

**یَومٌ تُعَظِمُهُ الیهودُ وَالنصَارَی، قالَ: فإذاکانَ العامُ المُقبلُ ـ إنْ شاءَ اللهُ ـ صُمْنا الیومَ التاسعَ مِنهُ، فلمْ یأتِ العامُ المقبلُ حتیَ توفيَ رَسولُ اللهِ ﷺ"[91].**

**هەروەها لەبارەی خێری ڕۆژووی دەیەمی موحەڕڕەمەوە ئەبوو قەتادە خوالێی رازی بێ بۆمان باس ئەکات کەپێغەممەر ﷺ فەرموویەتی:** " عَنْ أبي قتادة رضي الله عنه أنَّ النَّبيَّ ﷺ قال: صِيامُ يَومِ عَاشُوراءَ إنِّي أحْتَسِبُ عَلىَ اللهِ أنْ يُكفرَ السنةَ التِي قبلهُ"[92].

**واتە: هیوتادارم بە هۆی ڕۆژووی دەیەمی موحەڕڕەمەوە خوا لە گوناهی ساڵی رابوردووی خاوەنەکەی خۆش ببێت.**

## 2- ڕۆژووی مانگی ڕەجەب:

**لەبارەی ڕۆژووی مانگی ڕەجەبەوە ئیمامی موسلیم لە سەحیحدا فەرموودەیەکمان بۆ باس ئەکات و ئەفەرموێ:**" حدثنا عثمان بن حكيم الأنصاري، قال: سألتُ سعيدَ ابنَ جُبَير عنْ صَوْمِ رَجَبٍ، ونَحنُ يَومَئذٍ فِي رَجَبٍ، فقالَ: سَمِعْتُ ابنَ عباس رضي الله عنهما يقول: كانَ رَسُولُ اللهِﷺ يَصومُ حَتىَ نَقولَ لايفْطرُ، ويُفطِرَ حَتى نَقولَ: لا يَصُومُ."[93].

**واتە: عوسمانی کوڕی حەکیم فەرموویەتی: ئێمە کە لەمانگی ڕەجەبدا بووین لە بارەی ڕۆژووی ڕەجەبەوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرم پرسیار کرد، ئەویش فەرمووی: من لە ئیبنو عەبباسم بیستووە خوا لێیان رازی بێ کە فەرمووی: پێغەممەر ﷺ ئەوەند بەڕۆژوو ئەبوو، ئەمان وت: هەر نایشکێنێ، جاری وایش ئەوەندە بەڕۆژوو نەئەبوو، ئەمان وت: هەر بەڕۆژوو نابێ..**[94]

91- أخرجه مسلم في كتاب الصبام /باب أي يوم يصام في عاشوراء؟ ص: 480، برقم:1916

92- أخرجه مسلم في كتاب الصبام /باب استحباب صيام ثلاثة أيام، ص: 492، برقم: 1976.

93- أخرجه مسلم في كتاب الصبام /باب صيام النبي ﷺ، ص:488، برقم: 1960.

94- **لاي زانايانی فةرموودة**(حديث)**، ئةو فةرموودانةي لةبارةي رؤذووي مانطي رةجةبةوة هةن بةلاواز دائةنريَن و ثلةي بةهيَزيان نيية، بةلاَم رايان واية لةكردةوةي ضاك و ثةسةندا لاواز كاري ثيَ ئةكريَت، يةكيَ لةو فةرموودة لاوازانةي ئيمامي تةبةراني**(طبراني) **ريوايةتي كردووة ئةوةية كة ( ثيَغةممةر ﷺ فةرموويةتي:**" من صام يوما من رجب فكأنما صام سنة، ومن صام منه سبعة أيام غلقت عنه أبواب جهنم، ومن صام منه ثمانية أيام فتحت له ثمانية أبواب الجنة" أخرجه الطبراني. **بةثيَي ئةم فةرموودةية سوننةتة رؤذووي مانطي رةجةب هةر لة رؤذيَكةوة تا ثانزة رؤذ..**

## 2- ڕۆژووی مانگی شەعبان:

**لە یەکەم ڕۆژی مانگی شەعبانەوە تا نیوەی ڕۆژووگرتن سوونەتە، چونکە پیغەممەر ﷺ لەم مانگەدا زۆرتر بەڕۆژووبووە تا مانگەکانی تر، ئەوەتە ئوسامەی کوڕی زەید خوا لێیان رازی بێ ئەفەرموێ: وتم: ئەی پێغەممەری خوا! ئەوەندەی لەم مانگەدا بەڕۆژوو ئەبیت نەم دیوە لەهیچ مانگێکی ترا بەڕۆژوو بووبیت؟ ئەویش فەرمووی:** " ذاكَ شَهْرٌ يَغفلُ النَّاسُ عَنه بَينَ رَجَب ورَمَضانَ، وَهوَ شهْرٌ تُرفَعُ فيهِ الأعمالُ إلىَ ربِّ العَالمِينَ، فأحبُّ أنْ يُرفعَ عَملي وَأنا صَائِمٌ "[95]. **واتە: ئەوە مانگێکە لەنێوان ڕەجەب و ڕەمەزانا خەڵکی لێی بێ ئاگان، ئەوە مانگێکە کردەوەی ساڵانەی تیا بەرزدەکرێتەوە بۆ لای پەروەدگاری عالەم، حەزئەکەم کردەوکانم بەرز بکرێتەوە و منیش بەڕۆژووبم.**

**با ئێمەش ئەو هەلە لەدەست نەدەین و هەوڵبدەین لەم مانگەدا ڕۆژی پانزەیەمی بەڕۆژووبین و شەوەکەشی عیبادەتی تیا بکەین، چونکە هەندێ زانایانی تەفسیر فەرموویانە: (** لَيْلَةٍ مُبارَكَةٍ**)ی سورەی دوخان ئەم شەوەیە.**

**لەفەرموودەیەکا حەزرەتی عائیشەیش ئەفەرموێت:**" مَارأيتُ النَّبيَّ ﷺ اسْتكمَلَ صِيَامَ شَهرٍ إلا رَمَضَانَ، وَمَارَأيتُه أكثرَ صِيامًا مِنْهُ فِي شَعْبانَ"[96].**واتە: پێغەممەر ﷺ جگە لەرەمەزان هیچ مانگیك بەتەواوی بەڕۆژوو نەبووە، و نەشم دیوە لەهیچ مانگێکا لە مانگی شەعبان زۆر تر بەڕۆژووبووبێ.**[97]

95- أخرجه النسائي في كتاب الصيام /باب صوم النبي ﷺ، برقم: 2317.

96- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/ باب صوم شعبان، ص: 389. برقم: 1833.

97- **سونەتە لە شەوی نیوەی شەعبانا خەڵکی پەرستنی زۆرتری تیا بکات، و ڕۆژەکەیشی بەڕۆژووبێت، ئەوەتە حەزرەتی عەلی خوا لێی رازی بێ ئەفەرموێ: پێغەممەر ﷺ فەرمووی:** " إذاكانت ليلة النصف من شعبان فقوموا ليلها، وصوموا نهارها.". **واتە: کاتێ شەوی شەعبان هات، شەوەکەی بەپەرستن ئاوەدان بکەنەوە، و ڕۆژە کەیشی بەڕۆژووبن، چونکە نووری خوا لە عاسمانی یەکەما دیاری ئەدات،و ئەفەرموێ: کێ داوای لێخۆشبوون ئەکات تا لێی خۆش ببم، کێ داوای رزق وژێواری ئەکات تارزقی بدەم، کێ نەخۆشەو داوای لەشساغی ئەکات، تا چاکی بکەمەوە..هەرچەند زانایان پێیان لاوازە، بەڵام بەڵگەیە لەسەر گەورەیی و فەڕی ئەو شەوە.**

### 4- **شەشەی شەشەڵان**(شەش رۆژ لە مانگی شەووال):

رۆژووی ئەم شەش رۆژەی پاش جەژنی رەمەزان خێرێکی گەورەی هەیە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:"مَنْ صَامَ رَمَضَانَ، ثُمَّ أَتبَعهُ سِتًّا مِنْ شَوَّالٍ، كانَ كَصِيَامِ الدَّهْرِ"[98]. واتە: ئەوەی رەمەزان بە رۆژووبێت، پاشان شەش رۆژیش بەدوایا لە شەووال، وەك ئەوە وایە تەواوی ساڵەکە بەرۆژوو بووبێت.

بۆ روونکردنەوەی ئەم فەرموودەیە زانایان وتوویانە: خوای باڵا دەست لە قورئانا فەرموویەتی: " مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا "[99].

واتە: ئەوەی کاری چاکە بکات، خوا دە بەرابەر پاداشتی ئەداتەوە.

بەم پێیە مانگی رەمەزان بەقەد دەمانگ خێری هەیە، شەش رۆژە کەیش بەقەد دوومانگ، کەوابوو مانگی رەمەزان و شەش رۆژەی شەوال بەقەد ساڵێکی تەواو بەرۆژووبوون خێر و پاداشتیان هەیە..

### 5- **نۆمینەی حاجیان**(نۆ رۆژ لەمانگی ذي الحجة):

رای بەشی زۆرینەی زانایانی تەفسیر وایە: کە مەبەست لەو سوێندەی خوا لەسەرەتای سوورەتی فەجردا:" وَالْفَجْرِ وَلَيَالٍ عَشْرٍ"[100]واتە: سوێند بە کاتی بەرەبەیان و دە شەوەکە، دەشەوی سەرەتای مانگی زیلحیججەیە، کردەوەی چاکە هەمووکات ولەهەموو ساتێکا بەنرخ وپەسەندە، بەڵام لەم دە رۆژەدا لای خوا خۆشەویست ترە، ئەوەتە پێغەمبەری پێشەوا ﷺ فەرموویە: " مَا مِنْ أَيَّامٍ العَمَلُ الصَّالِحُ فِيهِنَّ أَحَبّ إِلَى اللهِ منْ هَذِهِ الأيَّامِ العَشْرِ، فَقالُوُا يَا رَسُولَ اللهِ! وَلا الجِهادُ فِي سَبِيلِ اللهِ؟ فَقالَ: وَلا الجِهادُ فِي سَبِيلِ اللهِ. إلا رَجُلٌ خَرَجَ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ فلَمْ يَرجَعْ بذلكَ مِنْ شَيْئٍ"[101]. واتە: هیچ

98- أخرجه مسلم في كتاب الصيام/ باب استحباب صوم ستة أيام من شوال، ص: 494. برقم: 1984.
99- سورة الأنعام/160.
100- سورة الفجر/1 و 2.
101- أخرجه الترمذي في كتاب الصوم/ باب ماجاء في العمل في أيام العشر، برقم: 688.

رۆژگەلێك نییە کردەوەی چاکەیان تیا خۆشەویستربێت لای خوا لە کردەوەی چاکەی ئەم دەرۆژانە، عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خوا! تێکۆشان (جیهاد)یش لەرێی خوادا ئەوەندە خێری نییە؟ فەرمووی: تێکۆشانیش لە رێی خوادا ئەوەندە خێری نییە، مەگەر پیاوێك بەسەرو ماڵیەوە بۆ جیهاد رۆیشتبێت، و شەهید کرابێ، و سەروماڵی بەخوا پێشکەش کردبێت.

واتە: کردەوەی چاکە لەم دەرۆژەدا لەهەموو کردەوەیەکی چاکەی غەیری ئەم دەرۆژە لای خوا خۆشەویسترە، بەڵام بەختکردنی سەرو ماڵ لەپێناو خوادا لەکردەوەی چاکەی ئەم دە رۆژەش لای خوا گەورەترو خۆشەویسترە.

رۆژی نۆیەم لای خوا لە هەشت رۆژەکەی تر خێری زیاتر وپاداشتی گەورەترە، بۆ ئەوانە نەبێ کە خەریکی حەج کردنن، لەبارەی گەورەیی رۆژی عەرەفەوە کە نۆیەمین رۆژە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: " صِيامُ يَوْمِ عَرَفَةَ، أَحْتَسِبُ عَلَىَ اللهِ أنْ يُكفِّرَ السَّنَةَ التِي قبْلَهُ، وَالسَّنَةَ التِي بَعْدَهُ "[102]. واتە: لەخوا داواکارم بەرۆژووبوونی رۆژی عەرەفە بکاتە کەفارەتی گوناهی ساڵی رابوردوو و ساڵی داهاتوو، بۆ ئەوانەی لەو رۆژەدا بەرۆژوو ئەبن.. تکای پێغەمبەریش ﷺ وەرئەگیرێ و نادرێتە دواوە..

### 6- **سێ رۆژ لە هەر مانگێکدا**:

پێغەمبەر ﷺ مژدەی خێرێکی گەورەی بەو کەسانە داوە کە لەهەر مانگێکدا سێ رۆژ بەرۆژووئەبن، و فەرموویەتی: " صُمْ مِنَ الشَّهْرِ ثَلاثَةَ أَيَّامٍ، فَإِنَ الحَسَنَةَ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا، وَذَلِكَ مِثْلَ صِيَامِ الدَّهْرِ"[103]. واتە:

102- أخرجه مسلم في كتاب الصيام/باب استحباب صيام ثلاثة أيام من كل شهر، وصوم يوم عرفة، وعاشوراء، والإثنين والخميس، ص: 492.برقم: 1974.
103- أخرجه البخاري في كتاب الصوم /باب صوم الدهر، ص: 390. برقم: 1840.

لەمانگێکا سێ ڕۆژ بەڕۆژووبە، و بێگومان پاداشتی چاکەش یەك بە دەیە، ئەوەش وەك بەڕۆژوو بوونی تەواوی ساڵ وایە..

" عَن عَبدِ اللهِ بْن عَمْرٍو رضي الله عنهما عَن النَّبيِّ ﷺ قالَ: صُمْ مِنَ الشَّهْرِ ثَلاثَةَ أيَّامٍ"(104). واتە: عەبدوڵلای کوڕی عەمر خوا لێیان ڕازی بێ ئەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ بە منی فەرموو: لەمانگێکا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بە.

ئایا ئەم سێ ڕۆژە چ ڕۆژێکن؟ لەسەرەتادان؟ لەناوەڕاستدان؟ یا لە کۆتاییدا؟ لەم فەرموودەیەی پێغەمبەروە ﷺ وەڵامان دەست ئەکەوێت و بەروونی بۆی باسکردووین هەروەك تیرمزی و ئەبو داود بۆمان ئەگێڕنەوە فەرموویەتی:" إذا صُمْتَ مِن الشَّهرِ ثلاثة أيَّامٍ، فَصُمْ ثَلاثَ عَشرَةَ، وأربَعَ عَشرَةَ، و خَمسَ عَشرَةَ"(105).واتە: ئەگەر لە مانگێکدا سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بوویت ڕۆژی سیانزە، و چواردە، و پانزەی بەڕۆژووبە. ئەم ڕۆژانەش هەر ئەو ڕۆژانەن کە بە (أيام البيض)بەناو بانگن، واتە: ئەو شەوانەی بەهۆی مانگەوە ڕووناکن ومانگیان تیا ئاوا نابێ..

## 7- ڕۆژووی دووشەممە و پێنج شەممان:

هەروەك کردەوەی ساڵانەی ئادەمزاد لەشەوی نیوەی شەعباندا بەرز ئەکرێتەوەو لەبارەگای پەروەردگارا پیشان ئەدریت، کردەوەی هەفتانەش لە ڕۆژی دووشەممان و پێنج شەمماندا بەرز ئەکرێتەوەو لەبارەگای پەروەردگارا پیشان ئەدرێت، لەبەرئەوە باش وایە لەو ڕۆژانەدا بە پێی توانا بەڕۆژووبێ.

ئوسامەی کوڕی زەید خوا لێیان ڕازیبێ ڕۆیشت بۆ دەورو بەری مەدینەو لە دووشەممە و پێنج شەممەدا بەڕۆژوو ئەبوو، لێیان پرسی: تۆ پیاوێکی پیر و بەساڵا چوویت، بۆچ لەم دوو ڕۆژەدا بەڕۆژوو ئەبیت؟

104- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب صوم يوم و إفطار يوم، ص: 391، برقم: 1842.
105- أخرجه الترمذي في كتاب الصوم/باب ما جاء في صوم ثلاثة أيام من كل شهر، برقم:692.

ئەویش فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ لەم دو ڕۆژەدا بەڕۆژوو ئەبوو، عەرزیان کرد بۆ بەڕۆژوو ئەبیت؟ فەرمووی:" إنَّ أعْمَالَ العِبَادِ تُعْرَضُ يَوْمَ الإِثْنَيْنِ وَيَوْمَ الخَمِيسِ، فَأحِبُّ أنْ يُعْرَضَ عَمَلِي وَأنَا صَائِمٌ"(106). واتە: بێگومان لە ڕۆژی دووشەممە و پێنج شەممەدا کردەوەی ئادەمزاد لەبارەگای پەروەردگارا پیشان ئەدرێت، منیش پێم خۆشە لەو ڕۆژەدا کردەوەم پیشان بدرێت کە بەڕۆژووم..

8- **ڕۆژ نە ڕۆژێ**: حەزرەتی داود سڵاوی خوای لێ بێ هەروەك پێغەمبەر بوو، پاشاو دەسەڵاتداریش بوو، بۆ ئەوەی جەماوەری هەژاری لەبیر نەچێتەوە، ڕۆژ نەڕۆژێك بەڕۆژوو ئە بوو، پێغەمبەری خومان ﷺ لەبارەی ڕۆژووی داودەوە فەرموویەتی: " أحبُّ الصِّيَامِ إلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ صِيَامُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلامُ، كانَ يَصُومُ يَومًا وَيُفطِرُ يَومًا"(107). واتە: خۆشەویسترین جۆری ڕۆژوو لای خوای باڵادەست ڕۆژووی داودە- سڵاوی خوای لێبێ- ڕۆژێك بەڕۆژوو ئەبوو ڕۆژێکیش ئەی شکاند..

## 9- ئەو لاوەی توانای ژنهێنانی نییە:

ئەو گەنجانەی دەسەڵاتیان نیە ژن بێنن، یا بەهۆی خوێندنەوە نەتوانن ژن بێنن، بۆ ئەوەی خۆیان بەپاکی ڕابگرن، و ئاوێنەی دڵیان گەردی گوناهی لێنەنیشێ، سوننەتە بەڕۆژووبن، تا بەهۆی ڕۆژووەکەوە ئارەزووی ملهوڕی جینسیان لاوازبکەن وخۆیان و کۆمەڵگا لەتاوانی چەپەڵی زینا بپارێزن. لەم بارەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "يا مَعْشَرَ الشَّبَابِ! مَن اسْتَطاعَ مِنْكُمُ البَاءَةَ فليتزوَّجْ، فإنهُ أغضُّ للبَصَرِ، وأحْصَنُ للفَرْجِ، ومَنْ لمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بالصَّوْمِ فَإنَّهُ لَهُ وجَاءٌ " (108).

106- أخرجه الترمذي في كتاب الصوم/باب ما جاء في صوم يوم الإثنين والخميس، برقم:678.
107- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب من نام عند السحر، ص: 222. برقم: 1063.
108- أخرجه البخاري في كتاب النكاح/باب من لم يستطع الباءة فليصم، ص: 1101، برقم:4678.

واتە: ئەی کۆمەڵی لاوان! هەرکەسێکتان توانای ژنهێنانی هەبوو باژن بهێنێ، چونکە باشترین وەسیلەیە بۆ پاراستن لەچاوگێڕان، و پاراستن لەزینا، ئەوەش توانای ژنهێنانی نەبوو، با بەڕۆژووبێت، چونکە بێگومان ڕۆژوو شۆڕشی ئارەزوو دا ئەمرکێنێتەوە.

لێرەدا پێغەمەمەر ﷺ ژنهێنانی بەچارەسەری یەکەم داناوە، بەلاَم ڕۆژووگرتن چاری ناچارییە، چونکە ئیسلام موسوڵمانان هان ئەدات تا بە ڕەبەنی خۆیان نەهێڵنەوە، و خێزان پێك بێنن، خۆ ئەگەر موسوڵمان لە کۆمەڵگایەکی نەفامیدا ئەژیا باشترین چارەسەر بۆ خۆ پاراستن لە گوناه ڕۆژووە، با بەڕۆژووبێ..

## ئەو کاتانەی ڕۆژوو گرتنیان گوناهە:

1- **ڕۆژی جەژنەکان**: پێغەمەمەر ﷺ پێی ناخۆش بووە لەرۆژی جەژن و شادیدا بەڕۆژووبن، ئەوەتە ئەبوهورەیرە خوا لێی رازیبێ، ئەفەرموێ:" نَهَى رَسُولُ اللهِ ﷺ عَنْ صِيامِ يَوْمَيْنِ: يَوْمِ الأَضْحَى وَيَوْمِ الفِطْرِ"(109). واتە: پێغەمەمەر ﷺ داوای لەموسڵمانان کردووە لە دوو ڕۆژا بەڕۆژوو نەبن: ڕۆژی جەژنی قوربان، و ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان.

لە هەموو پەیڕەوە فیقهییە(مەزهەبە)کاندا ڕۆژوو گرتن لەم دووڕۆژەدا حەرام و گوناهە، سێ ڕۆژەی دوای جەژنی قوربانیش هەروەها ڕۆژوو تیایا حەرامە، مەگەر بۆ یەکێك نەزری کردبێ بەڕۆژووبێ..

چونکە پێغەمەمەر ﷺ فەرموویەتی: " أيامُ التشْريق أيام أكلٍ وشُربٍ، و ذِكر اللهِ تعالى"(110). واتە: سێ ڕۆژەی پاش جەژنی قوربان (أيام التشريق)، ڕۆژانی خواردن و خواردنەوە و یادی خوان..

2- **لەخوێنی حەیز وپاش منداڵدا**:

لەم دوو حاڵەتەشدا حەرامە ئافرەت بەڕۆژووبێ، و ئەگەر ڕۆژووی گرت، لەجیاتی ئەوەی خێری بگات گوناهی ئەگات، چونکە لەم دووحاڵەتەدا ئافرەت زۆر نارەحەت ئەبێ و لە ئەنجامی ئەوخوێنەی لێی ئەڕوات، پێویستی بە خواردەمەنی هەیە، تا ووزەی تێ بێتەوە، وەنەبێ تەنیا لەبەر ئەو هۆیە ڕۆژووی لەسەر نەبێ، چونکە لەم دوو حاڵەتەدا نوێژیشی لەسەر نیە، حەزرەتی عائیشە ئەفەرموێ: " كُنَّا نَحِيضُ عَلَى عَهدِ رَسُولِ اللهِ ﷺ فَنُؤمَرُ بِقضَاءِ الصَّوْمِ، وَلا نُؤمَرُ بِقضَاءِ الصَّلاةِ"(111). واتە: لەسەردەمی پێغەمەمەرا ﷺ ئەکەوتینە حەیزەوە، لەکاتی حەیزەکەدا نوێژمان نەئەکرد، و بەڕۆژوویش نە ئەبووین، فەرمانمان پێ ئەکرا ڕۆژووەکە بگرینەوە، بەلاَم فەرمانمان پێ نەئەکرا نوێژەکان بگێڕینەوە..

3- **مەترسی تیاچوون**:

ئەونەخۆشەیش مەترسی تیاچوونی هەبێ حەرامە لەسەری بەڕۆژووبێ، چونکە خوا نایەوێ خەڵکی خۆیان بکوژن، یان زیان بەخۆیان بگەیەنن، ئەوەتە قورئان ئەفەرموێ:" وَلا تَقتلوُا أَنْفسَكمْ إنَّ اللهَ كانَ بِكمْ رَحِيماً "(112). واتە: خۆتان نەکوژن، بێگومان خوا بەزەیی پیاتانا دێتەوە، و دلۆڤانە بەرامبەرتان..

4- **ڕۆژێ گومانی تیابێت**:

ئەو ڕۆژەی گومانی تیا بێت، کە ئایا ڕەمەزانە یان نە؟ ئەوەش بەڕۆژوو بوون تیایا حەرام و گوناهە.مەگەر بۆ کەسێ خووی پێوە گرتبێ، و کردبێتی بە عادەت لەڕۆژێکی دیاریکراودا بەڕۆژوو بێت، و ئەو ڕۆژی گومانەش بەر

---

109- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب صوم يوم النحر، ص: 394. برقم: 1854.

110- أخرجه مسلم في كتاب الصوم/باب تحريم صوم أيام التشريق، ص:481، برقم:1926. والترمذي في كتاب الصوم/باب ماجاء في كراهية الصوم في أيام التشريق برقم: 704.

111- أخرجه مسلم في كتاب الحيض/باب وجوب قضاء الصوم علي الحائض، ص: 184، برقم: 508.

112- سورة النساء/29.

ئەو رۆژە بکەوێت، ئەوە ئەوکەسە ئەگەر لەو رۆژەدا بەڕۆژووبێت تووشی گوناح نابێ (113).. بەلاَم ئەگەر بەناوی رەمەزانەوە بەڕۆژوو بێت گوناحی ئەگات.. لەم بارەوە عەمماری کوڕی یاسر خوا لێیان رازیبێ، ئەفەرموێ: " مَنْ صَامَ اليومَ الذِي يشُكُّ فِيهِ الناسُ، فَقدْ عَصَى أبَا القاسِمِ ﷺ "(114).

واتە: گەر کەسێك لەو رۆژەدا بەڕۆژووبێت کە خەلْکی گومانیان تیایە ئایا رەمەزانە یان نە؟ ئەوە سەرپێچی لەفەرمانی پێغەممەر ﷺ کردووە (کە ئەبولقاسم)ە.

باسی ئەو رۆژووانەمان کرد کەحەرامن، وا ئێستاش باسی ئەو رۆژووانە ئەکەین کە مەکرووهن، واتە: باش نیین.

## ئەو رۆژووانەی مەکرووهن:

1-**بەڕۆژووبوونی دوورۆژ لەسەر یەك**، بێ بەربانگ کردنەوە، وشت خواردن، کە لەعەرەبیدا پێی ئەوترێ: (وصال)، پێغەممەر ﷺ نەهی لەم جۆرە رۆژووە کردووە، و فەرموویەتی:" إيَّاكمْ وَالوِصَالَ"(115). واتە: خۆتان لەویصال بپارێزن، ئەم فەرموودەیەشی سێ جار دووبارە کردۆتەوە، بۆ جەختکردن لەسەر نەکردنی ئەو کارە.. زانایانی شەرعزان پێیان وایە ئەم نەهیە بۆ کەراهەتە نە بۆ تەحریم.. واتە: ئەگەر کەسێك کارێکی وای کرد گوناهی ناگات، بەلاَم خێریشی ناگات وکارێکی باشی نەکردووە..

### 2- رۆژووی دوانزە مانگە:

پێغەممەر ﷺ ئەم جۆرە بەڕۆژووبونەی پێ پەسەند نەبووە، و بە باشی دانەناوە، بۆیە فەرموویەتی:"لا صَامَ مَنْ صَامَ الأبَدَ، مَرَّتيْنِ"(116). واتە:

113- راجع البخاري في كتاب الصوم/باب لايتقدم رمضان بصوم يوم أو يومين. ص:377. برقم: 1781.
114- أخرجه الترمذي في كتاب الصيام/ باب ماجاء في كراهية يوم الشك، برقم: 622.
115- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب التنكيل لمن أكثر الوصال، ص: 388. برقم: 1830.
116- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب حق الأهل في الصوم، ص:391. برقم: 1841.

ئەوەی دوانزە مانگە بەڕۆژوو بووبێ بەڕۆژوو نەبووە، چونکە رۆژووەکەی دروست نیە، وپێچەوانەی فەرمانی پێغەممەر ﷺ رۆژووی گرتووە. لەوانەشە بەواتای دوعا بێت، واتە: ئەوەی بەڕۆژووبێت، خوا رۆژووەکەی لێ وەرنەگرێت..

چونکە هەروەك پێغەممەر ﷺ لە فەرمودەیەکا بە یەکێ لە هاوەلْەکانی فەرمووو:" فَإنَّ لِجَسَدِكَ عَلَيْكَ حَقاً، وَإنَّ لِعَيْنِكَ عليْكَ حَقاً وَإنَّ لِزَوْجِكَ عليكَ حَقاً، وإنَّ لِزَوْرِكَ عَلَيْكَ حَقّاً، "(117). واتە: جوستەی خۆت مافی بەسەرتەوە هەیە، و چاوت بەسەرتەوە مافی هەیە، خێزانت مافی بەسەرتەوە هەیە، میوانت مافی بەسەرتەوە هەیە.

کەسێکیش بیەوێ ئەم مافانە بەجێ بێنێ ناتوانێ دوانزە مانگە بەڕۆژوو بێت، باهەمیشە بەڕۆژوو نەبێت و ئەو مافانەش نەفەوتێنێ..

### 3- رۆژووی ئافرەت بێ رەزامەندی مێردەکەی:

لەم بارەوە پێغەممەر ﷺ فەرموویەتی: " لا تَصُم المَرْأةُ ، وَ بَعْلُهَا شَاهِدٌ إلاَّ بِإذْنِهِ، إلا رَمَضَانَ"(118). واتە: ئافرەت کە مێردەکەی لە مالْەوە بوو، با بێ ئیزنی مێردەکەی تەنیا رۆژێك بەڕۆژوو نەبێ، جگە لە رەمەزان..

ئەم نەهیە بۆ رۆژووی خێرە، دەنا رۆژووی رەمەزان پێویستی بە ئیزنی مێرد نییە.. زانایان ئەم نەهیەیان بە گوناه داناوە، واتە: رۆژووگرتنی سوننەت، لەلایەن ئافرەتەوە بێ ئیزنی مێردەکەی حەرامە، چونکە مافی مێردەکەی تیا پێشێل ئەکرێ..

### 2- رۆژووی جومعەو شەممە:

تایبەتکردنی ئەم دوو رۆژەیش بۆ رۆژوو باش نییە، چونکە پێغەممەر ﷺ داوای لەموسولْمانان کردوە لەم دوورۆژەدا بەڕۆژوو نەبن، ئەوەتا

117- أخرجه البخاري في كتاب الصوم/باب حق الجسم في الصوم، ص:390. برقم: 1839.
118- مسلم في كتاب الزكاة/باب ما أنفق العبد من مال مولاه، ص: 434، برقم: 1704. ولفظ (إلا رَمَضَانَ ) أخرجه أحمد في باقي مسند المكثرين، برقم: 9357.

فەرموویەتی: " لایَصُمْ أحَدُكمْ یَوْمَ الجُمُعَةِ، إلاَّ أنْ یَصُومَ قبْلهُ، أوْ بَعْدَهُ" [119]. واتە: با لە رۆژی هەینیدا یەکێ لە ئێوە بەڕۆژوو نەبێ، مەگەر رۆژێ لە پێشیەوە بەڕۆژوو بێت، یا لە پاشیەوە..

ئەمەش لەبەر ئەوەیە تاوەك جووەکانمان لێ نەیەت کە تەنیا رۆژی شەممەیان بەلاوە پیرۆزبووە و تیایا بەڕۆژووبوون، یا لەبەر ئەوەیە کەرۆژی هەینی جەژنی هەفتەیە، و رۆژی جەژنیش نابێ رۆژووی تیا بگیرێ..ئەمە لەبارەی رۆژی هەینییەوە..

وە لەبارەی رۆژووی رۆژی شەممەیشەوە پێغەممەر ﷺ فەرمووەیەتی: " لا تَصُومُوا یَوْمَ السَّبتِ إلاَّ فِیمَا افْتَرَضَ اللهُ عَلَیْکمْ.." [120]. واتە: نەکەن لەرۆژی شەممەدا بەڕۆژووبن، مەگەر رۆژووی فەرزتان لەسەربی.

## 5- رۆژووی نیوەی دواینی مانگی شەعبان:

بەڕۆژووبوون لە رۆژی شانزەهەمینی مانگی شەعبانەوە باش نییەو بەلای هەر چوار مەزبەکەوە مەکرووهە.. چونکە پێغەممەر ﷺ فەرموویەتی: " إذَا بَقِیَ نِصْفٌ مِنْ شَعْبَانَ فَلا تَصُومُوا" [121]. واتە: کەنیوەی شەعبان تێپەربوو با بەڕۆژوو نەبن. ئەم نەهیە ئەوانە ناگرێتەوە کە رۆژووی دووشەممە وپێنج شەممەیان کردۆتە خووی خۆیان، و هەمیشە لەو دوورۆژەدا بەڕۆژوو ئەبن.. زانایان فەرمویانە، ئەوان بەر ئەو نەهیە ناکەون.. [32]

# # #

119- أخرجه مسلم في كتاب الصيام/باب كراهة صيام يوم الجمعة، ص: 482، برقم:1929.
120- أخرجه الترمذي في كتاب الصوم/باب ما جاء في صوم يوم السبت، برقم: 675.
121- أخرجه الترمذي في الصيام/باب ما جاء في كراهية الصوم في النصف الثاني من شعبان، برقم: 669.



# بەشی چوارەم

## باسی

## هەندێ لە و رووداوە گرنگانەی مێژووی ئیسلامی کەلەمانگی رەمەزاندا روویانداوە

## پێشەکی:

بەردرێژایی مێژووی ئیسلام و موسڵمانان لەم مانگی ڕەمەزانەدا کارەساتی زۆر گەورە، و ڕووداوی زۆر گرنگ ڕوویداوە.. وەك ئەوە قەدەری خوا لە گەڵ ئەم مانگەدا لەبەڵێندا بووبێ..

ئەو ڕووداوانەش هەندێکیان دڵخۆشکەر وشادی هێنەر، هەندسێکیشیان ناخۆش دڵتەزێن..هەندێکیان بەسوود وهەندێکیان زیاندار. بەهەرحاڵ کاتێ ڕۆژووگر لە مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژوو ئەبێبا ئەو ڕووداوانە بزانێ کە لەم مانگە پیرۆزەدا ڕوویان داوە..ئەوانەی شیاوی یادکردنەوەنأ لەگەڵ هاتنی ڕەمەزانا یادیان بکاتەوە، تا ببیتە پەندو ئامۆژگاری و دەرسیان لێ وەربگرێت.. بۆیە بەپێویستمان زانی لاپەڕەی گەشی مێژوومان هەڵبدەینەوە و ئەو ڕوداوانەش بخەینە پێشچاوی خوێنەری بەرێز..

### 1- **هاتنە خوارەوەی وەحی**:

یەکەم ڕووداوێکی گرنگ ومەزن کە لەم مانگە پیرۆزەدا ڕوویداوە هاتنی پێشەنگی کاروانی وەحی بوو بۆ سەرزەوی، و هەڵبژاردنی حەزرەتی موحەممەد بوو  بۆ پێغەمەرایەتی لەلایەن پەروەردگارەوە، هەروەك ڕوونە ئەم ڕووداوەش ئاوەڕۆی مێژووی جیهانی گۆڕی، و ئادەمزادی لە زەلکاوی بەدبەختی ڕزگار کرد..

### 2- **مردنی ئەبوتالیب**:

لە ساڵی دەیەمی پێغەممەرایەتی قەلآی پۆلآین وپشتیوانی دڵسۆزی پێغەممەرﷺ ئەبو تالیبی مامی کۆچی دوایی کرد، و پێغەممەرﷺ زۆر بۆی بەپەرۆش بوو.

### 3-**مردنی حەزرەتی خەدیجە**:

هەر لەم ساڵی دەیەمە و لەمانگی ڕەمەزانا خێزانی بە وەفا و یارمەتیدەر و پشتگیر و خەمخۆر و دڵسۆز ی پێغەممەر حەزرەتی خەدیجە کۆچی دوایی کرد و بۆ هەمیشە مائاوایی لە ژیانی دنیای فانی کرد. پێغەممەر ﷺ زۆر بۆی پەرۆش بوو، هەروەك حەزرەتی عائیشە باسی ئەکات خۆشەویسترین خێزانی پێغەممەر بووە.

### 4-**ڕوودانی جەنگی بەدر**:

لەمانگی ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچیدا لەنێوان موسوڵمانان و هێزی بت پەرستانی قورەیشدا جەنگی بەدری گەورە ڕوویدا، ئەوجەنگەش بووە هۆی سەرکەوتنی بانگەوازی ئیسلامی،و شکاندنی شان و شەوکەتی نەفامی، و بووە هۆی درووستبونی قەوارەیەك بۆ موسوڵمانان..

### 5- **پێویستبوونی سەرفیترە**:

هەر لە ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچیدا سەر فیترە (زەکاتی فیتر) لەسەر موسڵمانان پێویست کرا..

### 6- **هەڕەشەی قوەڕەیشییەکان**:

لەرەمەزانی ساڵی سێیەمی کۆچیدا بت پەرستە تێشکاوەکانی بەدرخۆیان بۆ تۆڵەسەندنەوە لە موسڵمانان ئامادەکرد، موسوڵمانانیش کەوتنە خۆ بۆ پەرچدانەوەی هەر هێرشێکی داهتووی دوژمنانیان، ئەوەبوو لە حەوتی مانگی شەووالی هەمان ساڵدا جەنگی ئوحود ڕوویدا.

### 7- **خەندەق**:

لەرەمەزانی ساڵی پێنجەمی کۆچیدا موسوڵمانان خۆیان بۆ هەڵکەندنی خەندەق بە دەوری شاری مەدینە دا ئامادە کرد، ئەوەبوو لەمانگی شەوالی ئەوساڵەدا شاری مەدینە لەلایەن حیزبە کافرەکانەوە گەمارۆدرا..

### 8- رزگارکردنی مەککە:

لە بیست ویەکەمی مانگی ڕەمەزانی ساڵی هەشتەمی کۆچیدا شاری مەککە و بنکەی بت پەرستی بەدەستی موجاهیدینی سوپای ئیسلام رزگار کراو ئالأی ( لا إله إلا الله ) بەسەر بەرزترین لوتکەی چیا کانیەوە دەشەکایەوە.

### 9- لقە بت شکێنەکان:

لەرەمەزانی هەمان ساڵدا پێغەممەرﷺ چەند لقێکی بۆ رماندن و لە ناوبردنی بتە ناودارەکانی حیجاز بەڕێ کرد.. لقێکی بەسەرۆکایەتی خالیدی کوڕی وەلید بۆ رووخاندنی ئەو بتە گەورەیە نارد کە پێی ئەوترا ( عوززا ). وە عەمری کوڕی عاص و لقەکەی بۆ رووخاندنی ئەو بتە نارد کە پێی ئەوترا: ( سواع ). رووخاندنی (مەنات)یشی بە (سەعدی کوڕی زایدی ئەشهەلی) و لقەکەی سپارد، هەموو لقەکانیش بە سەرکەوتوویی کارەکانیان ئەنجام دا و گەڕانەوە..

### 10- موسوڵمان بوونی خەڵکی تایف:

لەرەمەزانی ساڵی نۆیەمی کۆچیدا نوێنەری خەڵکی تایف هاتن بۆ مەدینەو، لەخزمەت پێغەممەری خوادا موسوڵمان بوونی خۆیان ئاشکرا کرد، ئەو ماوەی کە لەمەدینەدا لەتەك موسوڵمانانادا بوون و بەرۆژووبوون.

### 11- موسوڵمان بوونی پاشای حیمیەر:

هەر لەرەمەزانی ساڵی نۆیەمی کۆچیدا نوێنەری پاشاکانی حیمیەر هات بۆ مەدینە، وئاینی ئیسلامیان وەرگرت، وموسوڵمان بوونی خۆیان ئاشکرا کرد، پێغەممەرﷺ زۆر رێزی لێگرتن و بە نووسەرەکانی خۆی نامەیەکی بۆ نووسین ، ماڤ خۆیا ن و ئەرکی سەرشانیانی بۆ دیاریکردن، ئەو نامەیەش بە یەکێك لەوەسیقە گرنگەکانی مێژووی شارستانیەت دا ئەنرێت..

### 12- موسوڵمان بوونی خەڵکی یەمەن:

لەمانگی رەمەزانی ساڵی دەیەمی کۆچیدا پێغەممەرﷺ لقێك لە هاوەڵەکانی بەسەرۆکایەتی ئیمام عەلی بۆ یەمەن نارد، ئیمام عەلی نامەیەکی لەلایەن پێغەممەرەوە ﷺ پێ بوو بۆ خەڵکی یەمەن، بەتایبەت هۆزی (هەمدان)، ئەو هۆزەش بەتەواوی موسوڵمان بوون، و لەپشتی ئیمام عەلیەوە بەجەماعەت نوێژیان کرد..

### 13- مردنی حەزرەتی فاتیمە:

لەمانگی رەمەزانی ساڵی یانزەی کۆچیدا حەزرەتی فاتیمەی کچی پێغەممەرﷺ و دایکی حەسەن وحوسەین کۆچی دوایی کرد.

### 14- کوژرانی حەزرەتی عەلی:

لەشەوی جومعەی پانزەی رەمەزانی ساڵی چل ی کۆچیدا ئیمام عەلی لەرێی مزگەوتا بریندار کرا و لەحەڤدەی رەمەزانی ئەوساڵەدا کۆچی دوایی کرد، و گیانی پاکی بەرەو بەهەشتی بەرین پەروازی کرد..

### 15- مردنی حەزرەتی عائیشە:

لە رەمەزانی ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا حەزرەتی عائیشەی خیزانی پیغەممەر ﷺ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بەقیع نێژرا.

**16- رزگارکردنی دورگەی روودس:** لە رەمەزانی ساڵی 53 کۆچیدا موسوڵمانان توانییان ( دوورگەی روودس )ی دەریای سپی ناوەراست رزگار بکەن، و ئالای یەکخوا پەرستی بەسەریەوە بشەکێتەوە..

### 17- رزگارکردنی ئەندەلوس:

لەرەمەزانی ساڵی نەوەد ویەکی کۆچیدا سوپای موسوڵمانان لە لێوارەی خوارووی (نیوە دورگەی ئەندەلوس)دا دابەزین، هەر لەو مانگەدا هەندێ ناوچەیان ئازاد کرد.

### 18- سەرکەوتنی تاریقی کوڕی زیاد:

لەرەمەزانی ساڵی نەوەد و دووی کۆچیدا تاریقی کوڕی زیاد لە جەنگێکی سەرو مڕیدا بەسەر سوپای پاشای ملهوڕ و خوێنمژی ناوچەکەدا سەرکەوت، وجەنگەکە یەکلا بووە وە..

### 19- بانگێشەی عەبباسیەکان:

لە مانگی رەمەزانی ساڵی 129ی کۆچی بەسەرکردایەتی ئەبو موسلیمی خۆراسانی بانگێشەی عەبباسیەکان لەخۆراساندا دیاری دا..

### 20- لەناوچوونی ئەمەوییەکان:

لە مانگی رەمەزانی ساڵی 132ی کۆچی دەوڵەتی ئەمەوییەکان تیا چوو، ئەستێرەی بەختیان بە ئاسمانەوە نەماو لاپەڕەی دەسەلاتدارییان بۆ هەمیشە پێچرایەوە، و( ئەبول عەبباسی سەففاح) یەکەم دەسەلاتداری بنەماڵەی عەبباسیەکان لە دیمشقا دەسەلاتی گرتە دەست..

### 21- جامیعول ئەزهەر:

لە رەمەزانی ساڵی 361دا لەشاری قاهیرەی پێتەختی میسرا جامیعول ئەزهەر دروست کرا، بۆ ئەنجامدانی پەرستن و فێربوونی زانست و زانیاری..

### 22- قەڵای قایمی سەفەد:

لە مانگی رەمەزانی ساڵی 584 ی کۆچیدا صەلاحوددینی ئەییوبی چەندان سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، وبەشی زۆری ئەو شارانەی رزگار کرد کە خاچ پەرستەکان داگیریان کردبوو..

دەسەو دایەرەی سوڵتان داوایان لێکرد کە رەمەزانەو پشوویەك بدات، تا زۆر ماندوو نەبێت، بەڵام سوڵتان قایل نەدەبوو لەوە دەترسا بمرێت و خاکی موسوڵمانان لەژێر پێی داگیرکەرانا بناڵێنێ، ورزگار نەبێت..بۆیە پێی وتن: " تەمەن کورتە و ئەجەلیش بەدەست خۆمان نییە" ئەوەبوو لەنیوەی مانگی رەمەزاندا هێرشێکی گەورەی کردە سەریان و قەڵای قایمی (سەفەد)یان رزگار کرد، ولە ژێر چنگی داگیر کەرانا دەریان هێنا، و پشتی خاچ پەرستانیان شکاند..

کاتێ مرۆڤ ئەم حەقیقەتە مێژووییە ئەخوێنێتەوە لە حاڵی ئێستای موسوڵمانان تەریق ئەبێتەوە، کە ئەوکاتە لەچ هەوڵ و تێکۆشانێکا بوون، و ئێستاش لە چ وەزعێکدان!! ئەو سەردەمە چۆن رەمەزانیان کردۆتە مانگی خەبات وتێکۆشان، و ئێستاش لەلایەن بەشێکی زۆری موسڵمانانەوە چۆن کراوەتە مانگی تەمەڵی و بێ بەرهەمی؟!

هیوادارم خوێندنەوەی ئەم حەقیقەتە مێژووییانە هاندەرێکی بەهێزبێ بۆ موسوڵمانان وبیرێ لەرابوردووی زێرینیان بکەنەوەو لەگەڵ وەزعی ئێستایاندا بەراوردی بکەن، و دەردی کوشندەی زەلیلی بدۆزنەوەو چارەسەرێکی حەکیمانەی بۆ بیننەوە..

### 23- عەین جالوت:

لەرەمەزانی ساڵی 658 ی کۆچیدا موسوڵمانانی مەمالیك سوپای بی ئەژماری تەتەریان لە ناوچەی عەین جالووت شکاند، بۆ هەمیشە خێشکەی هێرشی سوپای تەتەریان دوا براو کرد..

بەم خاڵە پیرۆزە کۆتایی بە باسەکەمان دێنین و هیوادارین خوا بیکاتە زەخیرەو توێشووی پاشەرۆژمان و سودیش بە هاوزمانانم بگەیەنێ.

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين.